گڕوگاڵی نووسین

کۆمەڵە ووتار

ئامانج نازم بیجان

گڕۆگاڵی نووسین

کۆمەڵە ووتار

ئامانج نازم بیجان

چاپی یەکەم
٢٠٢٣

ناسنامەی کتێبی

ناوی کتێب: گڕوگاڵی نووسین-کۆمەڵە ووتار
ناوی نووسەر: ئامانج نازم بیجان
بابەت: کۆمەڵە ووتار
دیزاین و بەرگ: فوئاد کەوڵۆسی
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج-سلێمانی
نرخ: (٢٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٢٦٨٣) ی ساڵی (٢٠٢٣) ی پێدراوە

ناوەرۆک

ووتەی بەرایی ٧

مرۆڤ و خوێندنەوە ٩

بەخشینی بڕوانامەکان و نەبوونی ئاستی زانستی ١٧

خۆکوشتن وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ٢٢

لە قسەی کۆمەڵگاوە بۆ کۆمەڵگای قسە ٢٩

کاتێك قەڵەمەکان دەشکێنرێن ٣٣

مەرگەساتی ئەزبەرکردنی دەق ٤١

تۆڕژەری کۆمەڵایەتی ٤٦

ململانێی نەوەکان ٤٩

ئەی مرۆڤ خۆت بە ٥٤

ئەفسانەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە زانکۆدا ٦٤

بەڕێوەبەر یاخود دیکتاتۆر ٦٩

مەرگەساتی جیاوازی ئایدیاکان ٧٦

ڕەهبەران و بڕیاری مێژوو ٨٣

هەموومان هەر مامۆستاین ٨٨

ئەفسانەی سیمبولی مرۆڤە گەورەکان ٩٤

ئەگەر خودا نەبووایە, دەبوو خودایەکمان بۆ خۆمان سازبکردایە ١٠٣

ئەزموونی کورد لە تاراوگەدا ١١٢

مامۆستا و خوولی تاییەت ١٢٢
ڕەنگدانەوەی ڕەنگ لە کۆمەڵگەی کوردیدا ١٢٦
پەروەردە و گۆڕینی سیستەم ١٣٢
ئاوابوونی تراژیدیای بێدەنگی ١٣٥
وەهمی خوێندن و زانست لە زانکۆدا ١٤٠
مامۆستا ناخوێنێتەوە ١٤٦
کاتێك بێدەنگی دەبێتە بەشێکی ستەمکاری ١٤٩
هەڵەکردن وەکو بەشێك لە ژیان ١٥٤
بەهای قەڵەم و دەسەلآت ١٦٣
ڕۆڵی ئافرەت لە میژووودا-لە نێوان بوون و پەراوێزخستندا ١٦٨
سەختی کوردبوون لە تاراوگەدا ١٧٥
تراویلکەی پسپۆڕی ١٨٢
وورده زانکۆ و ڕەهەندە ترسناکەکانی ١٨٦
ئاماژەکانی دەرکەوتنی دادگاکانی پشکنین ١٩٦
خوێندنەوەی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەکان ٢٠١
گەرمیانی ئەمڕۆ لە نیوان تەمەن و جیاکاریدا ٢٠٢
مامۆستایەك لە ڕووسیا بە پلەی نایاب ماجستێر وەردەگرێت ٢٠٤
کوردێك لە ڕووسیا بە پلەی نایاب دکتۆرای لە بواری کوردناسیدا بەدەستهێنا ٢٠٨
ئایا بووم بە دکتۆر ؟ ٢١١

پێشکەشە بە:

نازە گیانی کچم , کە لە سەرەتای قۆناغی فێربوونی نووسین و خوێندندایە

ووتەی بەرایی

نووسین وەکو هەر کرداریکی تری مرۆڤ , زادەی خوێندنەوە و تێڕامانە بۆ دەوروبەر و دیاردە و ڕووداوەکانی ژیان. ئەم پرۆسەیە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دێتە بەرهەم, کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی تری مرۆڤدا, چونکی خوێندنەوە و تێڕامان کە دواجار خۆی لە نووسیندا دەبینێتەوە, بەردەوام لە گۆڕانکاری و گەشەکردندایە.

خوێنەری هێژا, ئەم کۆمەڵە ووتارانە, ژمارەیان (٣٦) بابەتە, دانەیەکیان لێدوانێکی کورتە بۆ ڕیپۆرتاژ, دانەیەکیشیان کورتە ووتارێکە بۆ مانگنامەی (گەرمیانی ئەمڕۆ), دوو دانەشیان بە هۆی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەندەوە ئامادەکراوە, ئەوانی تریش ووتاری هەمەجۆرن, لە کات و شوێن و قۆناغێکی دیاریکراوودا نووسراوون و بلاوکراونەتەوە. کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٦), نوێترینیان هینی ساڵی (٢٠٢١)ە, کاتی خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە ئیلیکترۆنییەکان بلاوکراونەتەوە, چەند دانەیەکیشیان زیاتر لە شوێنێك بلاووبۆتەوە.

هیچ لە خوێنەر ناشارمەوە, کاتی خۆی زۆر دڵم بە بلاوکردنەوەی ئەم ووتار و بابەتانە خۆش بوو, جێگەی شانازییەکی گەورەم بوون, لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەن زۆر کەسەوە دەستخۆشییان لێکردووم. بەڵام ئێستا کە هەندێکیان دەخوێنمەوە, پرسیار لە خۆم دەکەم: ئایا نەدەبوو

قوولّتر بنووسرابان ؟ بەلاّم کاتێك ووتەیەکی (سەعالیبی)م وەبیردێتەوە, لە پرسیارکردنەکەم پەشیمان دەبمەوە. سەعالیبی لە شوێنێکدا دەڵێت: یەکەم شت لاوازیی مرۆڤ دەردەخات، ئەوەیە کاتێك کتێبێك دەنووسێت و شەوێك لای دەمێنێتەوە، بۆ ڕۆژی دواتر حەز دەکات کەم و زیادی تێدا بکات, ئەمە لە شەوێکدا، ئینجا وەرە دەبێت لە چەند ساڵێکدا چی بکات ؟! ئاخر کەم نەبوون ئەو نووسەرە گەورانەی دونیا, کە پاش ماوەیەکی کەم لە بلاّووبوونەوەی نووسین و کتێبەکانیان پەشیمان بوونەوە.

جێگەی باسە, هەر کردار و کارێکی مرۆڤ , چەندە هەوڵی لە پێناوودا بدرێت و خۆماندوو بکرێت, ئەزموونی سەرەتایی وەکو منداڵێکی بچووك لەدایك دەبێت, چونکە منداڵ بۆ ئەوەی فێری قسەکردن بێت, پێویستە بە قۆناغی گڕوگاڵیدا تێپەڕێت, هەر بۆیە لام دروست بوو ناوی ئەم کۆمەڵە ووتارە بنێم (گڕوگاڵی نووسین). بە تێڕوانین و بیرکردنەوەی ئێستام جوانترین و دروستترین ناونیشانە بۆ ئەم نووسینانە, بێگومان ئەگەر لە کاتی بلاّوکردنەوەی ووتارەکان بایە, هەرگیز بەم ناونیشانە قایل نەدەبووم. ئەم ووتارانە کە قۆناغی سەرەتای بیرکردنەوە و نووسینمە, هەموویانم خۆش دەوێت, چونکە ڕێگای گەڕان و تێڕامان و نووسینی تازەتریان پیشاندام لە داهاتوودا, ئومێدەوارم شوێنێك لە هزر و بیرکردنەوەی خوێنەردا بکاتەوە.

ئامانج نازم بیجان
٢٠٢٣/٩/٥

مرۆڤ و خوێندنەوە [1]

ئەو کەسەی ناخوێنێتەوە، حاڵی باشتر نییە لەو کەسەی کە نازانێت بخوێنێتەوە.

(ویڵ ڕۆجەرز)

مرۆڤ بەو پێیەی کە خاوەنی ئەقڵ و بیرکردنەوەیە، تەواو جووداوە لەگەڵ هەموو بوونەوەرەکانی تری سەر ڕووی زەوی، هەر ئەقڵ و ئەندێشەی مرۆڤە وا دەکات هەمیشە حەز و خوولیای بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ژیان بڕواتن، واتە مرۆڤ هەردەم عەوداڵی ئەوەیە کەوا شارەزایی زۆر کۆ بکاتەوە لەمەڕ ژیان و سروشت، بەڵام دەبێت مرۆڤ پەرە بەم غەریزەیەی خۆی بداتن و, نەهێڵێ لە شوێنێکدا قەتیس بمێنێ و دواجاریش بمرێ. ڕەنگبێ نووسین و خوێندنەوەش یەکێك بێت لەو بەرهەمانەی هزری مرۆڤایەتی.

لەم بارەیەشەوە مێژوونووسان دۆزینەوەی نووسین دەگێڕنەوە بۆ دەوروبەری ساڵی (٣٥٠٠) ی پێش زایین یان ساڵی (٣٢٠٠)–(٣١٠٠) ی پێش زایین، کە لە دۆڵی ڕافیدەین–(میسۆپۆتامیا) و دۆڵی نیلدا هەبووە. نووسینیش بریتی بووە لە شێوە نووسینی (مێخی) و (هیرۆگلیفی). زۆر لە مێژوونووسان لایان وایە هەموو چاخەکانی پێش دۆزینەوەی

[1] ئامانج نازم بیجان, مرۆڤ و خوێندنەوە, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٥٨), چاپخانەی کەمال, سلێمانی, ئەیلوولی (٢٠١١), ل٩.

نووسین, به (چاخی پێش مێژوو) دادەنرێ, لە هەندێ سەردەمیشدا مرۆڤ ئەزموون و بەسەرهاتەکانی خۆی لەسەر پێستی ئاژەلاّن تۆمار دەکرد، یاخود بەشێکیان بابەتەکانیان ئەزبەر دەکرد، ئەمەش وای نەکرد لە فەوتان و لە نێوچوون بیانپارێزێ، هەتاوەکو سەدەی (١٥) پازدەی زایینی کەوا چاپخانە داهێنرا و دواتریش کتێب لە دایکبوو. ئیدی لێرە بەدواوە مرۆڤ پەیوەست بوو بە پەرتووکەوە و دەبێت بە هاوڕێی کتێب و خوێندنەوەی کتێب.

شیاووی باسە، ئایینەکانیش بەدەر نەبوونە لە بایەخدان بە زانست و خوێندنەوە، بەتایبەتی هەرسێ ئایینە ئاسمانییە گەورەکان: (ئایینی جوولەکە)–(کتێبی پیرۆز–تەورات)، کە مانای (ڕێنمایی)ی بەخشیووە، (ئایینی مەسیحی)–(کتێبی پیرۆز–ئینجیل)، بە واتای (مزگێنی) دێ، (ئایینی پیرۆزی ئیسلام)–(کتێبی پیرۆز–قورئان)، کە یەکێك لە ناوەکانی قورئانیش (الکتاب)ە واتە پەرتووك، لە هەندێ شوێنیشدا ووتراوە قورئان لە (القرأءة)وە هاتووە واتە خوێندنەوە.

پێغەمبەرانی هەر سێ ئایینەکەش: (موسا), (عیسا), (موحەممەد)–(د.خ) یان لێبێت، لە لایەن خوداوەندەوە ڕەوانەکراون، وەکو پەیامبەرێك ڕێنمایی مرۆڤایەتی بکەن و هەوڵبدەن مرۆڤ لە نەزانینەوە دوور بخەنەوە، کتێبە ئاسمانییەکانیش بە شێوەیەکی ڕاستەوەخۆ و ناڕاستەوەخۆ پەیام و مەبەستیان ئەوەیە کە مرۆڤایەتی هۆشیار و بەئاگا و شارەزا و زانا هتد... بکات و لە ئەفسانە و بێ ئاگایی و نەزانین و دواکەوتوویی دووریان بخاتەوە. بەتایبەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کە لە چەندین ئایەتدا ئەمەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە, وەکو خوای گەورە

دەفەرمێ: ﴿آقرَأ بِٱسمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ﴾-سورەتی (العلق)-(الآية-١)، یاخود هاتووە: ﴿وَقُل رَّبِّ زِدني عِلماً﴾-سورەتی (طه)-(الآية-١١٤).

دەتوانین بڵێین تەواوی کردار و مامەڵە و گووتارەکانی پەیامبەرەکەشی (د.خ) لەسەربێت، بەدەر نەبووە لە بڵاوبوونەوەی زانست و هاندانی مرۆڤایەتی بۆ زانست و خوێندنەوە, بۆ وێنە یەکێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) لێبێت, فەرموویەتی: (طَلَبُ العلمِ فريضةٌ على كلِّ مسلم). نابێت لە یادیشمان بچێت, کە هەر بە تەنها نووسراوەکان تاکە هۆکار نین بۆ خوێندنەوە و وەرگرتنی زانیاری و فێربوونی ئەزموونەکان، بەڵکو هۆکاری تریش لە ئارادایە، ڕەنگبێ مامەڵەکردنی خودی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا گەورەترین هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی کەوا مرۆڤ فێری ئەوە بکاتن کەوا چلۆن سروشت و دەوروبەر و مامەڵەی مرۆڤەکانی تری دەوروبەری بخوێنێتەوە و سوود و ئامۆژگاری و پەندی گەورەیان لێوەربگرێت، یاخود دەکرێ بە بیستن و گێڕانەوەی ڕووداوێك، گەلێك شارەزایی پەیدا بکاتن، یان جاری وەها هەیە مرۆڤ بە بینینی وێنە و دیمەنێك، ئەندێشەی دەهەژێنێ و دونیایەك بیرکردنەوە و خوێندنەوەی داهێنانانەی لێ بەرهەم دەهێنێ, هەر بۆیە چیننییەکانیش لە مێژەوە گووتوویانە: وێنەیەك بە هەزار ووشە دەچێت.

ئەمەش پێمان دەڵێ بەڕاستی خوێندنەوەی جیددی هەموو کەس ناتوانێت ئەنجامی بداتن، چونکی خوێندنەوەش کۆمەڵێ ئەرك و پەیام و ئامانج و بەها و پیرۆزیی تایبەتی خۆی هەیە، هەر مرۆڤێك پابەند نەبێت بە ڕێسا و بەها پایە بەرزەکانی، ئەوە پێی ناووترێت خوێنەر.

ڕەنگبێ دوور نەکەوینەوە لە ڕاستی ئەگەر بڵێین خوێندنەوە بە هەموو کەرەستە و هۆکارەکانییەوە، هەر مرۆڤێك کە ئەنجامی دەداتن یاخود

کاری لەبارەوە دەکات، دەبێت ئامانج و مەبەستی سەرەکی بریتی بێت لەوەی کەوا سوود لە خوێندنەوەی نووسراوەکان ببینێت، کە مەبەست لێی بەهرەمەندبوونە لە ئەزموونەکانی پێش خۆی و, گەڵك لێوەرگرتنیەتی و دواجاریش گۆڕانکاری و چاکسازی لە خودی خوێنەرەکەیە بە ئاڕاستەیەکی باشتر و پێشکەوتووتردا.

ئەوەی تێبینی دەکرێت کاتێك مرۆڤ ئاشنایەتی لەتەك خوێندنەوەدا پەیدا دەکاتن، دەبینی مرۆڤ دەچێتە قۆناغ و دۆخێکی ترەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش هەست بە گەشەکردنی هزری خۆی دەکات و ئەوەی دەیخوێنێتەوە سەراپای پەیوەستە بە ژیانی ڕۆژانەیەوە، دواجار ئاسۆی هزر و بیرکردنەوەیشی ئێجگار فراوان دەبێت و ئەوجا دەبێت بە کەسایەتییەکی تر، کە جوودایە لەوەی جاران، چونکی ئەم مرۆڤە لە ئێستادا ئەو مرۆڤە سادە و بێ ئاگا و ناشارەزا و بێ ئەزموونە نییە، کە جاران گیرۆدەی نەزانین و دواکەوتوویی بوو، بەڵکو ئەم مرۆڤە هەنووکە لە مانا و چەمکە گرنگ و جیاوازەکانی ژیان نزیك بووەتەوە و وێڵی ڕاستی و دروستی ناوەڕۆکی بابەتەکانە نەك ڕووکەشییان. لە هەمان کاتیشدا خاوەنی تێڕامان و بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیەتی، لە بینین و بیستنی هەر ڕووداوێکدا یاخود خوێندنەوەی هەر نووسراوێك یان تەماشاکردنی هەر وێنەیەك، ئیدی ئەم مرۆڤە تێڕوانین و گووتاری جیاواز و تایبەتی خۆی هەیە، چیتر ئەو مرۆڤە نییە کە هەر بابەت و دیاردەیەکی دیتبایە ڕاستەوەخۆ بێ تێگەیشتن لە ناوەڕۆك, بڕیارێکی کرچ و کاڵی ڕووکەشییانەی لە بارەوە دەدا، بەڵکو ئەمجارەیان بە چاووی گوومان و ڕەخنەوە دەڕوانێتە کردار و گووتار و ڕووداوەکانی دەروروبەری خۆی.

زۆر جاریش لەو بابەتانەوە داهێنان و تازەگەری و هەڵهێنجانی لێ بەرهەم دێنێت، چونکی ئەو مرۆڤەی خوێنەری ڕاستەقینە بێت، هەمیشە خوێندنەوەی تری بۆ ڕووداوەکان و دەوروبەری خۆی هەیە و، لە ڕەهەندگەلێکی جیاوازەوە سەیریان دەکات و لێکدانەوەیان بۆ دەکاتن. بێگوومان ئەمەش چێژی تایبەتی خۆی هەیە کە هەرگیز مرۆڤ ناتوانێ بە سەرزار و ووشە گوزارشتیان لێبکات.

مرۆڤ جاری وەها هەیە پەرتووکێك دەخوێنێتەوە، کە تاوتوێی دەکاتن وا هەست دەکات ئەم کتێبە بۆ ئەو نووسراوە، ئیدی ئەوەندەی تر زیاتر دەچێتە ناخییەوە، هەتا وای لێدێتن پاش خوێندنەوەی ئەو هەموو ساڵە و, کاریگەری ئەو نووسەر و بیرمەند و فەیلەسووفانە بەسەر بیرکردنەوەیدا، بۆخۆی کەسایەتییەکی بەهرەمەند و هۆشیاری لێدەردەچێت، کە ئیدی ئەو کەسە بە پەرتووکەوە ئالوودە دەبێت، ئارەزووی ئەوە دەکات شەو و ڕۆژ هەردەم چاوی بە کتێب بکەوێتن. لەم دۆخەشدا مرۆڤ دەگاتە ئەو باوەڕەی کەوا خوێندنەوە بەشێکە لە فەلسەفە و پێداویستییە هەرە گرنگەکانی ژیان و گوزەرانی مرۆڤە هەستیارەکان، هەر وەکو چلۆن پێویستی بە تێرکردنی پێداویستی لاشەیەتی، بەهەمان شێوەش گرنگە ئاگایەکی زۆرباشیشی لە هزر و بیرکردنەوە و ڕۆحی بێت و وێڵی تێرکردنیانی بێت.

ئەگەر مرۆڤ بەردەوام بوو لەمەڕ خوێندنەوە و بەدواداچوون، ئیدی کتێبی لە هەموو بابەتێك لە لای خۆشەویستتر دەبێت و، چێژێکی زۆریشی پێدەبەخشێت بە تایبەتی لە کات و ساتێکدا کە ئەو مرۆڤە کار و کردار و مامەڵەی بەو خوێندنەوەیەی خۆی دەکاتن، یاخود خەڵکانێك لە بەرهەم و نووسین و گووتار و ئامۆژگارییەکانی سوودبەخش و

بەهرەمەند دەبن و, چاوەنۆڕی بابەت و بەرهەمی ئەون، ئەوجا ئەو کەسە بە ڕادەیەک خۆشحاڵ دەبێت، کە مرۆڤ دیسانەوە ناتوانێ گوزارشتی لێبکاتن. چونکی هەستەکات بەری ڕەنجی شەونخوونی خۆی جگە لەوەی بە زایە نەچووە، بەڵکە بووە بە مایەی ڕاژە و ئامۆژگاری و گفتوگۆی دەوروبەر، ئیتر مرۆڤ هەستەکات کەوا بوونی زۆر پێویستە لە کۆمەڵگادا و نەبوونیشی بۆشایی دروست دەکات، هەر ئەمەش وا لەو کەسە دەکاتن کەوا شوێن و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەرزی هەبێت لە نێو کۆمەڵگادا.

چونکی ئەم مرۆڤە هەر بەخۆیندنەوەی کتێبەوە توانیوویەتی لە ماناکانی مرۆڤبوون بگاتن و، لە ڕێگەی خوێندنەوە و تێڕامانەکانییەوە توانیوویەتی مرۆڤانە بژێت و تاڕادەیەکی زۆر باشیش مافی مرۆڤبوونی خۆی بداتن، هەر بۆیە ئەم تاکە دەبێت بە کەسێکی دەستەبژێر و ناوازە، چونکی خەڵکانێ هەیە چاوەنۆڕی چاکسازی و هۆشیاری و بەئاگایی و ڕۆشنفیکری لێدەکەن، نەک کەسانێ کە خەریکی تێکدان و لەباربردنی پاشخانی فیکری و دەساوردە پێشگەوتووەکانی مرۆڤایەتین, هەر بۆیە خودای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا مرۆڤی شارەزا و زانا و ناشارەزا و نازانای وەکو یەک تەماشا نەکردووە, کە دەفەرمێ: ﴿ قُل هَل يَستَوِي ٱلَّذِينَ يَعلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لا يَعلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُوا ٱلأَلبَبِ ﴾–سورەتی (الزمر)–(الآية–٩).

بە ڕاستی مرۆڤ بەبێ خوێندنەوە و بیرکردنەوە، فێری هیچ بابەتێکی ڕاست و سوودبەخش نابێتن بۆ ژیان. تەنانەت پێغەمبەرانیش لە لایەن خودای گەورەوە زانست و زانیارییان پێبەخشراوە، ئەویش لەڕێگەی سروشەوە بووە. ئەگەر تەماشای میللەتانی پێش خۆمانیش بکەین،

بۆمان بەدیار دەکەوێت کەوا زانست و خوێندنەوە چ بەها و گرنگی و ڕۆڵێکی گێڕاوە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا، جاری وەهاش هەبووە لە کۆمەڵگایەکدا، کەسێك یاخود گروپێك گەورەترین کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگادا هێناوە, کە بە ئاقارێکی باشتر و پێشکەوتووتردا کۆمەڵگایان ئاڕاستە کردووە و، توانیوویانە مرۆڤایەتی لە نەزانی و دواکەوتوویی و کۆیلەیی و چەوساندنەوە ڕزگار بکەن، هەموو ئەمانەش کەسی زانستخواز و خوێنەرە جیددییەکانی کۆمەڵگا بوونە, هەر لە ڕێگەی بیرکردنەوە و خامەوە توانیوویانە بەها کۆن و زیانبەخشەکان و دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگە لە ڕیشەوە هەڵبتەکێنن. کەسانی وەکو: (سوقڕات), (ئەفلاتوون), (ئەڕستۆ)، (دانتی), (بترارك), (بۆکاشیو)، (ژان ژاك ڕۆسۆ), (ڤۆڵتێر), (مۆنتسکیۆ)، چەند نموونەیەکن لەو بارەیەوە.

شیاووی باسە، یەکێك لەو بابەتانەی کە بەشێکە لە ژیان و هەمیشە مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا دەکاتن، بوونی (کات) ە لە تەمەنی مرۆڤدا، بەڕاستی کات هەمیشە دەڕوات و لە تەمەنی مرۆڤەکاندا کەم دەکاتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەرك و مافی خۆی هەیە، چ لە ڕووی ئایینی وە چ لە ڕووی مرۆییشەوە. هەندێك کات هەبووە لە ژیانی مرۆڤەکاندا کە بەسەربردنی لەزەتێکی خۆشی هەبووە، کاتیش هەبووە مرۆڤی تووشی نیگەرانی کردووە، چونکی مرۆڤ جاری وا هەیە بە هۆی بارودۆخی ناهەموار و تەنگ و چەڵەمە و کێشە و گرفتی ژیانەوە، لە هەندێك سات و شوێندا، کات و تەمەنی دەبێت بە بار و قورسایی بەسەر شانییەوە, ئەوەتا (سادقی هیدایەت) پێمان دەڵێ: ئەگەر ژیان تێنەدەپەڕی، چەندە تاڵ و ترسناك دەبوو !

بەلأم ئێمە هەمیشە کاتێك سەرقاڵی خوێندنەوە و تێڕامان دەبین، هەردەم بیر و ئەندێشەمان بۆ ئەو پرسیارە ترسناکە دەڕواتن و بەردەوام سەرمان بۆی دەخورێ، باشە ئەگەر پەرتووك و خوێندنەوە و بیرکردنەوە نەبووایە، دەبووایە ئێستا چیمان بەم هەموو تەمەن و کاتە زۆرەوە کردبایە و بەچی بەسەرمان ببردایە ؟! بەڕاستی کات بەسەربردن و شوێنی جوان و پڕ لە یادگاری, هەر بە کتێب و خوێندنەوەوە قەشەنگ و بەلەزەتە.

بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ مافی مرۆڤبوونی خۆی بداتن و تاڕادەیەکی زۆرباشیش لە مامەڵەکردنیدا مرۆڤانە ژیان بگوزەرێنێ و، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەدووربێت لە شەڕ و ڕق و ئاژاوە و وێرانکردن و لەنێوچوون، پێویستە مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکەمان هەندێکیان بە کتێب ئاشنا بکەین و, هەندێکیشیان لەگەڵ پەرتووکدا ئاشتیان بکەینەوە. پێویستە تەواوی کردار و گووتار و مامەڵە و هەڵسوکەوتمان، گەڕانەوە بێت بۆ باوەشی خوێندنەوەی کتێب و بیرکردنەوە و تێڕامانەکانمان.

بەخشینی بڕوانامەکان و نەبوونی ئاستی زانستی [٢]

لە هەموو دونیادا، زانکۆ وەکو ناوەندێکی زانستی و ئەکادیمی، گەورەترین و کاریگەرترین ڕۆڵ دەگێڕێ لە بەرەوپێشچوونی هزری مرۆڤایەتی و ڕەوتی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە بە ئاڕاستەیەکی پێشکەوتووتردا، لە سەرووی هەمووشیانەوە بڕەودانە بە بواری زانستی و ڕۆشنبیری و داهێنان و پێشکەوتن، ئەگەر تێبینی بکەین زۆربەی گۆڕانکارییەکانی وولاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، زیاتر خۆی لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا دەبینێتەوە. مەخابن لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە حوکمی بوونی دەسەلاتێکی ئێجگار گەورە و فراوانی حیزبی تێیدا، زانکۆ وەکو هەر شوێن و جێگایەکی تری ئەم هەرێمە، وای لێهاتووە زۆر دوور بکەوێتەوە لە پەیام و مەبەستی زانستیدا. هەر ئەمەش وایکردووە تەنانەت خەڵکی دەرەوەی زانکۆش بە هەموو خراپەکاری و گەندەڵییەکانی بزانێت.

ئەگەر تێبینی بکەین، زۆربەی ئەو قوتابییانەی کە لە قۆناغی ئامادەییدان، ئەوەندە لە بیری پڕکردنەوەی پەیوەندییە

---

[٢] ئامانج نازم بیجان, بەخشینەوەی بڕوانامە, (ئاوێنە)–ڕۆژنامە, ژمارە (٢٧٩), چاپخانەی ئاوێنە, ڕۆژی سێشەممە– (٢٠١١/٦/١٤), ل٩.

ئامانج نازم بیجان, بەخشینی بڕوانامەکان و نەبوونی ئاستی زانستی, (ڕۆژنامە)–ڕۆژنامە, ژمارە (٦٣٨), سلێمانی, ڕۆژی سێشەممە–(٢٠١١/٦/١٤), ل٢٧.

کۆمەڵایەتییەکاندان, هێندە ڕەهەندی زانستییان لا مەبەست نییە لە زانکۆدا، چونکی زانکۆکانی ئێمە بۆخۆیان ئەوە دەخوازن، ئیدی زۆر تا کەم پەیوەندی بەو خوێندکارانەشەوە نییە.

شیاووی باسە، زانکۆ لە کوردستاندا هەر لە سەرەتاوە نەیتوانیووە خۆی لە دەستی حیزب و دەسەڵاتە فراوانەکەی قووتار بکاتن، هەر ئەم عەقڵییەتە حیزبییەش وایکردووە کەوا چەندین مامۆستا و دکتۆری بێ توانست و بێ بەهرە و بێ داهێنان لەنێو زانکۆدا دابمەزرێنێت، دواجار هەر ئەمانەش بۆ ماوەی چەندین ساڵە ئەرکی پێگەیاندنی نەوەیەکی خوێندەوار و داهێنەر و پێشکەوتووخوازیان پێسپێردراوە ! باشە ئەبێ تاوانی ئێمە چی بێت، کەوا باوکمان شەهید نەبووە ؟!

ئێمە سەیرمان بەو بەرپرسانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تووێژینەوەی زانستی دێت، باشە دەبێ ڕۆژێك لە خۆیان نەپرسن: ئاخۆ لە ماوەی ئەو هەموو ساڵەدا، کە بە لێشاوو لە زانکۆدا خوێندکاران دەردەچن و بڕوانامەی جیاجیایان پێدەبەخشرێ، ئەمانە فێری چی بوون ؟ باشە بەرهەم و داهێنان و لێکۆڵینەوەی دەرچووەکان چی بەسەردا هات ؟ بێگوومان زانکۆ جگە لە دروستکردنی کادیری نەخوێندەوار و بەکارهێن و مووچەخۆر و بازرگان، وابزانم زێدەڕۆیی دەکەین ئەگەر بڵێین بابەتێکی تری وەکو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لێ سەوز دەبێت.

هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرپرسانی زانکۆ، چونکی خودی خۆیان لەو ئاستەدان، بۆیە سیستەم و میتۆدێکی لەو جۆرەشیان داڕشتووە. دەنا لە کوێی دونیادا هەبووە کە زانکۆ جێگەی حەوانەوە و یەکترناسین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و حیزبایەتیکردن و بازرگانیکردن بێت، نەك جێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و

مەعریفی. کارەسات لەم کۆمەڵگەیەدا لەو ساتەوە دەست پێدەکات، کەوا بەرپرسانی زانکۆ لە گەورەیانەوە تا وەکو بچووک، ئەوەندە لە غەمی موماڕەسەکردنی ئایدۆلۆژیا و هزری حیزبی و ڕەهەندی بازرگانیدان، هێندە بایەخ بە کاری زانستی و پەیامی زانکۆ نادەن.

خودایە، دەبێ ڕۆژێك نەیەتە پێشێ و ژیاننامە-(C-V) ی هەندێك لەو مامۆستایانەی زانکۆمان بۆ بەدیار نەخات، کە هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر و دوکتۆران ؟ ئەبێ چ دڵێکمان بە ماجستێر و دوکتۆرایەك خۆش بێت، کەوا بە کۆنمرەی پەنجاوە ئەو بڕوانامەیەی وەرگرتووە. ئەدی دەبێ شەرم و ویژدان لە کوێ بێت، کەوا کەسێك لە تاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزیدا، لە بری خۆی, کەسێکی تری سپاردووە تاقیکردنەوەی بۆ ئەنجام بدات و ئێستاش یەکێکە لە دکتۆرەکانی زانکۆ ! ئەبێ ئەم وولاتە چاوەڕێی چی لەو مامۆستایە بکات کەوا بڕوانامەی ئامادەیی, نمرەی پەنجایە و ئێستاش هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە و بشێ سبەی خەریکی ماجستێریش بێت، ئەمە بێ ئەوەی تەماشای کتێبێکی کردبێت ! باشە دەبێ ئەم مامۆستایە شەرم نەکات ؟ دەبێ هەموو ئەمانە ڕۆژانە ویژدانی خۆیان ئەشکەنجە و ئازاریان نەدات.

نەپرسن: ئێمە بەرهەم و کاریگەرییمان چییە لە گۆمەڵگەدا ؟

ئێمە ماجستێر و دوکتۆرامان هەیە، جگە لە نامەی ماجستێر و تێزی دوکتۆراکەی، تەنها ووتارێکیشی نییە ! هەموو ئەمانەش پێمان دەڵێن کەوا بەدەستهێنانی بڕوانامە، جگە لە ڕەهەندی پلە و پایە و بەدەستهێنانی سەروەت و سامان و بازرگانی، هیچی تری لە پشتەوە نییە.

گەورەترین کارەساتێك کە ئەمڕۆ ڕووی لە کوردستان کردبێت، بەخشین و بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی ئێجگار زۆرە، کە زۆربەی زۆریشیان لە ئاست و توانستی زانستیدا نین. بەڵام لە ئێستادا ڕیتم و شێوازێکی نوێتری وەرگرتووە، ئەویش لە ڕێگەی سەروەت و سامانەوەیە، کە بووە بە مۆدێلێکی زۆر باوو، ئیدی ئەمجارەیان پێویست بە حیزب و توانستیش ناکات، جگە لە پارە و پوول نەبێت ! ئەمەش وامان لێدەکات کە بڵێین بەدەستهێنانی بڕوانامە تەواو بێ بایەخ و بێ ئەرزش بووە، چونکی لەسەر بنەمای توانست و لێهاتوویی نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی دەوڵەمەندییە، لێرەشدا دیسانەوە کەسی خاوەن توانست و کەسی دوور لە توانست و نەخوێندەوار، وەکو یەك تەماشا دەکرێت و یەکسانیش دەبن !

لە هەمووشی کارەساتتر ئەوەیە, ئەو کەسانەی کە توانست و مەرجی زانستییان نییە و خەریکی خوێندنی بالآن، تاکە ئامانجیشیان هەر بە تەنها بەدەستهێنانی سەروەت و سامان و بازرگانیکردنە و هیچی تر. هەر بۆیە دەبینین کەوا بە لێشاوو بڕوانامەی (بەکالۆریۆس), (ماجستێر), (دکتۆرا)، زۆر بە ئاسانی بەدەست دەهێنرێت، بەڵام بێ ناوەڕۆك.

باشە دەبێت ئەم بڕوانامەیە ڕۆژێك نەبێت بە بار بەسەر شانیانەوە ؟! هەر ئەم بێ سەروبەرییەش وامان لێدەکات کەوا لە هەموو ئەو جێگایانە بە گوومان بین و ئەو کەسانەش بخرێنە ژێر پرسیاری زۆر گەورەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەوا پێمان خۆش نەبێت تاکەکانی کۆمەڵگە هەر هەموویان خاوەنی بڕوانامەی بالآ بن، بەڵام گرنگە چەندە ڕێگەخۆش دەکرێت بۆ بەدەستهێنان و بەخشینی بڕوانامەکان، ئەوەندەش پێویستە

فێری خاوەن بڕوانامەکان بکەین، کەوا چۆن ببن بە کەسێکی بەرهەمدار و داهێنەر و خزمەتکاری ئەم نیشتیمانە، نەك هەر ڕەهەندی ئابووری و پلە و پایە و ناوبانگییان هەبێت و, خۆیان وەکو تاکێکی بەکارهێن نیشان بدەن، نەك داهێنەر و خزمەتکەر.

خۆکوشتن وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی [٣]

چەندە ترسناکە ئەو کاتەی کە مەرگ مرۆڤی ناوێت و وەلای دەنێت.

(سادقی هیدایەت)

یەکێك لەو دیاردە ترسناکانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردی، لە ڕاستیدا دیاردەی خۆکوشتنە. ئەم دیاردە دزێوەی نێو کۆمەڵگە چ وەکو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و چ وەکو دیاردەیەکی دەروونی–کۆمەڵایەتی خۆی نیشان دەدات. ئاشکرایە مرۆڤ کە دێتە ئەم ژیانەوە بە ویست و ئارەزووی خۆی نایەت و تەنانەت پرسیشی پێناکرێت، ڕەنگ بێ زێدەڕۆیش نەکەین ئەگەر بڵێین بەشێك لە ژیان و مردنیشی هەر بەدەستی خۆی نییە، بەڵام بەشێکی زۆری مرۆڤ بۆخۆی لە کردار و مامەڵەی ڕۆژانەیدا بەرپرسە، بەو پێیەی کەوا مرۆڤ خاوەنی ئەقڵ و بیرکردنەوەیە. بەڵام نابێت لە یادمان بچێت، زۆرجاران وا هەڵدەکەوێت کەوا مرۆڤ لە کردارەکانیدا زۆر تەبا نییە لەگەڵ بیرکردنەوەیدا، بەڵکو بە دووی حەز و ئارەزوو و سۆزی خۆیدا دەکەوێت، هەر بۆیە دەبینین لەم دۆخەیدا زۆرجار لە کردارەکانیدا تووشی چەندین کێشە و دەرئەنجامی ناجۆر و ناشیاو و سەیر و

---

[٣] ئامانج نازم بیجان, خۆکوشتن وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٥٥), چاپخانەی کەمال, سلێمانی, حوزەیرانی (٢٠١١), ل٣.

سەرسوڕهێنەر دەبێتەوە. ڕەنگبێت خۆکوشتنیش وەکو دیاردەیەک کە مرۆڤ بەرهەمی دێنێت، خۆی لەو بارودۆخەدا ببینێتەوە.

خۆکوشتن چ وەکو باسکردن و چ وەکو بینینی دیاردەکەش، مەترسیدارترین و ترسناکترین دیاردەیە، کە لە میانەیەوە مرۆڤەکان تووشی سەرسامی دەکات و دەیانخاتە بیرکردنەوەیەکی زۆر قوولْ، کە لێوانلێوە لە سەرسوڕمان و هێوربوونەوە و قەتیسبوون. ئەو مرۆڤانەی کە خاوەنی ویژدان و سۆز و هەستی مرۆڤایەتین، ڕەنگبێ بە تەنها سیمایەکی غەمباری و دڵتەنگی مرۆڤێکەوە، ئیدی تووشی نیگەرانی بن و چەندین پرسیاری تڕاژیدییان لەلا گەلاّلە بێت، چ جای مرۆڤێك ببینن کە تووشی ئازار و ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی بێت, یاخود ببینن مرۆڤێك کە بە سروشتیی ژیان بەجێبهێڵێ و بۆ هەمیشە مالّئاواییان لێبکاتن.

باشە دەبێ خۆکوشتنی مرۆڤێك چ دەرگایەکی پڕ لە مەرگەساتییمان بۆ والاّ بکات ؟! چ وێنەیەکی بێنرخی ژیانمان بۆ بنەخشێنێ و چەندە سارد و سڕمان بکاتەوە لە مامەڵەکردنمان لەتەك ژیاندا و چەندین پرسیارمان بۆ دروست بکاتن ! ئەبێ چی وای لەم مرۆڤە کردبێت، ئەوەندە بێئومێد بێت، یاخود کەوتبێتە ژێر چ جۆرە فشارێکەوە ؟! بۆ بەرسڤدانەوەی ئەم پرسیارانەی سەرەوە، دەکرێ بڵێین هۆکارگەلێکی وەکو: (دەروونی), (کۆمەلاّیەتی), (ئابووری), (فەلسەفی), (فیکری) هتد... لە پشتی ئەم دیاردەیەوەن. هەر ئەم فاکتەرانە بوون کە وایانکردووە لەو مرۆڤە نەتوانێ بە ویست و ئارەزووی خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا بکاتن. یاخود دەکرێ بگووترێ ڕەشبینی و نائومێدی و نائارامی و نەبوونی سەبری ئەو مرۆڤەیە، کە ناتەبایە لەگەڵ هاتنی ئەو کۆمەڵە گۆڕانکارییانەی کە

ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە قۆناغێك لە قۆناغەكانی ژیاندا، ناتوانێ مامەڵەیەكی تەندروستانەی لەتەكدا بكات.

چونكی هەروەكو ئاشكرایە مرۆڤ لە جیهانی ئەم سەر زەوییەدا، هەمیشە لە ململانێ دایە لەگەڵ ژیان، جا هەندێك لە مرۆڤەكان وا هەست دەكەن كەوا ئەو ململانێیەی كە دەیكەن، تا ئەو كاتە سەركەوتوو بوونە و لە لایان جوانە, لاشیان وایە لەمە زیاتر بەردەوامبن لەو ململانێیەدا، ئیدی خۆیان وەكو ئەو مرۆڤە نابیننەوە كە دەیانەوێت، بۆیە زۆرجار دەیانەوێ كۆتایی بە ژیانی خۆیان بهێنن.

سەیرە مرۆڤ هەندێك جار كرداری وەها دەخولقێنێ، كە نە لەڕووی مرۆییەوە و نە لەڕووی ئایینیشەوە جێگەی نابێتەوە، كەچی هەر بەرهەمی دێنێ ! ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی خۆكوشتن بدەینەوە، لە چوارچێوەی چینی ڕۆشنبیران و بیرمەندان و فەیلەسووفان, چەندین نموونەی جۆراوجۆرمان چنگ دەكەوێت, بۆ نموونە: (هنریش كلایست) و ژنەكەی (هنریتا ڤۆگڵ)، (ئارتۆركۆستلەر) و خێزانەكەشی (سیثیا) خۆیان كوشت، هەروەها (سیسۆبافیس)، (ئێرنست هەمەنگوای)، (والّتەر بنیامین)، (ستیڤان زڤایج)، (ژاك لەندەن)، (فلادیمیر مایاكۆفسكی)، (ڕۆبین داریۆ)، (سادقی هیدایەت)، (سلیڤا پلات)، (مارلین مۆنرۆ) هتد... ئەمانە و چەندین كەسایەتی جۆراوجۆری ترمان هەیە كە خۆیان كوشتبێت. بۆ نموونە هەندێك لایان وایە (هیتلەر) یش خۆی كوشتووە، لە نێو نەتەوەی كوردیشدا، نموونەمان هەیە، بۆ وێنە (ئەحمەد نالّبەند) ی شاعیری كوردیش بە هەمان شێوە خۆی كوشتووە.

باشە ئەگەر خەڵقێكی سادە لەبەر هەر هۆكارێك خۆیان كوشتبێت، ئەی دەبێ ئەم نووسەر و شاعیر و بیرمەندانە بۆچی خۆیان كوشتبێت، دەبێ

ئەقڵیان لە دەست دابێت، یاخود دەبێت ئێمە لە ئەوان باشتر لە ژیان گەیشتبین و ئەوان بە هەڵەدا چووبن ؟! ئەوەی لە هەموویان زیاتر سەرسامی کردووین، لە ڕاستیدا ژیان و خۆکوشتنەکەی (سادقی هیدایەت) ە. نێوبراوو لە ڕێککەوتی (١٧-٢-١٩٠٣) لە (تاران) لە دایکبووە و لە ڕێککەوتی (٩-٤-١٩٥١) خۆی کوشتووە, کە چیرۆکنووسێکی گەورەی ئێرانییە، ئەو مرۆڤە هەر لە تەمەنی گەنجییەوە عاشقی مەرگ و خۆکوشتن دەبێت، لە چاوپێکەوتنێکیدا باس لەوە دەکات کەوا تەنها مەرگە کە درۆ ناکات و, هەر ئامادەیی مەرگە هەموو ئەفسانەکان لە ناو دەبات.

لە هەندێك شوێنیشدا زۆر بە تامەزرۆوە باس لە مەرگ دەکاتن و دەڵێت: پێم وابوو مەرگ خۆشبەختی و نیعمەتێکە، کە بە ئاسانی نایدەنە کەسێك ! ئەمە جیا لەوەی کەوا خۆکوشتن و مەرگ لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، بە بەردەوامی خەونی پێوە دەدیت، هەر بۆیە دوو جار هەوڵی خۆکوشتن دەداتن. یەکەم هەوڵی ساڵی (١٩٢٨) دەبێت، واتە لە تەمەنی (٢٥) ساڵی دایە، کە خۆی خستۆتە نێو دەریایەکەوە لە دەوروبەری پاریسدا، بەڵام بەلەمەوانێك ڕزگاری دەکات، نێوبراوو لە بری ئەوەی سوپاسی بکات، دەڵێ: بۆ وات کرد ؟! بۆ نەگبەتی ئەم جارەیان ڕزگارم بوو ! وەڵ لە ڕێککەوتی (٩-٤-١٩٥١) دا ڕزگاری نابێت، چونکی لە شوقەکەی خۆیدا لە شەقامی (شامپیونە) ی پاریسدا، خۆی کوشت و بۆ هەمیشە ژیانی بەجێهێشت.

ڕەنگبێت ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاواز بێت، هەروەکو چۆن هۆکارەکانی لە ڕەگەزی نێرینەوە بۆ ڕەگەزی مێینە جیاوازی بەدی دەکرێت. بێگوومان ئەمەش هەلومەرجی شوێن و کات

ڕۆڵی هەیە بۆ پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە, بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کوردیدا تێبینی دەکەین ئافرەتان زیاتر پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، وێڕای ئەو هۆکارانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، بەڵکو سەرچاوەی سەرەکی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێ ناتەندروست و نایەکسانەی کەوا لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا ڕۆژانە لە کۆمەڵگەدا ئەنجامدەدرێت، ئافرەتان لە کۆمەڵگەیەکدا ژیان دەگوزەرێنن کە کۆمەڵگایەکی باوکسالارییە و تێیدا پیاوان فەرمانڕەوایی تەواوی کار و کردەوە و گوتارەکانی کۆمەڵگە دەکەن، هەر ئەو فشار و سانسۆرەیە وایکردووە کە ڕەگەزی مێینە تێیدا نەتوانێت بەرگری لە خۆی بکاتن، هەر بۆیە لە کاتی ئەو فشارانەیدا کەوا پیاوان بۆ ئافرەتان بە کاری دەهێنن، ئافرەتانیش وەکو مرۆڤێك کە دەیانەوێ بەرگری لە خۆیان بکەن و مافی خۆیان وەربگرن، کەچی ڕێگەیان پێنادرێ و سەرکوت دەکرێن، هەر بۆیە زۆر جاران پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، کە وەکو فریادڕەسێك تەماشای دەکەن.

ئەو پیاوانەش کە هەندێ جار پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، بە تێڕوانینی ئێمە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا لەو کاتانەدا مرۆڤ هەست دەکات ئیدی ژیان گوزەراندنی ڕوو لە بێمانایی دەکات، یاخود ژیان بەشێوەیەك ڕەوتی تێدەپەڕێت، کە لە ئاستی بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤەدا نییە، یاخود دەکرێ بگووترێ مرۆڤ لەو دەمانەدا بە ماوەیەکی زۆر کەم, زۆر لە تاقیکردنەوەکانی ژیانی تاقی کردبێتەوە، بە زووترین کات زۆرترین قۆناغی پڕیوە، هەر بۆیە دەگاتە باوەڕێك کە ئیدی هیچ مانایەك نەماوەتەوە بۆ ژیان، بۆیە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات. واتە قۆناغەکانی ژیانی بە سروشتی و بە پێی پێویست تێنەپەڕاندووە، بەڵکو ئەم مرۆڤە

ویستوویەتی بە کەمترین ماوە، لە زۆربەی فەلسەفە و ڕەهەندەکانی ژیان بگات.

سەیر لەوەدایە دیاردەی خۆکوشتن زۆر نامۆیە، بۆ زۆر لە کۆمەڵگاکانی دونیا، ڕەنگبێ زۆر لە مرۆڤەکانیش هەر ئامادەیی ئەوەشیان نەبێت کە گوێ بیستی ئەم جۆرە باس و خواسانە و, بە دیاردەیەکی زۆر مەترسیدار و ترسناك وەسفی بکەن، چونکی لەو ساتەوەختانەدا، مرۆڤەکان دەهەژێنێت و تووشی چەندین پرسیاری گرنگیان دەکات ! وەڵ دەبینین مرۆڤ کاتێك کۆمەڵێك هۆکاری زۆر بەهێز پاڵی پێوە دەنێت، کە تێیدا دەروونی دەڕۆخێنێ و ژیانیشی لا زۆر بێ بەها و بێ مانا دەکات، تێیدا هەست دەکات بەردەوامی ژیان، هیچ ئومێدێکی پێنابەخشێ، ئیدی لەم ساتەوەختانەوە زۆر بە سانایی ئارەزووی ئەوە دەکات، چی زووترە ئەم ژیانە بەجێبهێڵێ !

ڕەنگە دوور نەکەوینەوە لە ڕاستی، ئەگەر بڵێین مرۆڤ لەو کاتانەدا زۆر مامەڵە لەگەڵ ئەقڵ و بیرکردنەوەیدا ناکات، بەڵکو دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو پاڵەپەستۆیەی کە هێرشی بۆ دەکات. لێرەدا پرسیارێك زۆر گرنگە بکرێ: باشە دەبێت تەواوی ئەو مرۆڤانەی خۆیان کوشتووە بێ توانا بوون بەرانبەر بەو کێشە و گرفتە دەروونیانە و نەیانتوانیوە بە سەریدا زاڵبن، یاخود نەخێر بە توانا بوونە بۆ ئەوەی خۆیان بە شکستخواردوو نەبینینەوە بەرانبەر بە ژیان ؟! هەرچۆنێك بێت، دواجار نابێت مرۆڤ بە هیچ شێوەیەك پەنا بۆ خۆکوشتن بەرێت و بە دەستی خۆی ئەم ژیانە بەجێبهێڵێ.

پێشکەشە: بە ڕۆحی پاکی ئەو ئافرەتە میهرەبانەی، کە ماوەیەك پێش مردنی گووتووبووی: خۆزگە لە دونیادا، جیابوونەوە حەرام بووایە و

خۆکوشتن حەڵاڵ بووایە ! بەڵام مەخابن پاش ماوەیەك بە کارەساتی ئاگر و سووتان، ژیانی بۆ هەمیشە بەجێهێشت.

له قسەی کۆمەڵگاوە بۆ کۆمەڵگای قسە [٤]

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەمیشە بێ دەنگی ستەمی بەرهەم هێناوە. بەڵام دەبێت بزانین لە چ کات و شوێنێکدا قسە بۆ بەرانبەر دەکەین. ڕەنگبێت دوور نەکەوینەوە لە ڕاستی ئەگەر بڵێین کۆمەڵگەی کوردی بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تری دونیا, ڕۆژانە زۆرترین قسەی تێدا دەکرێت. وێڕای ئەو نیمچە سەربەخۆییەی لە باشوور هەیە, ئەگەر بەراوردی خۆمان بکەین لەگەل پارچەکانی تری کوردستان, ئەوە زۆرترین نەخوێندەواری و بێ ئاگایی و ناهۆشیاری تێدا ئەبینرێت. بەداخەوە تاکی باشوور جگە لە قسەکردن, زۆربەی بەها مرۆیی و زانستییەکانی تری لەدەستداوە.

ئێوە تۆزێك لەو هات و هاوارە خەیاڵپلاوی و ناڕاستییە دووربکەونەوە و بۆ چەند ساتێك تێبفکرن, بزانن ڕۆژانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیاندن و شەقامی کوردی قسە لە بارەی چییەوە ناکرێت ؟ بوونەوەری وا هەیە هێشتا مێژوو و شوێن و زمان و شێوەزارەکەی خۆی بە باشی نازانێت, دێت قسە لە بارەی بوومەلەرزە و خۆرگیرانەوە دەکات ! پزیشك قسە لەسەر میژوو و زمان دەکات, مامۆستای زمان لە بارەی

---

[٤] ئامانج نازم بیجان, لە قسەی کۆمەڵگاوە بۆ کۆمەڵگای قسە, (سایتی خەندان), ڕێککەوتی (٢٠٢٠/٦/٦).

ئامانج نازم بیجان, لە قسەی کۆمەڵگاوە بۆ کۆمەڵگای قسە, (سایتی زەمەن), ڕێککەوتی (٢٠٢٠/٦/١٥).

کۆڕۆنا و لافاوەوە قسەی هەیە. پسپۆڕی کشتوکاڵ دێت لە بارەی مێژووی کورد و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لێدوان دەدات. لە ڕۆژی لەدایکبوون و مردنی سیاسییەکاندا, بە کۆمەڵ قسەیان هەیە. کەسێك نابینیتەوە لە بارەی ئایین نەدوێت و تەنانەت زۆر جاریش بۆچوونی خۆی نەخاتە ڕوو.

پرسیار ئەوەیە: بەم ڕۆژگارە چی دەووترێت و چی دەنووسرێت و قسەکەر کێیە ؟ ئایا لە خۆمان پرسیووە قسە بۆ کێ دەکەین ؟ بە داخەوە ڕۆژانە کە گوێت لە هەندێك هەواڵ دەبێت, یاخود چەند ووتارێك بە زمانی کوردی دەخوێنیتەوە, جگە لە هەڵەی زمانەوانی کە تووشی ماندووبوونێکی زۆرت دەکات, هیچ زانیارییەکی تێدا ناخوێنیتەوە و تێناگەیت لەوەی کە قسەکەر دەیەوێت بڵێ چی ؟ کۆمەڵگای کوردی بە درێژایی ڕۆژ قسە ئەکات, بەڵام هیچ شتێك ناڵێت !

خودا ڕۆژ ناکاتەوە بەسەر کوردەکانی باشوور ئەگەر زۆرترین قسە لە بارەی ئایین و سیاسەتەوە نەکرێت. کارەسات لەوەدایە قسەکەران بە لایانەوە گرنگ نییە پسپۆڕنین یاخود زانیاری دروستیان لا نییە, گرنگ ئەوەیە قسەیان هەبێت. ئێوە سەرنج بدەن بزانە لە باشوور خەڵکی چەندە سەرقاڵی قسەکردنن لە بارەی وولاتانی دووەدەست و کەسانی تر, بە چەشنێك زۆرجار کێشە بنەڕەتییەکانی خۆمان لەبیردەچێتەوە.

پرسیار ئەوەیە: کێن ئەوانە قسە ئەکەن و چی ئەڵێن ؟ قسەگەلێکی کرچ و کاڵ, قسەی دووبارە و وەرگیراو, قسەی ڕووکەش و بێ ناوەڕۆك, قسەی ناپێویست, قسەی بێ کردار, قسەکەری نەخوێندەوار و بێ ئاگا لەوەی دەگوزەرێ.

ئەم دیاردە ناشارستانی و نازانستییە بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین, کە ئێمە چ نەتەوەیەکی بەجێماوین. زۆرم بەلاوە سەیرە, پۆژانە قسە و پەخنە ئاپاستەی حکومەت دەکرێت, من تێناگەم ئایا ئەم پارتە سیاسییانە لە ئاسمان هاتونەتە خوارێ ؟ ئاشکرایە زۆربەی زۆری کۆمەڵگا لایەنگیر و دەنگدەری ئەم پارتە سیاسییانەن و لە پۆژی هەڵبژاردندا بە جلی کوردییەوە دەڕۆن دەنگی خۆیان دووپات دەکەنەوە و, لە بۆنەکاندا وێنەی سەرکردەی پارتەکەیان بلاّو دەکەنەوە.

بە چەشنێك قسەکردن لە بارەی زۆر لە پسپۆڕی و زانست و بابەتە هەستیارەکان زۆر بووە, لە ئاستی گاڵتەجاڕی و سوکایەتییەوە نزیك بۆتەوە. ئێوە تێبینی بکەن پیاوان و قسەکەرانی ئایینی لە چ ئاستێکدا قسە بۆ کۆمەڵگا دەکەن ؟ ئێوە تۆزێك پشوو بدەن و بڕوانن ئاستی فەرهەنگیی هەندێك وەزیر و بەرپرس و ئەندام پەرلەمان و مامۆستا, بزانن چۆن لێدوان ئەدەن و چ دەنووسن ؟ پێکەنین لەوەدایە, جۆرێك لە نووسەر و پۆشنبیر پەیدابوونە, کوفر و جوێن و قسەی نەشیاوو بە دەوروبەریان ئەبەشنەوە, لاشیان وایە ئەمە بەشێکە لە ڕێبازی سوریالیزم, یاخود گوایە ئەمانەش دژەباوون و لاسایی فەیلەسوف و بیرمەندانی پۆژئاوا دەکەنەوە ! بە ڕادەیەك ئەم دیاردەیە لە نێو کۆمەڵگادا تەشەنەی کردووە, قسەکەری باش و خراپ تێکەڵ بووە. کارەسات لەوەدایە خوێنەر و گوێگری نازانستی زۆر زیاترە.

بە لاتانەوە سەیر نەبێت, پشیلەیەك لەوپەڕی دونیاوە دەتوانێت کۆمەڵگای کوردی لەسەر خۆی بە قسە بێنێت, دڵنیابن شێتێك دەتوانێت بۆ ماوەی چەندین پۆژ کوردەکانی باشوور بە ژن و منداڵانی گەرەکەوە بە خۆیەوە سەرقاڵ بکات, گوومانت لەوە نەبێت وێنەیەك توانای ئەوەی

هەیە بۆ ماوەیەکی دووورودرێژ سەرەنج و هزریی تاکیی کوردی بۆ لای خۆیی ڕابکێشێت ! بەڵام هیچ کارەساتێکی دەرەکی نەیتوانی تاکیی کوردی ڕابچەڵەکێنێت بۆ ئەوەی بیر لە خۆی بکاتەوە, هەروەکو چۆن هیچ مەرگەساتێکی نێوخۆیی نەیتوانی ئێمە بێدار بکاتەوە بۆ ئەوەی غەمێك لە نیشتیمان بخۆین.

بە بۆچوونی من, بەشێك لە ئارامی و خۆشبەختی وولاتانی دونیا, نەبوونی ئەو جۆرەیە لە قسەکردن. لە وولاتە پێشکەوتووەکانی دونیا, تاك پێش ئەوەی قسە لە بارەی دەوروبەری خۆی بکات, خۆی دەگۆڕێت و بەخۆپەروەردە و خۆڕۆشنبیرکردنەوە سەرقاڵ دەبێت, زیاتر قسە لەو بوارەدا دەکات کە پسپۆڕە یان شارەزایی تێدا هەیە, چونکی ئەو کات بواری قسەکردنی دەبێت و ڕەخنەکانی شوێنی دەبێتەوە. ئایا ئێمە لە خۆمان دەپرسین بۆچی قسەکانمان هیچ کاریگەرییەك دروست ناکات ؟ لەبەر ئەوەی هەموومان قسە ئەکەین و نازانین چیمان ئەوێت و بۆ کێ قسە ئەکەین !

مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت قسە لە بارەی هەر بابەتێك بکات, پێویستی بە خوێندنەوە و هۆشیاریی و گۆڕینی جۆری بیرکردنەوەی خۆی هەیە. ئەگەر نیازی ئەوەمان هەیە کۆمەڵگا و جۆری فەرمانڕەوایکردن لە کوردستاندا بە ئاڕاستەیەکی باشتر بەرین, ئەبێت پێش هەموو شتێك خۆمان پەروەردە بکەین و دەست بە قسەوە بگرین. بە ڕاستی بە لای منەوە بێ پەروەردەکردنی تاك, داخوازی ماف و بونیادنانی کۆمەڵگا و چاکسازیی لەسەر زار و دەنگی ئەم قسەکەرانەوە, دەبێتە بەشێکی تری گاڵتەجارییەکانی کۆمەڵگا و لە بری ئەوەی قسەی کۆمەڵگا بکەین, بە پێچەوانەوە کۆمەڵگایەك لە قسە دروست ئەکەین.

کاتێک قەڵەمەکان دەشکێنرێن [٥]

هەندێک جار خەڵکی ئارەزووی ئەوە ناکەن کە گوێیان لە ڕاستی بێت، چونکی نایانەوێت ئەندێشەکانیان تێکبشکێنرێت.

(فردریک نیتشە)

لام وا نییە ئەوەی ئاگاداری مێژووی کۆمەڵگای کوردەواری و دیرۆکی ڕۆشنبیری کوردی بێت, شکاندنی قەڵەمەکان و کوشتنی نووسەرانی پێ سەیر بێت. چونکی دیاردەی کوشتن و تیرۆرکردنی نووسەران و خاوەن قەڵەمەکان، ڕیشەیەکی لە مێژینەی هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا. بێ گەڕانەوەمان بۆ ئەو پێشینەیە و ڕەنگدانەوەی بە نێو کۆمەڵگادا, لام وایە تێگەیشتن لێی ئاسان نەبێت. ڕەنگبێت نموونەی کەسانی وەکو: (شاکیر فەتاح), (عەبدولخالق مەعرووف), (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی), چەند نموونەیەکی دیار بێت لەو بارەیەوە.

پێش هەموو شتێک, هەرگیز باوەڕم بەوە نییە کەسێک بتوانێت نووسەر یان ڕۆشنبیر یاخود خوێنەر بێت، لە هەمان کاتیشدا سەر بە پارتێکی سیاسی بێت. ئەگەر نموونەشمان چنگ بکەوێت، بێ دوو دڵی ئەوە نە ئەو پارتە سیاسییە لە پەیامی خۆی گەیشتووە و نە ئەو ڕۆشنبیرەش لە ئامانجی خوێندنەوە و نووسین تێگەیشتووە.

---

[٥] ئامانج نازم بیجان, کاتێک قەڵەمەکان دەشکێنرێن, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٨٢), کانوونی دووەمی (٢٠١٤), ل٥.

شیاووی باس لێوەکردنە، کۆمەڵگای کوردی هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵگایەك بووە لەسەر هێزی بازوو و توندوتیژی گەشەی کردووە. واتە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگای هێزە و، تا ڕادەیەکی زۆرباش دووری لە هێزی بیرکردنەوە و هێزی ئەقڵانی. ئەگەر سەرەنج بدەین, لە کوردستاندا هەتاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، عەشیرەت و خێڵ و خزم و بنەماڵە ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە نێو کۆمەڵگادا. تێبینی ئەوەش دەکرێت هەموو خێزانێك ئارەزووی ئەوە دەکات کە منداڵی کوڕی زۆر بێت، چونکی لایان وایە ناویان هەڵدەگرێت و, لە کاتی کێشە و گرفتەکاندا بەرگرییان لێدەکات. هەر لە منداڵییەوە ڕایان ئەهێنین لەسەر شەڕ و توندوتیژی.

شایانی باسە، هەتاوەکو ماوەیەکی زۆریش هەر خودی خوێندەواری بۆخۆی بە چاوێکی کەم تەماشا دەکرا, کە بە ڕاستی جێگەی بەزەیی پێهاتنەوەیە ! ئێمە منداڵەکانمان هەر لە منداڵییەوە دەمانچە و خەنجەر و دەبابەیان بۆ ئەکڕین و, لەسەر فیلم کارتۆنی توندوتیژی ڕایان ئەهێنین. کاتێکیش دەخرێنە بەر خوێندن، هەر بە توندوتیژی پەروەردە ئەکرێن.

پێکەنین لەوەدایە لە کوردستاندا ڕەنگە ماڵ نەبێت یەك مامۆستا و خوێندکار و خوێندەوارێکی تێدا نەبێت, شوکور بۆ خوا کوردستان هەر هەمووی بووە بە مامۆستا و خوێندەوار، زانکۆیەکی زۆریش کراوەتەوە. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا پەیامی قوتابخانە و خوێندنگا و زانکۆکان ڕەنگدانەوەی هەبووە بە نێو کۆمەڵگادا ؟ هەموو ئەم هۆکارانەی سەرەوە وا لە تاك ئەکات کە هەموو شتێك لە هێز و بازووی جەستەیی ببینێتەوە.

به باوەڕی ئێمە کۆمەڵگای کوردی هەتاوەکو ئێستاش هەر کۆمەڵگای هێز و بازووی جەستەییە و, نەیتوانیووە ئەو قۆناغە قێزەوەنە تێپەڕێنێت, بۆ ئەوەی هەنگاوو بنێت بەرەو کۆمەڵگایەکی شارستانی و مەدەنی, کە تێیدا هێزی قەڵەم و هزر و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان زاڵ بێت.
زۆر جاران ئەم جۆرە ڕۆحە تووندوتیژە، لە ئاستێك و شوێنێکدا ناوەستێ، بەڵکو پەل دەهاوێت بۆ ژینگە و دەوروبەریش, دەکەوێتە ململانێوە لەگەڵ هەموو شتێکدا، کە وەکو خۆی نەبێت و وەکو خۆی بیرنەکاتەوە. بۆ وێنە باوەڕ ناکەم هیچ کەس لە ئێمە هەتاوەکو هەنووکە بیری لەوە کردبێتەوە کە ئایا ئێمە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵەکاندا ئەکەین ؟ سەیر لەوەدایە ئەم سیفەتە دڕەندەییەی خۆمان گواستۆتەوە بۆ نێو ژیانی ئاژەڵان و ڕووەکەکانیش.
بنواڕە چەندە ئارەزووی ئەوە ئەکەین ئاژەڵ بکوژین، چەندە لەزەت لەوە وەرئەگرین کە شەڕەکەڵەشێر و شەڕەسەگ ببینین ؟ کەم کەس لە ئێمە هەیە یادگاری دووردرێژی نەبێت لەگەڵ کوشتنی چۆلەکە و کۆتر. ئێستاشی لەگەڵدا بێت کەم کەس هەیە سەگێك یان گوێدرێژێك یاخود پشیلەیەك ببینێت و چەند بەردێکی تێ نەگرێت ! ڕۆژانە بە چاوی خۆمان ئەبینین، کە ڕاوچییەکان چ بەو ئاژەڵ و پەلەوەرانە دەکەن.
بە ڕاستی یەکێك لەو شتانەی کە زۆر خۆشحاڵم ئەکات لە تاراوگەدا، دۆستایەتییە لەگەڵ ئاژەڵ و پەلەوەرەکاندا, چونکی لە تاراوگەدا کۆترەکان لێمان ناترسن، بەڵکو دێن لە نێو دەستماندا نان و خۆراك دەخۆن، لە تاراوگەدا بە بەرد لە پشیلە و سەگەکان نادرێت، بەڵکو لێرەدا باوەشیان بۆ دەکەنەوە و خۆراکیان بۆ ئامادە دەکەن. لام وایە تاکی ڕۆژهەلاتی بە شێوەیەکی گشتی و تاکی کوردی بە شێوەیەکی تایبەتی،

گەلێك جودایە لەگەڵ کەسێتی تاکی ئەوروپی و شوێنەکانی تری دونیا. هەرگیز لە یادم ناچێتەوە، جارێکیان لە نێو ئۆتۆمبیلێکدا بووین لە هەولێرەوە دەگەڕاینەوە بەرەو گەرمیان, مانگی ڕەمەزانی پیرۆزیش بوو, ئیدی ئەوەندەم زانی کۆترێك یاخود گوختییەك بوو، هات بە ڕووی ئوتۆمبیلەکەدا و ڕاستەوەخۆ کردی بەژێرەوە و پەڕە جوانەکانی بەرز بوویەوە و گیانی لە دەستدا. ئیدی ڕاستەوەخۆ ئافرەتێك قیژاندی و هاواری کرد و ووتی: ئێوە چ بێ بەزەیین، ئێوە مرۆڤیش بکوژن بە لاتانەوە ئاساییە. بە لای زۆربەمانەوە ئاسایی بوو, بەڵام ئەو هەڵوێستەی ئەو ئافرەتەم لە لا سەیر بوو ! ئیدی کە قسەم لەگەڵیدا کرد، دیار بوو ئەو ئافرەتە هەستدارە، زیاتر لە پازدە ساڵە لە ئەوروپادا ئەژێت. جارێکی تریش هەر لە مانگی ڕەمەزاندا بوو، لەسەر هەمان ڕێگا، شۆفێرەکەمان سەگێکی کرد بەژێرەوە و سەگەکەش هەر هاواری دەکرد، کابرای شۆفێریش زۆر بێ باکانە بۆی دەرچوو، وەك ئەوەی هیچ شتێك ڕووی نەدابێت !

بە ڕاستی ئەم چەند نموونەیە هەر ئاوەها شتی ئاسایی نین و مرۆڤ بەسەریاندا تێپەڕێت, بەڵکو لێرەوە تۆ دەتوانیت کەسێتی تاکی کۆمەڵگاکەت بخوێنیتەوە و, بە باشی تێبگەیت کە ئێمە چەندە چێژ لە ئازاری ئاژەڵ و ڕووەك و دواجار مرۆڤەکانیش دەبینین. بە باوەڕی من هەر ئەم ڕۆحە درەندەییەیە کە دواجار شۆڕ ئەبێتەوە و گەشە ئەکات, هەتا ئەو کاتەی کە ئیدی بەرانبەر بە مرۆڤیش بێ باکانە ئەنجامی ئەدەین. ئەوە مامەڵە و هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ڕووەکدا هەر باس ناکرێت، بڕۆین بە لای هەر داریکدا، دەبێت لقێکی هەر لێ بکەینەوە.

زۆر بە داخەوە هیزی بازوو و تووندوتیژی خۆی خزاندۆتە نێو پارتە سیاسییەکانیش, دەکرێت بڵێین ئەوانیش تا ڕادەیەکی زۆر باش خاڵیین لە هێزی بیرکردنەوە و هێزی قەڵەم. ئەگەر سەرەنج بدەین, ئەو کەسەی کە تۆزێك لە هێزی بیرکردنەوەوە نزیك بێت و خاوەن قەڵەم بێت و، دوور بێت لە هێزی بازوو و خێڵ و عەشیرەت، دەبینین هەمیشە پشتگوێ دەخرێت, کە بە باوەڕی من ئا لێرەوە کێشەکە سەرهەڵدەدات. جا ئەم هێزەی کە هەژموونی هەیە بەسەر کۆمەڵگادا، باوەڕی بە هیچ شتێك نییە جگە لە تووندوتیژی و کوشتن و خوێن ڕشتن. هەر بۆیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو کورتە باسەی سەرەوەدا، بۆمان بە دیار دەکەوێت کە ئێمەی کورد و کۆمەڵگای کوردەواری، کۆمەڵگای هیز و بازووین. هەتاوەکو هەنووکەش نەك هەر نەمانتوانیووە نزیك بینەوە لە کۆمەڵگای شارستانی و مەدەنی و هزری و ئەقلاّنی، بەڵکو هەمیشە و بەردەوام کار لەسەر ئەوە دەکەین کەوا چلۆن ئەو دەنگەی کە جار و بار ئەیەوێت پەیڤێك بڵێت، بیخنکێنین و بیکوژین. هەمیشە شمشێرمان بە دەستەوەیە و بە هەردوو چاومان دەڕوانینە ئەو قەڵەم و پەیڤانەی کە ئازارمان ئەدات, بۆیە بێباکین لە شکاندنی قەڵەم و کوشتنی خاوەنەکانیان.

لام وایە کوشتنی: (سۆرانی مامە حەمە), (د. عەبدولستار تاهیر شەریف), (سەردەشت عوسمان), (کاوە گەرمیانی)یش هەر درێژکراوەی ڕۆحی مرۆڤە گەورە و خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکانی پێش خۆیانن. هەندێك جار هەرچەند بیر لەو مرۆڤانە دەکەمەوە کە خوێنی خەڵك دەڕێژن و ژیان لە قەڵەم بەدەستەکان دەستێنن و جەرگی دایکان دەسوتێنن و منداڵی ساوا هەتیوو ئەکەن و ژنان بێوەژن ئەخەن، وەختە ئەقڵ لەدەست بدەم و, نکۆڵی لە هەموو بەها مرۆییەکانی خۆم بکەم بە

کوردبوونیشمەوە. ئاخر ئاسان نییە بە چاوی خۆت ببینیت مرۆڤ تا ئەو ئاستە خۆویست بێت، کە هەرگیز پێی قبوولْ نەبێت کەسێك پێی بڵێت: لە سەرووی چاوانتەوە برۆ هەیە.

خوێنڕێژەکان و پیاوکوژەکان پێیان خۆش نییە هیچ کەسێك قسەیان لە بارەوە بکاتن، چونکی لایان وایە هەر کەسێك پەیقێك لە بارەیانەوە بڵێت، ئەوە وویژدانیان لێیان قبوولْ ناکات و ئەبێت بیکوژن و تیرۆری بکەن, بۆ ئەوەی خەونەکانیان لێ نەشێوێنن ! باشە ئەپرسم: ئەدی هەست و سۆز و وویژدانیان دواجار لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکات ؟ ئەبێت لەو دادگاییکردنەدا, مرۆڤکوژەکان چۆن بەرگری لە خۆیان بکەن ؟! بریا زانییبام ئەوەی مرۆڤ دەکوژێت، وویژدان و دەروون و هەست و سۆزی چی پێ دەڵێت و چلۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکاتن ؟!

بۆیە لەبەر تیشکی تێگەیشتنی ئێمە بۆ کۆمەڵگای کوردی و هەر خودی ڕەفتاری تاکەکان تێیدا, پێمان ئەڵێت ئەبێت گوومان بخرێتە سەر تەواوی ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی کە ناکوژرێن و خوێنیان ناڕژێنرێت، ئەبێت لەو نووسەرانە بترسین کە سووکایەتییان پێ ناکرێت و ناخرێنە زیندانەکان، پێویستە لەو ڕۆشنبیرانە بتۆقین کە کتێبخانەکانیان ناسووتێنرێت. ئەمە هەر بۆ ئەم کات و ساتە ترسناك و هەستیارەی ئێستای کوردستان ڕاست نییە، بەڵکو زێدەڕەوێی ناکەین ئەگەر بڵێین ئەم بۆچوون و بیرکردنەوەی ئێمە بۆ تەواوی سەردەم و ساتەوەختەکان ڕاست و دروستە.

ڕەنگە ئەو کەسانەی ئاگاداری مێژووی فیکر و فەلسەفە بن بە باشی لە مەبەستم تێبگەن, چونکی بە درێژایی دیرۆکی مرۆڤایەتی, تەواوی فەیلەسووفان و نووسەران و زاناکان و شاعیرە گەورەکانی دونیا، هەرگیز

به ئاسوودەیی نەژیاون. ئەوانەی بوونە سووتەمەنی شۆڕش و ڕاپەڕینە مەزنەکانی دونیا و, ئەو مرۆڤە پایەبەرزانەی کە ژیانی خۆیان بۆ خۆشبەختی مرۆڤایەتی بەخت کرد، هەرگیز شەوانە بێ غەم نەدەخەوتن, بەڵکو ئەوانیش بە هۆی ووتار و هەڵوێست و کتێبێکیانەوە، هەر ڕۆژەو لە شوێنێکدا ژیانیان دەگوزەراند. بۆیە دەکرێت بڵێین جێگەی گوومانە پێمان وابێت ڕۆشنبیر لە کوردستاندا هەبێت و دوور لە کێشە و گرفت شەوانە سەربنێتەوە, یاخود بە واتایەکی تر، زۆر ئەستەمە بتوانیت لە کوردستان بیت و, لە هەمان کاتدا ڕۆشنبیر و نووسەر و قەڵەمبەدەست بیت.

ئەی هاوار خودایە، ئەمە چ پەڵە و تانەیەکی جەرگبڕە, پەروەردگارە، ئەمە چ ئاماژەیەکی ترسناك و تۆقێنەرە کە تۆ هەموو هێزی خۆت لە بیر و هزر و خامەکەتدا ببینیت و, هەر لەوێشەوە بڕوانیتە ژیان و جوانییەکانی، کەچی کەسانێك ڕووبەڕووت ئەبنەوە، کە نەك هەر دۆستی ئەو پەیامە جوانانە نیین، بەڵکو دژن خوێنت دەڕێژن و بێباکانە ئەسوڕێنەوە ! ئای چەندە نیگەران ئەبم کاتێك خەریکە ڕەشبینی تەواوی هزر و جەستەم داگیر ئەکات و, تروسکاییەك نابینمەوە بۆ ئەوەی بەرەو گەشبینی ڕامبکێشێت. ئیتر تەواو, با هیچ تاکێکی کورد باسی مافی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراتیم بۆ نەکات، ئەمانە تا ئەو کاتە بوونیان هەبوو کە پیاوە مەزنەکان لە دونیادا دەژیان، هەر لەگەڵ نەمانی ئەواندا هەموو بەهایەکی مرۆیی ئیدی بۆ دواجار مردن و بۆ هەمیشەیی سەفەریان کرد.

سەیرە، ئەو مرۆڤە گەورە و پایەبەرزانەی کە هەتا لە ژیاندا بوون، هەموو ڕۆژێك بە بەهانەیەکەوە هەڕەشە و گوڕەشەیان لێدەکرا و سووکایەتییان

پێ دەکرا، نەیاندەوێرا شەوێك بەبێ ترس سەربنێنەوە, وەلێ کاتێك دەکوژرێن و تیرۆر ئەکرێن، هەر کەسێك لە لایەن خۆیەوە پاکانە و بەیاننامەی خۆی بلاوئەکاتەوە، لام وایە تەنها خانەوادە سەربەرزەکانیان و دایکە جەرگسووتاوەکانیان و منداڵە هەتیووەکانیان و خێزانە قوربەسەرەکانیان و باوکە داماوەکانیان ماوە پاکانە و بەیاننامە بلاوبکەنەوە، بۆ ئەوەی بە کۆمەڵگا و مرۆڤکوژەکان بڵێن ئێمەش نەمانکوشتووە ئەی خەڵکینە !

بە داخەوە, بۆ خۆم هەرگیز باوەڕم بەوە نییە کە ئەم دیاردەی تیرۆر و قەڵەم شکاندنە هەروا بە ئاسانی کۆتایی پێبێت, چونکی وەکو ووتم ئەم دیاردە ترسناکە ڕیشەی داکووتاوە. بۆیە پێویستی بەهێزێکی گەورە و کاتێکی باش هەیە، بۆ ئەوەی کە لە بنەوەڕا هەڵتەکێنرێت.

ئەی زەمەن، لە چ ساتەوەختێکدا کۆمەڵگای کوردی ئیدی بۆ دواجار قەڵەم ناشکێنێت و دەبێت بە دۆستی خامە و نووسین ؟ ئەی خودایە، خوێنی چەند قەڵەمی تری وەکو: (سۆران), (سەردەشت), (کاوە) ی تری دەوێت ؟ بۆ ئەوەی ببین بە کۆمەڵگایەکی شارستانی و ئەقلاڵنی, کە ئیتر باوەش بە نووسین و خوێندنەوەدا بکەین و فێری ڕەخنە و گفتوگۆ بین ؟! ئەی هاوار، چەندە سەختە کەسێك لە شوێنێکدا ژیان بگوزەرێنێت، کە لە کۆمەڵگاکەیدا هەموو شتێك هەبێت، جگە لە مرۆڤبوون و بەهای مرۆڤ !

بۆیە دەکرێت بووترێت لە هەر ساتەوەختێکدا، لە هەر کۆمەڵگایەکدا کاتێك قەڵەمەکان نەیانتوانی پەیڤێك بنووسن لە ترسی ئەوەی نەبادا قەڵەمشکێنێك بێت و قەڵەمەکانیان بشکێنێت، بێگوومان لەو کات و ساتەدا ئیدی مرۆڤەکان لە مرۆڤبوون دەخرێن و، زۆر بێ مانایە ئەگەر قسەیەکت بۆ ووتن هەبێت.

مەرگەساتی ئەزبەرکردنی دەق [٦]

دوور ناکەوینەوە لە ڕاستی ئەگەر بڵێین مێژووی ئەزبەرکردن–(لەبەرکردن)ی مرۆڤ بۆ نووسراوو و دەقەکان، دیرۆکێکی زۆر کۆنی هەیە. بە تێڕوانینی ئێمە بەشێکی بۆ پیرۆزی دەقە ئاینییەکان و گرنگی ئەزبەرکردنیان دەگەڕێتەوە، زۆرجاران ئامانج لێی پاراستنی بووە لە فەوتان و لەنێوچوون، بەشەکەی تریشی خولیایی نەتەوەکان بووە بۆ پاڕاستنی دابونەریت و کولتووری خۆیان، ڕەنگبێ تاکە پاڵنەریش بۆ ئەم کرداڕە، بگەڕێتەوە بۆ نەبوون و کەمی هۆیەکانی پاڕاستنی ئەو دوو بواڕە.

هەر بۆیە دەبینین لە ئێستاشدا خەڵقی وەها هەیە کەوا بە سەدەها دێڕی شیعری لەبەرە، یاخود تەواوی قورئانی پیرۆزی ئەزبەر کردووە، یان چەندین هەزار فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) لێبێت دەرخ کردووە. ئەمە تاڕادەیەکی زۆرباش نابێتە جێگەی کێشە و گرفت، چونکی مرۆڤ هەر لە مێژەوە ئایینی لەلا پیرۆز بووە، دەکرێ بڵێین ئەم کارە تاڕادەیەکی زۆرباشیش تەبایە لەگەڵ ئایینە ئاسمانییەکاندا، چونکی مرۆڤ نابێت بۆچوون و ڕەخنەی هەبێت لەمەڕ ئایینەوە، بەڵکو ئایین زیاتر پابەندبوونە، نابێت مرۆڤ دەستکاری و گۆڕانکاری تێدا بکات.

---

[٦] ئامانج نازم بیجان, مەرگەساتی ئەزبەرکردنی دەق, (ڕۆژنامە)–ڕۆژنامە, ژمارە (٦٤٤), سلێمانی, ڕۆژی سێشەممە–(٢٠١١/٧/٢٦), ل٢٦.

مەخابن لە سەدەی بیست و یەکدا، سیستەمی خوێندن و پەروەردەی کوردستان، هەتاوەکو هەنووکەش کار بەو سیستەمە دەکات. وەڵ سەیر لەوەدایە ئەم پرسە لە هەموو سەردەمە جیاجیاکاندا کاری پێکراوە و تەنانەت لە سەردەمی بە ناو (سیستەمی نوێی خوێندن) یشەوە، کەسیش نەیتوانیووە گۆڕینێك یاخود جێگرەوەیەکی بۆ دابنێ، ڕەنگبێ لای هەندێ بەڕپرسیش گفتوگۆکردن لەو بارەیەوە وەکو بابەتێکی قەدەغەکراوو تەماشا بکرێ.

کارەساتی ئەم سیستەمە لەوەدایە لە یەك قۆناغی خوێندندا نییە، بەڵکو لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندندا بوونی هەیە. خوێندکار لەو ڕۆژەی کە دەخرێتە بەر خوێندن هەتاوەکو ئەو کاتەی خوێندن تەواو دەکات و دەردەچێت بە بڕوانامەیەکی قەبە و بێ ناوەڕۆکەوە، هەموو ئیش و کارێکی بریتی دەبێت لە دەرخکردن، بۆی نییە تاکە ووشەیەکیش بەدەر لەو بابەتانە بدرکێنێ، چونکی ئەگەر خوێندکار کردارێکی وەها ئەنجام بدات، ئەوە لەو بابەت و قۆناغەدا دەرناچێت و سەرکەوتوو نابێت و، بە تەمپەڵ و تەوەزەلیش ناوزەد دەکرێ لەلایەن مامۆستا و هاوپۆلەکانییەوە.

لە هەندێ کات و شوێنیشدا مامۆستا بە هێزی دار ویستوویەتی ئەم پڕۆسەیە سەربخات ! ئێستاش لە یادمە لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندییدا، مامۆستامان هەبووە داری لەسەر لاشە و سەری هاپۆلەکەم تێکشاندووە، یاخود قەڵەمی لە بەینی پەنجەکانیدا وورد و خاش کردووە، یان سەری خوێندکاریان شکاندووە ! تەواوی ئەم کرداره نامرۆییانەش لە پێناوی سەرخستنی پڕۆسەی ئەزبەرکردنی دەق و نووسراوێکی کرچ و کاڵ بووە.

ئەمە لەکاتێکدا بووە کە تەواوی بەرپرسان بیریان لەوە نەکردۆتەوە داخۆ بەم کارەیان چ جۆرە پێگەیاندن و ڕاڤەیەك ئەنجامدەدەن بۆ نەوەی دواڕۆژ ؟ نەشیان زانیووە ئەم سیستەمە ئەوەندە زیانبەخش و پڕ لە کارەساتە، هێندە بایەخدار و سوودبەخش نییە. چونکی نەك هەر خوێندەوار بەڵکو نەخوێندەوار و نابیناکانیش دەتوانن ئەم کردارە ئەنجامبدەن و لە زۆر ڕووەوە لە خوێندکارانیش باشتر دەبن، هەیانە حافیزی قورئانە، یاخود بە هەزارەها بەیتی شیعر و پەندی پێشینانی لەبەرە بێ ئەوەی ڕۆژێك قوتابخانەیشی دیبێت.

شیاووی باسە، لە سایەی ئەم سیستەمە کوشندەیەدا بە دەیان خوێندکار لە شوێن و سەردەمە جیاجیاکاندا وازیان لە خوێندن هێناوە، یان لە ترسی دەرنەچوون لە پۆلی سێیەمی ناوەندی و شەشی ئامادەییدا پەنای بردۆتە بەر خۆکوشتن. ئەوی جێگەی تێڕامانە، لە قۆناغی شەشەمی ئامادەییدا ئەم کردارە گەلێك قووڕستر دەبێتەوە، چونکی بابەتەکان گەلێك زۆر دەبن، نابێت لە یادیشمان بچێت تاکە ئامانجی خوێندکاریش تەنها نمرە هێنانە بۆ زانکۆ و هیچی تر. چونکی هەر سیستەمی ئەزبەرکردنە چارەنووس و دواڕۆژی ئەم خوێندکارە دەستنیشان دەکات.

ئەو لەبەرکردنەش تەنها بۆ ئەو ماوەیەیە و پاش وچانێك هەر هەمووی لە یاد دەچێتەوە، بێ ئەوەی سوودێکی لێوەرگرتبێ، چونکی ئەم تەنها کاری تووتی ئاسا بووە، بۆخۆی هیچ قسەیەکی نەبووە و، ڕێگەشی پێنادرێت هیچ قسان بکات. ئاخر ئەمە دۆخی سیستەمی نوێی پەروەردە و خوێندنە لە کوردستاندا، بۆیە نەوە لە دوای نەوەی نەخوێندەوار و بێ داهێنان بەرهەمدێنێت. تا وای لێدەکات تەنانەت داڕشتنیش ئەزبەر

بکات، لەوەش سەیرتر یەک (داڕشتنی گشتی) بۆ هەموویان بەکار دەهێنێ !

لە تاقیکردنەوەیەکی پۆلی شەشەمی ئامادەیی، پرسیاری ئەوەیان لێدەکردم ئایە مەبەست لە (أجب عن فرعين) چییە ؟ زۆر بەلامەوە سەیر بوو، بەڵام دواتر تەماشا دەکەم لە قۆناغەکانی تردا, قوتابی (أجب عن فرعين) و هاوشێوەیی خستۆتە نێو پۆشاییەکانەوە، زۆر نەمابوو ببوریمەوە لە پێکەنین.

ئێمە پەیمانگا و زانکۆکانیشمان تەواو خاڵین لە بیرکردنەوە و گفتوگۆ و شیکردنەوە و پرسیارکردن. سەرەتا وادەزانی ئەم پرسە لە زانکۆدا مەرگی هاتووە، وەڵێ تەماشا دەکەی هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت، جگە لە قەبەکردنی ناو و بچووککردنەوەی ناوەڕۆک. بەڵام یەک جیاوازی هەیە لە قۆناغی ئامادەییدا، خوێندکار پەرتووکی دەرخ دەکرد، بەڵام لە زانکۆدا دەبێ مەلزەمەی چوار–پێنج لاپەڕەیی ئەزبەر بکەیت. دواتر گەلێک ئاسایی دەبێتەوە لە لات، چونکی تەماشا دەکەی زۆر لە مامۆستاکانیش وانەکەیان لەبەرکردووە, هەر بۆیە ڕێگە بە هیچ پرسیارێک نادرێ کە تۆزێک دوور بێت لەبابەتەکەوە.

زۆربەی خوێندکارە یەکەمەکانی سەر ئاستی زانکۆ و کۆلیج و بەشەکانیش، جگە لەدەرخکردن، تەنها پەرتووکێکیان نەبینیوە یاخود بەشداری یەک گفتوگۆ یان تاکە پرسیارێکیان نەکردووە لە پۆلدا. خوێندکار هەبووە تەنانەت نووکتەی دکتۆرەکانیشی لە مەلزەمەکەیدا تۆمار دەکرد !

ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت بە گاڵتەجاڕی کە خوێندکار زانکۆ تەواو دەکات، تەماشا دەکەی هیچ لە هەگبەیدا نییە، تەنانەت لەکاتی

(تەتبیقکردن)دا ناتوانێ نیو کاتژمێر قسان بکات. هاوڕێیەکم یەکەمی بەشەکەی خۆی بوو، بەڵام خۆی باوەڕی بەوە نەبوو بچێ ماجستێر بخوێنێ، چونکی دەیگووت: من هیچ زمانێ نازانم جگە لە کوردی، بۆ چی جێگەیەك داگیر بکەم ؟! هەستیشی دەکرد شتێکی وای پێ نییە.
وەلێ خوێندکار هەیە باوەڕی بە ئەزبەرکردن نییە، کەچی خاوەن بیرکردنەوە و گووتاری تایبەتی خۆیەتی. ئەمە گەواهیمان بۆ دەدات کەوا خوێندکار تەنها وانەکان لەبەر دەکا، بێ ئەوەی لێیان تێبگات. خودایە، ئەمە مەعریفەتی سیستەمی پەروەردە و فێربوون و خوێندنە لە مەملەکەتی ئێمەدا.
بۆ ئەوەی خوێندکار لە کۆت و پێوەندی ئەزبەرکردن ڕزگاری بێت و، چیتر کارێك نەکاتن کە تێیدا توانا و بەهرەکانی بکوژێت، پێویستە کار لەمەڕ خوێندنەوە و تێگەیشتن و فێربوون و گفتوگۆ و دەربڕینی ڕا و بۆچوونەکانی بکرێ و، ڕابهێنرێن لەمەڕ نووسین و لێکۆڵینەوە و پێشنیار و دەرخستنی بەهرە و داهێنان و گووتاری تایبەتی خۆیان، نەك هەموو تەمەنیان لە ڕێگەی ئەزبەرکردنی زادەی بیر و هزری خەڵکی ترەوە بەسەر بەرن.

تۆێژەری کۆمەڵایەتی [٧]

گەورەترین کارەسات و کوشندەترین نەخۆشی کە تووشی کۆمەڵگا و تەواوی دام و دەزگاکانی بووەتەوە، بە بۆچوونی ئێمە خۆی لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە، لە لایەك لاسایکردنەوەی ڕووکەشییانەی وولاتانی پێشکەوتووە، لە لایەکی تریشەوە بڕیاردان و ئیشکردنە لە بارەی کار و کردارێکەوە، وەڵ پێشتر هیچ زەمینەسازی و خوێندنەوەیەکی گوونجاوی بۆ نەکراوە.

ڕەنگبێ پرسی تۆێژەر نموونەیەکی بچووك بێت لەو بارەیەوە. کە ئەرکی سەرپەرەشتیکردن و لێکۆڵینەوە و چارەسەری کێشەکانی نێوان مامۆستا و خوێندکارە. بە باوەڕی ئێمە ئەگەر تۆێژەران بەم جۆرە کردارانە هەستن، ئەوە گەورەترین دەستکەوت بەدەستدەهێنن بۆ پڕۆسەی پەروەردە و خوێندن. بەڵام مەخابن نە کردارەکان وەکو خۆی دەڕوات و نە سروشتی تاکەکانی کۆمەڵگەش لەگەڵیدا تەبایە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، تۆێژەران هەر لە سەرەتاوە کار و کردەوەکانیان دەبێتە مایەی نیگەرانی لای زۆر لە مامۆستایان و تەنانەت خوێندکارانیش، چونکی لە پاش دەرچوونیان، ڕاستەوەخۆ دەبن بە تۆێژەر، ئەمە بێ ئەوەی خوولێك یاخود ڕاهێنانێك ببینێ لەو بارەیەوە، یان چەند ساڵێك بە ئەزموونی مامۆستاییدا تێنەپەڕیووە، دەبێ ڕێنمایی

---

[٧] ئامانج نازم بیجان, تۆێژەری کۆمەڵایەتی, (ئاوێنە)–ڕۆژنامە, ژمارە (٣٣٧), ڕۆژی سێشەممە–(٢٠١٢/٧/٣١), ل١٦.

و ئامۆژگاری مامۆستایەك بكات، كە هەندێ جار زیاد لە بیست ساڵە ئەزموونی هەیە لەو بوارەدا ! زۆر جاریش مامۆستای بەتەمەن هەیە, ئەوەی پێ پەسەند نییە گەنجێك بێت ئامۆژگاری بكات.

شیاووی باسە، زۆرینەی جار تۆێژەران پۆڵی ناوبژیوان دەبینن لە كاتی كێشەی نێوان مامۆستا و خوێندكاراندا، یان چارەسەر و دەرمانێكی كاتی بەكاردەهێنن بۆ كێشە و نەخۆشییەكی درێژخایان. جگە لەمەش، بە شێوەیەكی گشتی تۆێژەر وا نیشاندراوە كەوا پارێزگاری لە خوێندكاران دەكات.

بە باوەڕی ئێمە، گەورەترین كێشەیەك كە ڕۆژانە تووشی تۆێژەر دەبێت، ئەوەیە كەم تا زۆر مامۆستا و تەنانەت كارگێڕیش پەیوەندییەكی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ تۆێژەراندا، چەندین جار فەرمان دەردەكەن بێ گەڕانەوە بۆ تۆێژەر و زۆرجاریش خۆیان كێشەكە بەلایەكدا دەخەن. هەر بۆیە زۆر لە تۆێژەران هەر لە سەرەتای دەست بەكاربوونیانەوە هەست بە كەم دەسەلاّتی خۆیان دەكەن و دەزانن كە ناتوانن ڕێ و شوێنی پێویست بگرنەبەر، لە هەمان كاتیشدا بڕیارێكی ئەوتۆیان لەبەردەستدا نییە، ئەمەش وا دەكات زۆرجار نەتوانن لە كاری ڕۆژانەی خۆیاندا سەركەوتوو بن.

چەندین جار لەگەڵ چەند تۆێژەرێكدا گفتوگۆمان كردووە لەو بارەیەوە، یەكێكیان دەیگووت: چەند جارێك بە دوای چارەسەركردنی كێشەكاندا گەڕاووم، زۆرجاریش ڕاپۆرتم ئامادە كردووە، كەچی هەر گاڵتەمان پێدەكەن و كەس گوێمان لێناگرێ، بۆیە منیش بڕیارمداوە چیتر كارەكانم بە جیددی وەرنەگرم ! بە داخەوە لە كۆمەڵگە و سیستەمێكدا دەژین، كە ئامڕازی (نا) لە فەرهەنگماندا بوونی نییە. بۆ نموونە ئەگەر بە

دەرچوویەکی زانکۆ بڵێی کاکە دەبی بە وەزیری پەروەردە ؟ بێگوومان ڕاستەوەخۆ (بەڵێ) ی بۆ دەکات و, بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ ! بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە ئاست و توانستی ئەم, لەو شوێنەدا لاوازە، یان بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەم وولاتە کێشەی شوێن و ڕووکەشی نییە، بەڵکو نەخۆشیی ناوەڕۆك و کارکردنی هەیە.

ئەم کەم دەسەلاتی و نەبوونی هەژموونی تۆڕەرە، وایکردووە کەوا لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆ نەبینین کە شایانی باسکردن بێت. باشە کێشەی خوێندکارێك یاخود مامۆستایەك چۆن چارەسەر دەکرێت ؟ خۆ نابێت تۆ هەر قسەی بۆ بکەی، یاخود تەنها لەو کاتەدا کپی بکەیتەوە، بەڵکو دەبێت تۆ گرنتی چاکبوون و چارەسەر و دەرئەنجامی کارەکەشم پێنیشان بدەی, ئەگەر نا، تۆڕەر ڕۆڵی مامۆستایەکی سەرکەوتوویش نابینێت.

لەم دۆخەی ئێستاش, زۆر لە مامۆستایان لەگەڵ تۆڕەراندا پەیوەندییان باش نییە، هەندێ لە خوێندکارانیش بێ هیوا بوونە لە قسە و بەڵێنی تۆڕەران، هەندێکیشیان لێرە و لەوێ چ بە نووسین و چ بە بەسەر زار ڕەخنە دەگرن. هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تۆڕەر دەبێت سەنگ و هەژموون و بڕیار و سەرئەنجامی کارەکانیان نیشان بدرێ. چونکی هەتاوەکو هەنووکەش نەمان بینی بە هۆی لێپێچینەوەی تۆڕەرێك، مامۆستایەك بە هۆی کەمتەرخەمییەوە سزا درابێت، یاخود بە هۆی ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی تۆڕەران بە شێوەیەکی گشتی، خوێندکار هەڵسوکەوتی گۆڕا بێت لەگەڵ مامۆستاکەیدا. باشە کوا دەرئەنجامی ئەم هەموو گفتوگۆیانەی کە ڕۆژانە دەکرێ ؟ ئەی کوا چارەنووسی ئەو هەموو ڕاپۆرتانەی کە ئامادە دەکرێ ؟

ململانێی نەوەکان [٨]

سەیر نییە کە بگووترێ مرۆڤ بۆ خۆی هەمیشە لە ململانێدایە لەگەڵ ژیاندا، هەر لە مێژەوە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کەوا جگە لەوەی خۆی ئاشنا بکات بە نهێنی دەوروبەر، بەڵکو هەوڵی ئەوەشی داوە کەوا بەسەریاندا زاڵ بێت و بتوانێ گەورەترین سوودیان لێوەربگرێ, ڕەنگبێ مێژوویش گەواهی ئەو دەساوردە مرۆییانەمان بۆ بدات.

بە تێڕوانینی ئێمە بەشێکی زۆری ئەم دەستکەوتانە, سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا مرۆڤ خاوەنی ئەقڵ و بیرکردنەوەیە، بەڵام نابێت لە یادیشمان بچێت ئەم بەخشینە خوداییەی کە تایبەتە بە مرۆڤ و، لەمیانەیەوە مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر جوودا دەکاتەوە، چەندە بەهادارە بگرە ئەوەندەش بەرپرسیارێتییە لەسەر شانی مرۆڤەکان، کەوا چۆن مامەڵەی لە تەکدا دەکەن ؟ هەر فەرمانی ئەقڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە وایکردووە کەوا ژیان لە شوێنێکدا قەتیس نەمێنێت و هەمیشە لە گەشەکردندا بێت.

لێرەدا گرنگە بپرسین داخۆ ململانێی نەوەکان چۆن دروست دەبێت و لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت ؟ بەرسڤی ئێمە بۆ ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ یەك سەرچاوەی زۆر گرنگ، ئەویش هاتنی شەپۆلی پێشکەوتن و گەشەکردن و گۆڕینی دیاردە و ڕووداوەکانە، کە ئەویش لە میانەی

[٨] ئامانج نازم بیجان, ململانێی نەوەکان, (ڕۆژنامە)–ڕۆژنامە, ژمارە (٦٣٠), سلێمانی, ڕۆژی سێشەممە (٢٠١١/٤/١٩), ل٢٣.

مامەڵەی مرۆڤە لەگەڵ دەروروبەردا، یاخود جاری واش هەیە گۆڕانکارییەکانی سروشت و کەش و ئاو و هەوایە، کە دواجار دەبێتە هۆی گۆڕینی سروشت و تەنانەت ڕەفتاری مرۆڤەکانیش، جا ئەم گۆڕانکارییانە کە بەپێی هەل و مەرجی شوێن و کات دروست دەبێت، بۆ خۆی لە بنەڕەتەوە سروشتییە و زۆریش ئاساییە، دەکرێ بڵێین ئەمە بەشێکە لە فەلسەفەی ژیان.

مەخابن بە لای هەندێك کەسەوە جێگەی باوەڕکردن و پەسەندکردن نییە و بگرە دژایەتیشی دەکات, بەڵام لە زۆرینەی کاتیشدا مرۆڤەکان ناتوانن ڕێگربن لە گەیشتن و هاتنی ئەو شەپۆلەی کە کۆمەڵێك گۆڕین بە دووی خۆیدا دەهێنێت. دەگێڕنەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، لە یەمەن کەسایەتییەك بە نێوی (ئیمام یەحیا حەمیدەدین)ەوە ژیاوە، کە هەوڵی ئەوەی داوە کەوا وولاتەکەی لە شارستانییەتی نوێ دابڕێنێ، نەیهێشتووە هیچ شتێك بێتە وولاتەکەی، مەگەر هەندێ ئیش و کاری دیاریکراو نەبێت کە خۆی بە باشی زانیوە, پێشی وابووە شارستانییەتی نوێ پڕە لە تاوان و خراپە، کە ئاکار و باوەڕ گەندەڵ دەکات، ئەرکی ئایینی خۆیەتی کە زاڵبێت بەرسەریدا و لەمپەر بێت لە نێوان وولاتەکەی و تەشەنەکردنی شارستانییەت بۆ نێوی.

جا کۆمەڵگەی کوردیش وەکو باقی کۆمەڵگاکانی تری دونیا، بەدەر نییە لە پرسی ململانێی نەوەکان، بگرە تەواوی بوارەکانیشی تەنیووەتەوە. ئێمە ئێستاش بە خوێندکارەکانی خۆمان کە هەنووکە بوون بە مامۆستا و دکتۆر و پارێزەر و ئەندازیار، هەر بە ناوی خۆیان بانگیان دەکەین، زۆر جاران چاومان بەرایی تواناکانیشیان نادات. بەڵام هەموو ئەم

کردارانه وا ناکات ووتەکەی (ئەڕستۆ)ی فەیلەسووفمان لەیاد ببایتەوە، کە دەڵێ : ڕاستی لە لای من، لە ئەفلاتوونی مامۆستام پیرۆزترە.

کارەسات لەم ساتەوەختانەدا لەوێوە دەستپێدەکات، نموونەی ئەم مرۆڤانە لایان وایە تەنها و تەنها هەر خۆیان توانای گەشەکردن و پێشکەوتن و خزمەتکردن و تێپەڕاندنی قۆناغەکانی ژیانیان هەیە و بۆ کەسی تر نییە. ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین پرسی نێوبراوو خۆی خزاندۆتە نێو بواری ڕامیاریشەوە و، بە تەواوی باڵی بەسەردا کێشاوە و ئەمڕۆ زۆرترین مشتومڕیش هەڵدەگرێ، چونکی بەشێك لە نەبوونی دەستاودەستکردنی دەسەلاتی کوردی، بە باوەڕی ئێمە ڕەهەندی ململانێی نەوەکانی لە پشتەوەیە.

ڕاستە کۆمەڵێك مرۆڤی قارەمان کە بە ڕاستی پێشمەرگە بوون بۆ نیشتیمان و، پێویستە ژیاننامەیان بە جوانترین پێنووس و بە ئەمەك و ویژدانەوە بنووسرێتەوە، نابێت هیچ لەوانە لە لاپەڕە درەوشاوەکانی میژووی کورددا فەرامۆش بکرێن، تەنانەت خودی کۆمەڵگەش قوربانیگەلێکی بەخشیووە لەو پێناوەدا. بەڵام ئێستا نەوەیەکی نوێ لە دایکبووە، کە نەوەی پاش ڕاپەڕینە, نەوەی سەردەمی مۆدێرنەیە، نەوەیەك کە لە بچووکترین داهێنانەوە تا گەورەترینیان ئاشنایە، نەوەیەك کە ئەوڕۆ دەنگ و گووتاری هەیە. لە دڵسۆزیشەوە دەیەوێ بە تیۆری و پراکتیکی پشکدار بێ لە دروستکردنی مۆدێلێکی سیاسی نوێ، کە لەگەڵ کات و شوێنی ئێستای گۆمەڵگەدا بگونجێ, هەست ناکرێ بەم مافەمان بمانەوێ گۆمەڵگە و ئەزموونەکەشی بشێوێنین، بەڵکو دەمانەوێت وەکو مرۆڤەکانی دەوروبەرمان ژیان بگوزەرێنین و لە کاروانی ئەو گۆڕانکارییانەدا بێبەش نەبین.

نابێت سەیر بێت بەلامانەوە، چونکی ئەم دیاردانە لە هەموو کاتێکدا بوونی هەبووە لە نێو کۆمەڵگە جیاجیاکانی دونیادا, بۆ وێنە (مارتن لۆتەر) کە ماوەیەکی زۆر لە نێو ئایینی مەسیحیدا ژیا، بەڵام پاش ماوەیەك لە بیرکردنەوە و تێڕامانە جیاوازەکانی و بارودۆخی ئەو کات وای خواست کەوا خۆی جودا بکاتەوە لە کەنیسەی ئەو کاتە، ئەوە بوو مەزهەبێکی نوێی هێنایە کایەوە بە نێوی (پڕۆتستانت), کە دواتر هەزارەها تۆمەت و کرداری ناشرین و نامرۆییانەیان دایە پاڵ خۆی و هەڵگرانی ئەو بیروباوەڕە نوێیە ! لە پاڵ ئەم کرداڕە جوامێرانەشدا، وامان لێناکات کەوا زوڵم و ستەمکاری و نەبوونی یەکسانی و کوشتن و بڕینی دیکتاتۆرەکانمان لە یاد بچێ. ئەم جۆرە بیرکردنەوە و کردارانەیان پێمان دەڵێت دۆگمابوون وەکو دیاردەیەك ڕۆژانە خۆی نمایش دەکات و، لەو لاشەوە بانگی قۆرخکردن دەدرێتە گوێمان.

ئەمڕۆ دەبینین کەوا دەسەلآت ڕۆڵ دەگێڕێ بۆ دروستبوونی پرسی نێوبراوو، چونکی بۆخۆی ڕێگە نادات بە هیچ شێوەیەك فەرمانڕەوایی ڕادەستی نەوەی نوێ بکات، یاخود گوێ لە دەنگەکانیان بگرێ، دواجاریش ململانێیەکی ناتەندروست لە تەواوی بوارەکاندا دەخولقێنێ. جا بۆیە گرنگە چ دەسەلآت و چ کۆمەڵگەش، خۆی لەگەڵ کەش و ئاو و هەوای ئەم سەردەمەدا بگونجێنێ و، لەڕوانگەی ئەم سەردەمەشەوە بیربکاتەوە و ئاگاداری جیهان بێت کە چ دەگوزەرێ !

نابێت لاشمان وابێت کە هاتنی هەموو دیاردەیەکی نوێ لێوانلێوە لە خراپە، یاخود پێچەوانەکەی، بەڵکو دەبێت بە باشی تەماشای کرۆکی بکەین و، بیخەینە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە, پاشان بە تێڕوانینێکی مرۆڤدۆستی و نیشتیمانپەروەرییەوە بڕیاری لە بارەوە بدەین, نەك

ڕاستەوەخۆ بڕیاری خراپەکاری بەسەردا بدەین و، هەموو ڕابردوو یان تەمەندرێژی بکەین بە پێوەرێك بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئێستا و, هەنووکەش لە دونیای پڕ لە گۆڕانکاری و پێشکەوتن و گەشەکردوودا, هیچ ئاگادار نەبین و پشکداری پێشکەوتنەکانی نەکەین.

ئەی مرۆڤ خۆت بە [٩]

کەس لەو کەسە داماوتر نییە، کە هەوڵی ئەوە دەدا کەسێك بێت جیاواز لە کەسێتیی خۆی، لە ڕووی جەستەوە بێت یان لە ڕووی عەقڵەوە.
(ئەنگلیلیۆ)

ڕەنگبێ هەر لە سەرەتاوە خوێنەر بپرسێت: ئەی من ئەگەر خۆم نیم ؟ ئەی کێم ؟ لە ڕاستیدا ئێمە لێرەدا قسەمان لە بارەی مرۆڤ و بەراوردکردنی نییە لەگەڵ سروشت و دەوروبەردا، بەڵکو سەرەنجی ئێمە لەمەڕ پەیوەندی نێوان ناخ و خوود و کەسێتی مرۆڤە لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا دەبینرێت. ڕاستە ئێمە هەموومان وەکو یەك مرۆڤین و، بە شێوازێکی ڕێك و باش دروستکراوین، وەکو خودای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت: ﴿لَقَد خَلَقنَا ٱلإِنسَنَ فِي أحسَنِ تَقوِيمٍ﴾–(سورة التين)–(الاية–٤). بەڵام لە یادمان نەچێت چ لە ڕووی جەستەییەوە و چ لە ڕووی دەروونییەوە بێت، ئێمە هەموومان لە یەکتر جیاوازین، واتە مرۆڤێك لە مرۆڤێکی تر ناچێت ئەگەرچی نزیکیشبن لە یەکتر.

مرۆڤی چاخەکانی کۆنیش هەرگیز بیرکردنەوە و تێڕوانینیان وەکو ئێمە نەبووە، هەروەکو چۆن ئێمەش هەنووکە وەکو ئەوان ناڕوانینە

---

[٩] ئامانج نازم بیجان, ئەی مرۆڤ خۆت بە, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٦٥), چاپخانەی کەمال, ئابی (٢٠١٢), ل٦.

ژیان. بوونی ئەو هەموو جیاکارییانەی نێو لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتیش، گەواهی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەدەن. بێگوومان ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری شوێن و کات و ژینگەی کۆمەڵایەتی قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤ , چونکی مرۆڤ هەر چییەك بێت دواجار زادەی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی. دەکرێ بگووترێت بوونی جیاوازییەکانیش بەشێکە لە فەلسەفەی ژیان.

شیاووی باس لێوەکردنە، پرسی مرۆڤ و گەڕان بە دووی خۆیدا، بابەتێکە زۆرجاران دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا هەندێ لە بیر و هزری مرۆڤە ژیر و هەستیارەکان بوورووژێنێ، لە لایەکی تریشەوە بە کێشە و دەردێکی کوشندەی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بزانن. بە باوەڕی ئێمە ئەم پرسە زیاتر خۆی لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتدا دەبینێتەوە، ڕەنگبێ وولاتی عێراق بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتیش کوردستان پشکی شێری بەر بکەوێت لەو بارەیەوە. بە بیرکردنەوەی ئێمە بوونی ئەم کێشەیە و هەژموونە گەورەکەی بە نێو کۆمەڵگادا، دەگەڕێتەوە بۆ خاڵێکی زۆر گرنگ، ئەویش لایەنی ڕامیاری و جوگرافی ناوچەکەیە.

بەو پێیەی عێراق بە دریژایی مێژووی خۆی گەلێك شەڕ و کاولکاری تێدا کراوە و، خوێنێکی زۆریشی تێدا ڕژاوە و تووشی داگیرکاری بووە لە لایەن دوژمن و دەوڵەتە زلهێز و شەڕخواز و بەرژەوەندخوازەکانی دونیاوە. هەروەها کوردستانی خۆمانیش وەکو مێژوو بۆمانی دەگێڕێتەوە، بارودۆخێکی ئێجگار خراپی هەبووە. لەوانەیە هەر ئەمەش وایکردبێت کەوا تاکەکانی کۆمەڵگە تاڕادەیەکی دیار دەستبەرداری خۆیان بن و چاو لە فەرهەنگ و دابونەریتی داگیرکەران و وولاتە پێشکەوتووەکانی دونیا بکەن.

هۆکاری ئەم داگیرکردنەش بێگوومان دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی کەسێتی تاك و بوونی پێگەی جوگرافی و ستراتیژی و بەپیتی خاکی ئەم ناوچەیە، ئەگینا وابزانم هیچ وولاتێك لە دڵسۆزییەوە نەهاتووە بۆ ئێرە. لەم کورتە باسەوە ئەوەمان بۆ بەدیاردەکەوێت کەوا چ وولاتی عێراق و چ کوردستانی خۆمانیش، لە ڕووی فەرمانڕەوایی ڕامیارییەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ژێر هەژموون و دەسەلاتی داگیرکەران بووە. تەنانەت ئەو سەرکردانەی کە زادەی کۆمەڵگاکەش بوونە, لە چاو داگیرکەراندا زۆر باشتر نەبوونە, بۆ وێنە سەرکردەیەکی وەکو (سەددام حوسێن) لە ماوەی فەرمانڕەوایدا کارێکی وەهای کرد کە زۆربەی کۆمەڵگە خۆیان وەکو ئەو یاخود پارتەکەی نیشانبدەن و بانگەشەی بۆ بکەن، بە ئەندازەیەك خوود و کەسێتی مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگەی بۆ خۆی بەدەستهێنابوو، تەنانەت تاکەکانی کۆمەڵگا لە بیرکردنەوە و ناخ و خەونەکانیشیاندا دەترسان لەوەی ئەگەر جارێك پرسی خراپ و دژ بەو پارتە بێت بە مێشکیاندا، نەبادا پێی بزانن و تووشی ڕۆژی ڕەشی خۆی بێت و بیکەن بە پەندی زەمانە.

کەواتە تاکەکانی کۆمەڵگا جگە لە زیانەکانی جەنگ و کاولکارییەکانی، بەڵکو لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتیشەوە تووشی چەندین گرفت و نەخۆشی بوونە، کە ڕەنگبێ پرسی بزربوون و نەناسینی خوود و کەسێتی تاکەکانی کۆمەڵگا یەکێك بێت لەو دەرئەنجامە تراژیدیایانە. وێڕای هەموو ئەمانەش, ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە تەنانەت سەرکردە و ڕەهبەرانی ئێستای کوردیش هەتاوەکو ئەو کاتەی کە لە شاخ بوون خۆیان دۆزیبوویەوە، بەڵام هەر کە هاتنە نێو شار و کۆمەڵگا، ئیدی ئەمانیش خۆیان بزر کرد و کەسێتی

خۆیان لە دەستدا، کە بریتی بوو لە پەیامێکی ئێجگار گەورە و پیرۆز، کە ئەویش خەباتکردن بوو لە پێناو ئازادی نیشتیمان و تاکەکانی کۆمەڵگا، گەورەیی و جوانی ئەوانیش لەوەدا بوو کە ئامادەبوون گیانە پایەبەرز و پاکەکەیان لەو پێناوەدا بەخت بکەن، بەڵام مەخابن لە قۆناغەکانی داهاتوویاندا ئەم پەیامە مرۆییە بێگەرد و قەشەنگە، بە سیمای هیچییانەوە دیار نەمابوو.

بریا ئەمانیش خەبات و خۆدۆزینەوەی کەسێتییان بەردەوامبووایە و جاروبار سوودیان لە پەیام و ڕەفتار و کردارەکانی کەسێکی وەکو (غاندی) وەربگردایە، کە ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ژیانی ئەو پیاوە گەورەیەدا، ئەوەیە کە هەمیشە هەوڵیداوە چ خۆی و چ کۆمەڵگاکەشی خۆیان بن، وەکو ئەوەی کە هەن وەها نیشانی داگیرکەری بدەن، نەک ئەوان بە ڕزگارکەر و خۆتیش بە دۆست نیشانبدەی.

لێرەدا فرە گرنگە بپرسین: هۆکاری بزربوون و خۆدۆزینەوەی مرۆڤ چییە ؟ مەخابن ئێمە کۆمەڵگایەکین لە زۆرینەی چاخەکانی مێژوودا خۆمان نەبووین، چونکی داگیرکراوین هەر بۆیە نەمانتوانیوە خۆمان بەڕێوەبەرین. لێرەدا ووتەیەکی (کارڵ مارکس)مان–(١٨١٨–١٨٨٢) ی زایین وەبیر دێنێتەوە کە دەیگووت: ئەوانە ناتوانن نوێنەرایەتی خۆیان بکەن، بەڵکو دەبێت نوێنەرایەتی بکرێن. بێگوومان ئامانجی داگیرکەرانیش ڕوون و ئاشکرایە.

مەرگەسات لەوێوە سەروەدەر دەنێت کە دەبێت تاك بە پێی ویستی دەسەلاّتی ڕامیاری ڕەفتار بکات نەك ئەوەی کە ناخ و دەروونی ئارەزووی دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاکەکان ترسیان لێبنیشێت ئەگەر خۆیان دەربخەن. ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە کوردستاندا دەسەلاّت

گەورەترین ڕۆڵی هەبووە لە کوشتنی کەسێتی و خوودیی مرۆڤەکان بە تایبەتی لە کات و ساتی هەڵبژاردنەکاندا. خاڵێکیش کە جێگەی بایەخە بۆ خۆدۆزینەوەی مرۆڤ , لە ڕاستیدا بوونی گەشت و گەڕانە بە نێو کۆمەڵگەکانی تری دونیادا، واتە پێویستە مرۆڤ هەندێ جار بگەڕێت, چونکی کۆمەڵگایەک ئەگەر پڕ بوو لە گەندەڵی, زۆر ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت خۆی بە دوور بگرێت و خۆیی تێدا بدۆزێتەوە. بەڵام ئەگەر گەڕا و گەشتیکرد ئەوە دەتوانێ سەرەتا خۆی بە تەواوی خاوێن بکاتەوە، دواجار زیاتر خراپەکارییەکانی کۆمەڵگاکەی بۆی بەدیاردەکەوێت، دەکرێ بە ئاسانیش بەشێک لە چارەسەریش بدۆزێتەوە.

لێرەدا دەپرسین: ئایە ئێمە بە پێی ناخ و دەروون و هەستەکانمان کار و کردارەکانمان بەڕێدەکەین یاخود ڕەفتارەکانی ڕۆژانەمان زادە و هەڵقوواڵاوی ناخ و دەروونی خۆمانە ؟ سەرەتا دەبێت بزانین هەر مرۆڤێک لە کۆمەڵگادا خاوەن کۆمەڵێک سیفەت و خەسڵەتی تایبەت بە خۆیەتی، بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارەی سەرەوەش دەبێ نەخێر بکەین، چونکی بەداخەوە گەورەترین کارەسات و نەخۆشییەک کە تووشی کۆمەڵگای کوردی بووە، وونبوونی کەسێتی تاکەکانیەتی.

بە دیتنی ئێمە مرۆڤ لەو ساتانەدا دەتوانێ بە ئاسانی خۆی بدۆزێتەوە کە تەنهایە و هەمیشە لەگەڵ خۆیدا دەژێت، واتە بە ئاسانی ناکەوێتە ژێر کاریگەری کەسانی تر، بێگوومان ئەمەش وادەکات ئەو تاکە جیاواز بێت لەگەڵ کەسێک کە هەمیشە تێکەڵە بە کەسانی تر و, دەکەوێتە ژێر کاریگەری خەڵکانی تر و خوودبوونی خۆی لە دەستدەدات. بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە مرۆڤ بە تەنها بژێت. دەبێت مرۆڤ شەرم نەکات لەوەی کە هەیەتی و باوەڕی بە خۆی و

کردارەکانیشییەوە بەهێز بێت، نەک هەر کەس و دیاردەیەکی بینی، ئیدی دەست لە خۆی بشوات و بە دوویاندا بکەوێت.

خوێنەرێك کە تازە دەستیکردبێت بە خوێندنەوەی کتێب، ئەوەی تێبینی دەکات لە ژیان و بەسەرهاتی زانا و فەیلەسووف و شاعیراندا، ئەوەیە کە زۆر تێکەڵ نابن بە کەسانی تر ئەوەندەی خەریکن بە خودی خۆیانەوە. چونکی ئەو مرۆڤە هەستدەکات کارێك ئەم دەتوانێ بیکات, خەڵکی ئاسایی نایتوانێت، ئەم جۆرە مرۆڤانە هەمیشە خۆڕسك و سرووشتین. کەواتە ئەگەر مرۆڤ خۆی بدۆزێتەوە دەشتوانێ داهێنان و خزمەتیش بکات.

بە داخێکی زۆرەوە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی یەکێکە لەو تاکانەی کە خۆیان ناناسن و، نە لە خۆمان دەگەین و ناشزانین ئێمە چین و چیمان دەوێت و چ دەکەین و چیمان بەسەردا دێت ؟ (سوکرات)–(٤٧٠–٣٩٩)ی پێش زایین، ووتەیەکی لەم بارەیەوە هەیە کە بە باوەڕی ئێمە دەبێ هەمیشە دەست بە سنگەوە بۆی بوەستین و نزای خێری بۆ بکەین، ئەو زۆر جاران دەیگووت: ئەی مرۆڤ ، خۆت بناسە، یان ئەگەر دەتەوێ ژیان بناسی، سەرەتا خۆت بناسە. بە ڕاستی ئێمە دەبێت هەمیشە تەماشای ئاوێنە بکەین و بزانین ناخ و دەروون و هزر و بیرکردنەوەمان چیمان پێ دەڵێ ؟

دیسانەوە گرنگە بپرسین: مرۆڤ لە چ کاتێکدا خۆی دەبێت و لە چ ساتێکدا مرۆڤ خوودیی خۆی لە دەستدەدات ؟ لە ڕاستیدا مرۆڤ پاش ئەوەی خۆی ناسی و زانیاری لە بارەی کەسێتی خۆیەوە هەبوو، مەرجە بەهەموو ئەوانەی کە هەیەتی پێی قایل بێت. جا لێرەدا مرۆڤ کۆمەڵێك بابەت و پرسی هەیە بێگوومان لە هەندێکیان ڕازی و تەبایە و لە

پڕێکیشیاندا ڕەخنە و گلەیی هەیە. پێویستە مرۆڤ ئەوەی کە لە ناخیدا هەیە دەربڕێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت لە یاسا و ڕێسا و پێرۆزییە ئایینییەکان و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەربچێت یان زیان بە مرۆڤەکان بگەیەنێت، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە مرۆڤ کردارەکانی لەگەڵ ناخیدا تاڕادەیەک نزیک بێت.

بەڵام مەخابن ئێمە زۆر بەدەگمەن گوێ لە دڵ و دەروونمان دەگرین، بەڵکو ئارەزووی بابەتێک دەکەین کە خەڵکی تر حەزیان لێیەتی نەک خۆمان, چونکی زۆر جار مرۆڤ وا هەستدەکات ئەگەر خۆی دەربخات ئەوە بە کەم تەماشادەکرێت بۆیە خۆی دەرناخات. هەر ئەم فاکتەرە بەهێزەشە وامان لێدەکات کە هەمیشە خۆمان مکیاج بکەین و خۆمان داپۆشین. ئێمە لە پرسی عیشق و خۆشەویستیشدا خۆمان نین، چونکی ئەگەر جگەرەکێشبین, هەوڵدەدەین خۆشەویستەکەمان پێمان نەزانێ، بۆ ئەوەی ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆمان نیشان نەدەین, بەڵکو وێنەیەکی دروستکراو دروستدەکەین و نیشانی خەڵکی دەدەین. جگە لەوەش لە پرسی هاوسەرگیریشدا دیسانەوە دەبێت عەشیرەت و خێڵ و ئامۆزا و درهاوسێکان هتد... بڕیار لە بارەی چارەنووسی کچ و کوڕێکەوە بداتن نەک خۆیان.

بە تێڕوانینی ئێمە, ئافرەتێکی وەکو (فروغ فەڕوخزاد)-(١٩٣٤-١٩٦٦) دەتوانێ بڵێ: من عاشقم. کە لە نامەیەکیدا لە ڕۆماوە بۆ پەرویز شاپوری هاوسەری نووسیوویەتی و دەڵێت: حەز ئەکەم ئەوەندە بچووک ببمەوە، هێندەی باڵندەیەک، ئەو کات بفڕم و بێم بۆ لای تۆ. هەر ئەو هاوسەرگیرییانەش سەرکەتوو دەبن و هەمیشە بە خۆشەویستییەوە ژیان

دەگوزەرێنن, کە خۆیان ڕۆڵیان هەبووە تێیدا نەک بە هێزی کووتەک و چاوسوورکردنەوە.

لە هەمووشیان سەیرتر ئەوەیە کە ئەم پرسە ترسناکە تەنانەت خۆی خزاندۆتە نێو ناوەندە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانیشەوە، چونکی زانکۆکانی ئێمە شوێنێکە کە مرۆڤ خۆیی تێدا بزر دەکات، خۆدۆزینەوەکەشی زیاتر لە پێش و پاش قۆناغی زانکۆدا دەبینرێت. ئاخر ئێمە هەندێك لە بێژەرەکانیشمان لاسایی کەسانی تر دەکەنەوە، بەڵام لەوە سەیرتر ئەوەیە کە شانازیشی پێوە دەکەن، لە ڕاستیدا تراژیدیا کاتێك دروستدەبێت، کابرای بێژەر بێ ئاگایە و نازانێت کە ئەو هەڵسوکەوتە هەر لەو کەسە جوانە، کە ڕەنگبێ لەم هەر نەگونجێ.

شیاووی باس لێوەکردنە، ئێمە لەسەر ئاستی ڕووکەشیشدا دیسانەوە خۆمان نین، چونکی لە ئێستادا زۆربەی گەنجان و تەنانەت بەسالاچووانیش، خەریکی پرچی دروستکراون و باروکە لەسەر دەنێن و پرچ و ڕدێن و سمێڵیان بۆیاخ دەکەن و وێنەی جۆراوجۆر لەسەر لاشەیان دەنەخشێنن و، چەندین جۆرە بابەتی تری لەم چەشنە. سەیر لەوەدایە هەندێك لەم کەسانە خۆیان بە شۆڕشگێڕ و بەتوانا و باوەڕدار و لەخواترسیش دەزانن ! یان زۆرینەی جار خەریکی لەشجوانین، کاتەکانی تەمەنیان بە پۆشینی ڕووی سروشتی خۆیان بەسەردەبەن.

بە باوەڕی ئێمە پێویستە کۆمەڵگا و تاکەکانیشی چۆن خۆیان بە لەشجوانی و ڕووکەش جوانییەوە سەرقاڵدەکەن، ئا بەو چەشنەش خۆیان بە ئەقڵ جوانی و دەروون خاوێنی و کاری لۆژیکی و باوەڕبەخۆبوونەوە ماندوو بکەن و, وێڵی دۆزینەوەی خۆیان بن. واتە ئێمە کەسێتی خۆمان دەشارینەوە و کەسێتییەکی تر کە جیاوازە لەوەی

که هەین، خۆمان بە دەوروبەر دەناسێنین، یاخود هەوڵدەدەین وێنە ڕاستەقینەکەی خۆمان بشارینەوە، چونکی لامان وایە شیاووی خۆدەرخستن نییە، بۆیە وێنەیەکی دروستکراو و دەستکرد بۆ خۆمان دەکێشین و نیشانی دەوروبەرمانی دەدەین. ئەمەش وادەکات بەهرە و تواناکانمان بکوژێت و بە هەموومانەوە یەك وێنە بنەخشێنین، لە کاتێکدا هەر یەك لە ئێمە وێنەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە.

بە باوەڕی ئێمە تاکی کوردی ئەوەندە نمایشدەکات هێندە خۆی نمایش ناکات. هەر کارێکیش کە هەڵقوواڵاوی ناخ و دەروون نەبێت، کرچ و کاڵی پێوە دیار دەبێت. ئەگەر سەرەنجبدەین ئێمە هەمیشە بایەخ بەو شتانە دەدەین کە لای خەڵکی تر باو و پەسەندە. هەر لە دەستپێکی گفتوگۆکانیشماندا کاتێك کەسێك لێمان دەپرسێ: چۆنی ؟ ڕاستەوخۆ بێ بیرکردنەوە و دوو دڵی دەڵێین: زۆر باشین ! ڕەنگبێت ناساغ بین یان کێشەیەکمان هەبێت، بەڵام وەها خۆمان نیشان دەدەین کە جێگەی ڕەزامەندی بەرامبەر بێت. بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین, زۆربەمان بووین بە ئەکتەر. ئێمە بەردەوام کارێك دەکەین کە جێگەی سەرسامی خەڵکی تر بێت نەك زادەی ناخ و دەروون و حەز و ئارەزووەکانی خۆمان بێت، هەروەها حەزدەکەین بە بەردەوامی زانیاری لە بارەی کەسانی ترەوە بزانین و باس لە خەڵکی تر بکەین.

ڕەنگبێ مرۆڤ هەندێ جار وەها بیر بکاتەوە کە ناتوانێت وەکو بلیمەت و لێهاتووەکانی دونیا لە بواریکدا کار بکات، بەڵام لە یادمان نەچێت خۆ دەتوانێت لە کارێکی دیکەدا یان کەسێك بێت جیاواز لەوان. جا بۆ ئەوەی خۆمان لەم دەردە کوشندەیە ڕزگار بکەین، پێویستە سەرەتا لە لوتکەی هەڕەمەکەوە واتە لە دەسەڵاتی ڕامیارییەوە

دەستپێبکەین، هەوڵبدەین خوود و کەسێتی خۆمان هەرگیز لە یاد نەچێت.

پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگەش کۆشش بکەن لە پێناو ئەوەی کە خوود و کەسێتی خۆیان چۆنە، هەر بەو چەشنە دەریبخەن، چونکی هەرگیز ناکرێت هەموومان لە یەکتر بچین یان وەکو یەك بیر بکەینەوە, نابێت حەز بکەین لە هیچ کەسێك بچین. بەڵکو دەبێت بەوە شادبین کە خەڵکی بڵێن تۆ خاوەن کەسێتی و کاری تایبەتی خۆتی. دەبێت هەوڵبدەین خۆمان بدۆزینەوە و بزانین بۆچی شیاووین ؟ هەروەها واز لە لاسایکردنەوە بهێنین. لە کۆتایشدا دەپرسین: ئەرێ لە کوردستاندا چ بابەتێك بە کوردی و کوردستانی ماوەتەوە ؟

ئەفسانەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە زانکۆدا[١٠]

لە تەواوی وولاتە پێشکەوتووەکانی دونیادا لێکۆڵینەوەی زانستی شوێن و پێگەیەکی گرنگ و تایبەتی هەیە لە زانکۆدا، لە زۆر شوێن و جێگاشدا بە بنچینەی خوێندنی بالاّ دادەنرێت، چونکی گەڕان و قوولبوونەوەیە لە بواری پسپۆڕییە جیاجیاکاندا، ئەویش بە مەبەستی داهێنان و پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی زانکۆیە، ئەمە جیا لەوەی کەوا پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵیش هەیە لە نێوان زانکۆ و دامودەزگا میرییەکاندا، دەبینین هەر زانکۆ و تۆژینەوەی زانستی و دەستوپەنجەی خوێندکاران و هزر و تێڕوانینی نوێی مامۆستایانی زانکۆیە کەوا نەخشەڕێگە و پلانی وولاّت دادەڕێژن و کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە چارەسەر دەکەن. هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کەوا کۆمەڵگە لە قەیران و دیاردە دزێوەکاندا پزگار بکەن.

بەلاّم مەخابن زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان بەو هەموو کادیر و شوێن و بودجە زۆر و گەورە و زەبەلاحەیەوە، تەنانەت ناتوانێت ئاریشەکانی ناوەخۆی خۆی چارەسەر بکات، چ جای ئاوڕ لە کۆمەڵگە پڕ لە کێشمەکێشمەکەی بداتەوە. هەر بۆیە دەکرێ بڵێین مەودای زانکۆکانی ئەوان و ئێمە لە کاری زانستی و پەیامی زانکۆییدا، گەلێك دوورن لە یەکترەوە, چونکی ئەوەی لە زانکۆ و کۆلێجەکانی کوردستاندا هەیە

---

[١٠] ئامانج نازم بیجان, ئەفسانەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە زانکۆدا, (گەرمیانی ئەمڕۆ)– ڕۆژنامە, ژمارە (٦٠), چاپخانەی کەمال, سلێمانی, کانوونی یەکەمی (٢٠١١), ل٩.

ئەکرێ بگووترێ تەنها سێبەر و خەیاڵپلاوە و دوورە لە ڕاستی و دروستی و بابەتی نێوەڕۆکیدا, بە تایبەتی کار و بەرنامەی تۆژینەوەی زانستی, چونکی ناونیشان و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەیی لێکۆڵینەوەی زانستی، گەلێك جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کەوا خوێندکار و مامۆستای زانکۆ ئەنجامیدەدەن.

بە ڕاستی خوێندکار لە ماوەی خوێندنی ئەو چوار ساڵەی زانکۆ، تەنانەت فێری میتۆد و ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیشی ناکرێ، ئیتر چۆن بتوانێ کارێك لەو بارەیەوە بەئەنجام بگەیەنێ ؟ ئەم دیاردەیەش ڕەنگدانەوەیەکی زۆر خراپی کردۆتە سەر ئاستی زانستی زانکۆکان. ئەوەی کە لەلای خوێندکاران بێبایەخ و ئەرك سووك و سانا بێت، بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستییە یاخود لێکۆڵینەوەی دەرچوونە، چونکی چەندین شوێن و کتێبخانەی تایبەتی هەیە بۆ ئەو مەبەستە، هەر بۆیە خوێندکاری زانکۆ لەم ئەرکەشیدا سەری سووك دەبێتەوە.

شیاووی باسە، زۆربەی خوێندکارانی زانکۆ لە دوا قۆناغی خوێندنیاندا بابەت و وانەیەکیان هەیە کە پێی دەگووترێ لێکۆڵینەوەی دەرچوون، ماوەی یەك ساڵ واتە دوو کۆرسی تەواوی بۆ تەرخان دەکرێ، مامۆستایەکیش وەکو سەرپەرشتیار چاودێڕی و ڕێنمایی و سەرپەرشتی ئەو تۆژینەوەیە دەکات, لە کۆتایشدا دوو–سێ مامۆستای تریش تاوتوێی دەکەن و دواجاریش بە نمرەیەك هەڵیدەسەنگێنن. کەواتە بەشێکە لە پێداویستییەکانی خوێندکار بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەو بەش و پسپۆڕییەدا.

نابێت لە یادیشمان بچێت کۆلێج و بەشی وەها هەیە ژمارەی ئەو خوێندکارانەی کەوا لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەشداریدەکەن لە دوو–سێ

خوێندکارەوە دەستپێدەکات هەتاوەکو لە هەندێ شوێندا ژمارەی ئەو خوێندکارانە دەگاتە دە–پازدە خوێندکار، کە ڕەنگبێ هەر یەکێکیان لەو ئەرك و ماندووبوونەدا، لاپەڕەیەکیشیان بەر نەکەوێ. بێ دوو دڵی دەتوانین بڵێین کەوا زۆربەشیان هەتاوەکو ڕۆژی تەواو بوونی لێکۆڵینەوەکە، ئاگایان لە هیچ شتێك نەبووە لەو بارەیەوە.

هەرگیز لە یادم ناچێ, لە قۆناغی یەکەمی کۆلێج بووم، برادەرێکمان کە لە قۆناغی چوارەم و دواساڵی خوێندنی بوو لە زانکۆدا، لە لێکۆڵینەوەی دەرچوونیاندا نزیکەی سیازدە خوێندکار تێیدا بەشداربوون، ئەم برادەرە هەر لە سەرەتاوە هەتاوەکو ڕۆژی تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکە و ڕادەستکردنی بە کۆلێج و بەشەکەی خۆیان، هیچ ئاگایەکی لێ نەبوو، هەر ئەوەندەمان زانی ڕۆژێکیان لێکۆڵینەوەی دەرچوون بە چاپکراووی بە چەند دانەیەکەوە گەیشتە بەردەستی. سەرەڕای ئەوەش ئەم برادەرەمان هێشتا گلەیی هەبوو، چونکی هەڵەیەك لە ناوەکەیدا کرابوو، ئیدی چەند ڕۆژێك پێی نیگەران بوو.

زۆر کەس لایان وایە لێکۆڵینەوەی دەرچوون بابەتێکی گرنگ و بەسوودە و ئەگەر خوێندکار خۆی ئەنجامینەدات ئەوە دەرناچێت و بڕوانامەشی پێنابەخشن. کەچی بە هەزارەها خوێندکاری زانکۆ هەیە، کەوا سالأنە لێکۆڵینەوە پێشکەش دەکەن و باشترین نمرەشی پێوەردەگرن، ئەمە لە کاتێکدایە کەوا نە یەك ڕستەی خۆی وەریگێڕاوە وە نە لێشی گەیشتووە، چونکی کەسێکی تری سپاردووە بۆی ئامادەبکات.

هاوپۆلێکمان کە تەمبەڵترین خوێندکاری گرووپەکەمان بوو، کەچی لە بارەی ئاڵۆزترین بابەتەوە لێکۆڵینەوەی ئەنجامدا، لە هەمووشی

سەیر تر ئەوە بوو کەوا (المخطوط–دەستنووس)ی تێدا بەکارهێنابوو، کە ئەمە هەندێ جاران چنگی خوێندکاری ماجستێر و دکتۆراش ناکەون. بە لێشاوو خوێندکار هەبووە و ئێستاش بەردەوامە و بگرە زیاتریش گەشەی کردووە، چونکی فۆڕم و ڕێتمی جیاواز و نوێتری وەرگرتووە، کەوا کەمتر لە هەفتەیەک لێکۆڵینەوەی خۆی تەواو کردووە و, باشترین نمرەشی پێبەخشراوە، ئەمە بێ ئەوەی بشزانێ ناوەڕۆکی بابەتەکەی باس لە چ دەکات.

ئەم چەند نموونە کەمەی سەرەوەش گەواهی بێ ئاگایی و کەمتەرخەمی هەندێ لەو مامۆستا ئەکادیمی و خەمخۆرانەی زانکۆمان بۆ دەدات, لەو لاشەوە سیستەم و میتۆدی چەقبەستوو و سەرلێشێواوی زانکۆش دەنالێنێ بەدەست دواکەوتوویی و دەسەلاتی فراوانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە. ڕەنگبێ ئەم خوێندکارانەش چاویان لە هەندێ مامۆستا و دکتۆرەکانی خۆیان کردبێ، هەر بۆیە لە زانکۆدا فێری ئەم گەمە زانستییەش بوون, چونکی هەندێ لە مامۆستایانی زانکۆش دۆخ و ژیانی زانستییان لە خوێندکاران باشتر نییە، ئەوانیش زۆربەی زۆریان کەوا لێکۆڵینەوە بۆ دوو هۆکار و ئامانج ئەنجامدەدەن، یان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە یاخود بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و پلەی زانستی.

ئەمەش پێمان دەڵێ ئێمە تەنانەت لە زانکۆکانیشماندا بەها و نرخی خوێندنەوە و نووسین تێیدا بزر و وونە، چونکی بە سەدەها مامۆستای زانکۆمان هەیە کەوا جگە لەم ئەرك و مەبەستانەی سەرەوەدا، تەنها کارێکی زانستیشی نابینرێت. بە ڕاستی هەر نەبوونی پێگە و بەها و کاریگەری تۆژینەوەی زانستییە وایکردووە کەوا زانکۆکانمان

تاڕادەیەکی زۆرباش بەتاڵبن لە هێزی بیرکردنەوە و داهێنان و سەرمەشقکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست.

لێرەدا گرنگە بپرسین: باشە ئەگەر دۆخی زانکۆکانمان وەهایی بێت، ئەبێ چ جیاوازییەك هەبێ لە نێوان زانکۆ و قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی ؟ ئەدی بەرهەم و پێگە و کاریگەری ئەو هەموو تۆژینەوانەی زانکۆ چی بەسەر دێت و چ شوێن و لایەنێك لێی بەهرەمەند دەبن ؟ باشە وەزارەتی خوێندنی باڵا و تووێژینەوەی زانستی چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی هەیە لە ئاست کێشەکانی زانکۆ و کۆمەڵگەدا ؟ بە ڕاستی هەتاوەکو هەنووکەش بەها و پێگەی تۆژینەوەی زانستی لە زانکۆدا بزر و نادیارە. بەڵام ئەگەر ئاوڕێك لە ڕێکخستن و پێگەیاندن و دروستبوونی کادیری ڕێکخراوەیی و حیزبی لە نێو زانکۆدا بدەینەوە، ئەوە بە هەزارەها کەسی کارات چنگ دەکەوێت لەو بارەیەوە.

بۆ ئەوەی زانکۆ ئەرك و پەیام و پێگەی زانستی خۆی بدۆزێتەوە و بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی کاریگەر دروستبێت لە نێوان زانکۆ و تەواوی دامودەزگاکانی تر، بەمەبەستی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگە لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا، پێویستە بایەخێکی کردارەکی بدرێ بە تۆژینەوەی زانستی و هزری نوێی خوێندکار و مامۆستای زانکۆ، هەروەها بکرێت بەمەبەست و ئامانجی سەرەکی زانکۆ. ژیانی خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆش ببەسترێتەوە بە بیرکردنەوە و داهێنان و تۆژینەوەی زانستی, دەبێت شوێن و پێگەی تایبەتی بۆ ئەم کردار و مەبەستە دروستبکرێ.

بەڕێوەبەر یاخود دیکتاتۆر [11]

تەواوی مرۆڤایەتی مافی ئەوەی نییە دەنگی
ناڕەزایی تاکە کەسێك سەرکوت بکات.
(جۆن ستیوارت میل)

قەڵەمەکەم چەکوچە و
هەر پەیڤێکم–بزمار.
ستەم، لە هەر جێیەك بێ،
دەیسمم وەك تەختەدار !
(عەبدوڵلاڵ پەشێو)

دەڤەری گەرمیان بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر بێت و بەراورد بکرێت لەگەڵ تەواوی شوێنەکانی تری کوردستانی باشوور, ئەوە دەتوانین بڵێین تاڕادەیەکی زۆر باش, بە گوێرەی پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. بەڵام لەگەڵ بوونی ئەو کەموکوڕیانەش، دانیشتوانی بەو پەڕی دڵسۆزییەوە هەستاوون بە ئەنجام گەیاندنی هەموو ئەو ئەرکانەی کە لەسەر شانیانە و لە زۆر بواریشدا توانیوویانە سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنن. بەڵام دەبێت لە یادیشمان نەچێت، وەکو هەر جێگایەکی

[11] ئامانج نازم بیجان, بەڕێوەبەر یاخود دیکتاتۆر, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٥٠), چاپخانەی کەمال, کانوونی یەکەمی (٢٠١٠), ل٣.

تری ئەم جیهانە، لە هەندێك بەشیدا لە بری ئەوەی سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی ئەرك و کارەکانی خۆیان بن, کەچی چوونە بە پیری گەندەڵی و نایەکسانی و ئاوێتەی یەکتر بوونە. دیارە ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەسەری بوەستین و لە چەند لایەنێکەوە تیشك بخەینە سەری, زیاتر لایەنی زانستی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییە، نەك بوارەکانی تر.

لەوانەشە پرسی بەڕێوەبەر لە دەقەری گەرمیاندا، لە بەرایی ئەو کێشانەدا بێت, کە وەکو پاڵەوانێکی زۆر بەهێز، خۆی دەرخستووە و توانیوویەتی ئەسپی خۆی تاو بنێت, لەو گۆڕەپانەی کە لێوانلێوە لە کاری نازانستی، بگرە یەك ماڵیشە لەگەڵ تەواوی کایەکانی گەندەڵیدا و خۆیشی بە دوور دەگرێت لە ئەرك و پەیامی مەبەست. ئێمە گوومانمان لەوەدا نییە کە لە هەر جێگایەکدا گەندەڵی تێیدا سەر وەدەر بنێت، هەر چۆنێك لێکی بدەینەوە، ئەوە تاوان و ئۆباڵەکەی دەکەوێتە سەر شان و ملی هەردوولا، واتا کۆمەڵ و ئەو کەسەی کە دەبێت بە دەسەلاّتدار، هەر لایەنێکیش ڕێژەیەك لەو گەندەڵییەی بەر دەکەوێ.

بەلاّم لێرەدا پرسیارێك خۆی ڕاست دەکاتەوە: ئایا دەسەلاّت یاخود کۆمەڵ، کامەیان توانای ئەوەیان هەیە، کاریگەری خێراتر بێت لە ئەوی تر ؟ ئێمە وایدەبینین کەوا کاریگەری خێرا هەر جۆرێك بێت، زیاتر لە لای دەسەلاّتدار بەدیاردەکەوێت, بەلاّم کۆمەڵیش ئەگەر بێت و هۆشیار و ئەکتیڤ بن، ئەوە دەتوانن بەرەنگاری ببنەوە، جێگەی دەست و پەنجە و ماندووبونیان دیار بێت. بەلاّم لێرەدا دیسان کۆمەڵ پێویستی بە ماوە و کات و قوربانی و هەوڵدان و پشتگیری و تەقەلاّ هەیە.

ئەوەی هەندێ بەڕێوەبەری شوێنە جیاجیاکانی ئەم ناوچەیە دەیگوزەڕێنن، مەگەر بەس خودا خۆی ئاگادار بێت و بزانێت ئاخۆ چ

دەکەن و چ ناکەن ! بە شێوەیەکی گشتی لە میانەی کارەکانیانەوە توانیوویانە زاڵبن بەسەر چەند نێوەندێکی گەورە و زەبەلاحدا، کە چارەنووسی چەندین مرۆڤی پاك و بێگەردی تێدایە, بەڵام دەبێت لە بیریشمان نەچێت، زاڵبوونەکە جۆرەکەی بریتییە لە گەندەڵی و ناعەدالەتی و نازانستی و, ڕەنگدانەوەی نامرۆڤایەتی و نائایینیشی بەسەردا زاڵە. چونکی دەیانهەوێت خۆیان چۆن بیر دەکەنەوە، ئاوەها هەموو کەس وەکی ئەوان بیر بکاتەوە !

هەندێ شوێن و جێگا و بەڕێوەبەر هەن لە دەڤەری گەرمیاندا, زێدەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین لە ماڵێکی بێ دایك و باوك دەچێت، کە بەخێوکەرێکی باش و تەندروستی نییە نازی ئەو مرۆڤە دڵسۆزانە هەڵبگرێت, چونکە باوکی، ژەهر و تیری نەزانین و دواکەوتوویی کوشتوویەتی, نووسین و خامەکەشی لەو جۆرە نووسراوە مێژوونییانە دەچێت، کە نەدەخوێندرێتەوە و نە مەوسوقە و نەڕەسەن ! لەڕووی ئایینییشەوە پێدەچێت فتوحاتی ئیسلامی پێنەگەیشتبێت, هەر بۆیە زۆر جاران ئایین دەکەن بە هەر بابەتێك کە بیانهەوێت ! وەکو جێگاش، ئەو نێوەندە زانستییەیە کە لایان وایە قسەکردن لەمەڕ زانست و پەروەردە و فێربوون و خوێندنەوە، جۆرێکە لە جۆرەکانی سادەیی مرۆڤ !

ئەی هاوار خودایە، چ مەخلوق و چ جۆرە مەملەکەتێکی سەیر و سەمەرە ! ئێمە سەیرمان بە هەندێکیان دێت، کەوا بڕیاری بێ سەروبەر دەردەکەن و بێ گوێدانە دەوروبەر، یاخود فەرمانێك کە ئیش و کاری ئەوان نییە. بەڵام لەوانەیە ناهەقیشیان نەبێت، کە ووتەکەی (جەمالەددینی ئەفغانی) یان نەبیستبێت، کە ووتوویەتی: دیومانە گەلێك

بێ پادشا بژێت، بەڵام نەمانبینیوە پادشایەك بێ گەل بژێت. ئێمە نازانین ووتە بەنرخەکەی (من أین لك هذا) بە گوێی کێدا بخوێنین ؟ بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێین کە هەندێك بەڕێوەبەری شوێنە جیاجیاکانی ناوچەکە هەیە، وێڕای ئەوەی کە شایەنی ئەو شوێنە نین، بەڵکو هەتاوەکو هەنووکەش لە فەلسەفە و تێگەیشتن و مەغزا و ئەرك و واتای پەروەردە و زانست و فێربووندا، ناشارەزا و بێ ئاگا و بێ باکن و بە دووی بەرژەوەندی خۆیاندا وێڵن. چونکە ئەگەر بە تەواوی لەو بابەتانە بگەیشتایەن، ئەوە هەرگیز دوو چاویلکەیان لە چاو نەدەکرد, کە یەکێکیان کەسە بچووکەکانی پێدەبینن و ئەویتریشیان کەسە گەورە و زەبەلاحەکانی پێ تەماشا دەکەن.

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی تۆزێك زۆر نا، ئاگاداری خوێندنەوە و نووسینیش بوونایە، ئەوە بێگوومان قەدری زانست و فێربوون و مرۆڤیشیان دەگرت و هەڵسەنگاندنێکی عادیلانەشیان بۆ تەواوی مەسەلەکان دەکرد. بەڵام بەداخەوە هەندێ لە بەڕێوەبەرەکانی ناوچەکە مەودایان زۆر دوورە لەو کار و کردەوانەدا, ئەگەر بڵێین نزیکن، ئەوە بوختانمان بۆیان کردووە، کە بێگوومان ئەمەشیان خوداوەند پێی خۆش نییە و دوورپشە لە کرداری مرۆڤدۆستی. ئێستاش نەمانزانی بۆچی ڕقیان لە کۆبوونەوە و گفتوگۆیە ؟! هەر کاتێکیش کە خۆیان ئەدوێن، وا دەزانن لە دیوەخانی ئاغا ستەمکارەکان دانیشتوون, مامۆستاکانیش بە چاوی جووتیارە قوڕبەسەر و بەدبەختەکان تەماشا دەکەن. بەڵام وا دیارە ئەم جۆرە کردار و مامەڵانە، لە هەر شوێنێکدا بێت، تەمەنی زۆر نییە.

یەکێك لەو کردارە سەرپێچییانەی کە کاکی بەڕێوەبەر ئەنجامی دەدات, ئەوەیە کە لە زۆر کات و شوێندا، لە خوێندکاران و قوتابیانی

پێچیوەتەوە، کە بۆچی جگەرە دەکێشن ؟ جگەرەکێشان لە شوێنێکی وەهادا قەدەغەیە و سزاشی بەدواوەیە. کەچی ئەمەیان بۆ خۆی یاخود بۆ چەند مامۆستایەك زۆر ئاساییە، چونکی بۆ چەندین جار لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا و بە نێو هۆبەکانی خوێندن و تاقیکردنەوەکاندا گەڕاون و جگەرەکەشیان وەکو شەمەندەفەرێکی زۆر خێرا دووکەڵی کردووە و کەسیش پێی نەوتوون کابرا برۆ بەسەر چاوانتەوەیە !

کارەسات لەوەدایە، کە سەربەخۆی بڕیار دەردەکات و هەر بە ئارەزووی خۆیشی هەڵیدەوەشێنێتەوە ! لە ڕاستیدا هاوشێوەی ئەم جۆرە بڕیار و کرداڕە سەربەخۆ و تاکڕەوییانە، پێویستی بە دادگاییەکی زانستی و ئەکادیمی هەیە. بەڵام ئەو زۆر ئاوڕ لەو پرسانە ناداتەوە، بەڵکو غەمی ئەوەیە خوێندکاران و قوتابیان بە گشتی و بە تایبەتی خوێندکار و قوتابییە زل و زەبەلاحەکان دەربچن و دڵی دایك و باوکیشیان خۆش بکاتن, ئیدی لەگەڵ یاسا و ڕێسای پەروەردە و خوێندن دەگونجێ یان نا، ڕەنگبێ زۆر گرنگ نەبێت بەلایەوە. ئاشکرایە ئەم جۆرە ووتە و کردارانە ناچێتە چوارچێوەی کاری مرۆڤایەتی و تەنانەت ئاییینیشەوە.

بەڕێوەبەری واش هەیە، هەر لە نێوەندێکی زانستیدا، خەریکی کاروباری ڕامیارییە، بەڵام ئەمەشیان دیسانەوە جگە لە خۆی و هاوڕێکانی، بۆ هەموو کەسێك قەدەغە و بڤەیە، ئەگەر نا بە فەرمانێك کە مامۆستاکە بۆخۆشی ئاگادار نەبێت و نەشزانێت، سزا دەدرێت و دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە. لەگەڵ بوونی هەموو ئەمانەش، نابێت لە یادمان بچێت، زۆر بەڕێوەبەر هەن وەکو ئێمە ئاگادارین، مرۆڤی پاك و زانست پەروەر و دڵسۆز و بەڕێزن، چ بۆ خۆیان و چ بۆ ئەرك و

کارەکانیشیان، ئەم بەشە کەمەش، کەوا خەریکە تووشی نەخۆشی گەندەڵی و غەرقی جەهل دەبن, بەشێکی کەمن و زۆر نین، بەڵام کەمینەیەکی کاریگەرن ! دڵنیاشین پەروەردە بێ ئاگایە لەم کێشانە، چونکی لەگەڵ پەیامیدا ناگونجێ و بەم جۆرە کردارانەش قایل نابێت.

سەرچاوەی ئەم ووتارەشمان, ڕەفتاری چەند بەڕێوەبەرێکی دەڤەرەکەیە، کە کاتێك پرسێکی هەق دەوروژێنرێ، یاخود پرسیارێك دەکرێت: کە ئایا بۆچی ئەو کار و فەرمانەتان کرد ؟ لە وەڵامدانەوەیدا, بەوپەڕی تورەیی و جەربەزەییەوە , بە دەنگە زوڵاڵ و بەرزەکەی و بەدەست ڕاوەشان و خۆگرژکردنەوەی دەم و چاو، لەرینەوەی ئەو کورسییەی کە دەڵێی بازی بەخت بە سەر شانییەوە نیشتوێتەوە, دەڵێت: چ لە دەستت دێت دڕێخی مەکە، چ دەکەی بیکە ! ئێمە تەنها لەسەر ئەم ووتەیەی سەرەوە، دەتوانین پەرتووکێك بنووسین، ئەگەر بێت و بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە و تێڕامان و قوونڵبوونەوە و بیرکردنەوە و گەڕان و خۆتەرخانکردن، گوومانی تێدا نییە کە موجەڵەد هەڵدەگرێ.

دەبێت خاوەنی ئەم کردار و ڕەفتارانە نیگەران نەبن کە بە ئینسافەوە قسەیان لەبارەوە دەکرێت. ئەوەی ئێمەش خستمانەڕوو تەنها مشتێك بوو لەو خەرمانەی کە هەندێ بەڕێوەبەر کۆیان کردووەتەوە. ڕاستە ئێمە دەسەلاتمان نییە بڕیار لەمەڕ پرسەکان بدەین, بەڵام ئەگەر بە گوێرەی تواناش بێت، هەر دەتوانین دەست و پەنجە لەگەڵ پەڕە و خامەدا نەرم بکەین، جار و باریش خوێندنەوەمان بۆ دەوروبەر هەبێت. جا بۆیە خامە و پێنووسمان بە گرنگتر زانی بۆ ئەوەی بیکەین بە مینبەرێکی والاّ بۆ گەیاندنی پەیامەکەمان. لە کۆتایشدا هەردوو دەستمان بۆ ئاسمان بەرز دەکەینەوە و لە خوداوەندی بە بەزەیی

دەپارێزینەوە و ووتەکەی پێغەمبەر یەسوع (د.خ) لێبێت دووبارە دەکەینەوە، کە دەیگووت: خودایە بیانبەخشە، چونکە نازانن چی دەکەن.

مەرگەساتی جیاوازی ئایدیاکان[١٢]

ڕای من ڕاستە بەڵام دەشێت هەڵە بێت, ڕای
ئەوانیدی هەڵەیە بەڵام دەشێت ڕاست بێت.
(ئیمامی شافعی)

ڕەنگە ئاسانترین و پوختترین ناساندن بۆ ئایدیا ئەوە بێت کە بڵێین واتای بیرۆکە دەگەیەنێت, بە شێوەیەکی گشتی ئەو جۆرە بابەتە بیرکردنەوانە دەگرێتە خۆی کە دێن بە خەیاڵی مرۆڤەکاندا. لەوەتەی مرۆڤ هەبووە لەسەر زەوی و ژیان دەگوزەرێنێ، خاوەنی بیرۆکەی تایبەتی بووە، دەربارەی هەموو ئەو بابەتانەی کە دەچنە چوارچێوەی هزر و بیرکردنەوەدا.

گوومان لەوەدا نییە کە شوێنی جوگرافی و کات و سەردەم ڕۆڵێکی باشیان گێڕاوە لە دروستکردن و چەسپاندنی ئایدیا لە فیکری مرۆڤدا، دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت، هەروەکو چۆن دروستکردنی بیرۆکە لای مرۆڤ ئاسان و سانا نییە, بە هەمان شێوەش سڕینەوە و لەبیرکردنی کارێکی زۆر ئاڵۆزە و پێویستی بە کات و ماوەیەکی زۆر هەیە. هەر بۆیە لە کاتی گوێ گرتنمان بۆ هەر ڕا و بیر و بۆچوونێکی تر کە جیاواز بێت لەگەڵ ئەوەی خۆمان، تێبینی دەکەین تووشی

---

[١٢] ئامانج نازم بیجان, مەرگەساتی جیاوازی ئایدیاکان, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٣٤), چاپخانەی زەرگەتە, حوزەیرانی (٢٠٠٩), ل٧.

سەرسامییەکمان دەکاتن، ئەگەر بێت و بکەوینە ژێر کاریگەریشی ئەوە دیسانەوە ڕووبەڕووی جۆرە ئیزدیواجییەتێکمان دەکات، کەوا هەتاوەکو مردن ناتوانین لێی قووتار بین.

لەوانەیە زێدەڕۆیی نەکەین ئەگەر بڵێین ئایدیا لای مرۆڤ لە هەموو شتێکی تر خۆشەویستترە. بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوویش ئەو ڕاستییەمان زیاتر بۆ ساغ دەبێتەوە. بۆ ئەوەی زیاتر لە مەبەستەکەمان نزیك بینەوە, پێویستە باس لەوە بکەین کەوا بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی جیاوازی ئایدیاکان بوونی هەبووە و باڵی بەسەر تەواوی بواڕەکانی ژیاندا کێشاوە. بابەتی نێوبراوو لە کاتێکدا دەرهاوێشتەیەکی خراپی لێدەکەوێتەوە و دەبێت بە کێشەیەکی درێژخایان و ئاڵۆزی ژیان و، پاشان مەرگەسات دەخولقێنێت, ئەوەیە کەوا هەنگاوو دەنێت بەرەو پێشەوە، ئەو هەنگاونانەش خۆی لە ململانێ و ناکۆکی و کێشە و گرفتدا دەبینێتەوە.

کەواتە سەرچاوەی ململانێی ئایدیاکان و دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی, بریتییە لە نەوەستان و ئارامنەگرتن و پەسەندنەکردن و ڕێزنەگرتنی بوونی جیاوازییەکانە بە هەموو ماناکانییەوە, یاخود دەتوانین بڵێین قایل نەبوونە بە گرتنەبەری ڕێگای لێکتێگەیشتن و گفتوگۆ و دیالۆگ و ئاشتی نێوانیان، ئەمە وێڕای نەبوونی زانین و بەئاگابوون و هۆشیاریمان لەمەڕ مامەڵەکردنی نێوان دوو ئایدیای جیاواز لە یەکتر. ئاشکراشە کە دوا بە دوای ئەم جۆرە کردارانە مەرگەساتی بەدواوەیە, چونکی لە زۆر کات و شوێندا هەوڵ و تەقەلاّی لە نێوبردنی یەکتر دەدەن.

بشێ ئەمەش لە کاتێکدا لامان ڕوون و ئاشکرا بێت, کەوا تێبینی دوو ئایدیای جیاواز بکەین, ئەو کات بۆمان دەردەکەوێت کەوا چۆن هەر لایەك چاوەڕوانی هەلێکە بۆی بڕەخسێت و بیقۆزێتەوە، کەوا کار بۆ بەرژەوەندی خۆی دەکات و هەوڵی لەناوبردنی بەرامبەرەکەی دەدات, ئیدی بە شێوەیەکی ڕاستەوەخۆ بێت یان ناڕاستەوەخۆ, یاخود لە نێوەڕۆکدا بێت یان لە ڕەوالّەتدا. دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە بیرکردنەوە و کردارانە، بەکارهێنانی لایەنی خراپەی مرۆڤەکانمان بۆ بەدیاردەخات و کارنەکردنیانە بە لایەنە باشەکەی.

سەیر لەوەدایە کە بوونی جیاوازی ئایدیاکان و دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی، وێڕای ئەوەی لەسەر ئاستی گشتیدا بوونی هەیە, بەڵکو لەسەر ئاستی بەشەکیشدا بە تەواوی تەشەنەی کردووە, هەر یەکێکیان بە شێوەیەك لە شێوەکان بانگەشەی ڕاستی و هەق دەکەن. گوومان لەوەدا نییە کە ئەمەش ڕێگا لە پێشکەوتنی ڕەوتی هزری مرۆڤایەتی و بوونی بەختەوەری دەگرێت و، لە لایەکی تریشەوە کارێکی وەها دەخوڵقێنێت کەوا ناهێڵێت ئازادی سەر وەدەرنێت، لەهەمان کاتیشدا دەتوانین بڵێین شێوازێکە لە شێوازەکانی توندوتیژی کە زیاتر ئەزێت و ئازاری دەروون و ناخی مرۆڤ دەدات, بە ئەنجامدانی ئەم کردارەش, زەرەر و زیانێکی گەورە دەبەخشێتە کردار و جەستەی ئەو مرۆڤەی کە تووشی ئەم حاڵەتە دەبێت, چونکە ئاشکرایە کەوا پەیوەندییەکی توند و تۆڵ هەیە لە نێوان ڕۆح و جەستەدا.

دەتوانین بڵێین بە دیوێکی تریشدا, تێکشکان و لێدانی موقەدەساتی مرۆڤە بە گشتی, چونکە هەر مرۆڤێك لەم جیهانەدا خاوەن کۆمەڵێك بەها و پیرۆزییە، ڕێگا نەدراوە بە هیچ کەسێك کەوا توانج و

ڕەخنە لەو بەها پیرۆزییانەدا بدات. کەواتە ئەگەر نەتوانین بە جوانی و تەندروستی مامەڵە لەگەڵ جیاوازی ئایدیاکاندا بکەین, ئەوە لە لایەك دەبێتە هۆی ململانێ و بەکارهێنانی هێز و لەنێوبردن و ماڵوێرانی، لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی دواکەوتنی ڕەوتی زانست لای مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ و پێویستە, دەبێت زیاتر عەودالّ و وێڵی ئەوە بین کەوا چۆن مامەڵە لەگەڵ سروشت و دەوروبەردا بکەین و, بتوانین بە پێی توانا لە فەلسەفە و مانا و تێگەیشتنی ژیان تێبگەین، بۆ ئەوەی هزری مرۆڤایەتی زیاتر ڕووناك و ڕۆشن بێتەوە و، بتوانێ بە شێوەیەکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ دەوروبەردا بکات و بەشێکی بەختەوەریش بەدەست بهێنێت.

دەبێت لە یادیشمان نەچێت, ئەم جۆرە کردارانە پێویستی بە ڕێز و لێکتێگەیشتن هەیە، بە تایبەتی لە نێوان خاوەن و هەڵگرانی ئایدیاکاندا. دوور ناکەوینەوە لە ڕاستی ئەگەر بڵێین زۆربەی ئەو مەرگەسات و نەهامەتی و کاولکارییانەی کە بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیدا هاتووە, بەدەر نین لە ڕێز نەگرتن و پەسەندنەکردن و لێکتێنەگەیشتنی جیاوازی ئایدیاکان، ئیدی ئەم جیاوازییە لە بواری کۆمەڵایەتیدا بێت یاخود ڕامیاری بێت، یان ئایینی یاخود ئابووری بێت، هیچ فەرق ناکات.

ئەوەشی زۆر گرنگە و جێگای بایەخدانە و، پێویستە پەندی لێوەربگرین، دەرئەنجامە نێگەتیڤ و مەرگەساتەکانیەتی, دەتوانین جەنگە جیهانییەکانی دونیا و شەڕە مەزهەبی و براکوژی و ناوەخۆییەکانیش وەکو دوو نموونەی زەقی نێو لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بە بیری خۆمانی بهێنینەوە. ئەگەر بهاتایە ئایدیا ئەو

قورساییەی نەبوایە لای مرۆڤ , ئەوە هەرگیز ململانێ و ناکۆکی نەوەکان دروست نەدەبوو, کە بۆ نموونە نەوەی پاش ڕاپەڕین لە کۆمەڵگای کوردیدا بە هەموو مانایەك جیاوازن لەگەڵ نەوەی پێشتردا.

ئەگەر دەسەلآت ڕێزی لە ئایدیای بەرامبەر بگرتایە و بابەتی دیالۆگ و ڕێزگرتنی بگرتایەتە بەر, ئەوە هەرگیز ئەو نووسەر و زانا و فەیلەسووفانەی دونیا، بڕیاری لە ئایین دەرچوون و ئەشکەنجە و دەربەدەر و سووتاندن و پاشان مردنیان بەسەردا نەدەسەپێنرا, کە دەتوانین بڵێین ئامانج و پەیامی زۆرینەیان ڕۆشنکردنەوەی هزری مرۆڤایەتی و بەختەوەری و خۆشگوزەرانی و هەنگاونان بووە بەرەو مرۆڤبوون. بەڵم دەسەلآتێك وەکو دەسەلآتی کەنیسەی مەسیحی لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا، بە هیچ جۆرە ئایدیا و ڕا و بۆچوونێك قایل نەدەبوو کە جیاواز بێت لەگەڵ ئەوەی خۆیدا، جا بۆیە لە زۆر کات و شوێندا پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی هێز و لەنێوبردن و کاولکاری. دەرئەنجامیش ستەمکاری و داڕووخانێکی مێژوویی لێکەوتۆتەوە.

ئێمە نامانەوێت تەواوی مرۆڤایەتی وەکو یەك بیر بکەنەوە و، لەگەڵ یەك ڕا و بۆچووندا کۆك بن و پێشکەوتن و داهێنان و تازەگەری ئەنجام نەدرێت لە هزری مرۆڤایەتیدا, بەڵکو ئەوەی ئێمە مەبەستمانە و پێویستە بەردەوام کاری بۆ بکرێت، ئەوەیە کەوا ڕێز و گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن و وتووێژ هەبێت لە نێوان جیاوازییەکاندا، ئیدی لە هەر بواریکدا بێت لە بوارەکانی ژیاندا ئەمەیان لە لایەك, لەلایەکی تریشەوە پێویست وایە کە مرۆڤ باوەڕی چەندە بەهێز بێت بۆ بیرۆکەکەی خۆی, نابێت بەهێز و بازو و شەڕ و کاولکاری هەوڵی سەرکەوتنی بداتن بە

تایبەتی لە قۆناغی یەکەمیدا، کەوا زیاتر پێویستی بە ئاشتی هەیە نەک شەڕ و ماڵوێرانی، هەروەها نابێت لە زۆر شوێن و کاتیشدا بانگەشەی ڕاستییەکی ڕەها بۆ خۆی بکاتن, بەڵکو ئەگەر ئامانجیشی هەبوو ئەو بیرۆکەیەی سەر بخات، ئەوە پێویستە ڕێگای دیالۆگ و نووسین بکاتە هەوێنی سەرکەوتنەکەی، یان باشتر وایە بە شێوەیەکی باش و ڕێك ڕا و بۆچوونەکانی خۆی بخاتە ڕوو، ئەوەش لە توانای دایە ئەنجامی بدات، بەڵام بە مەرجێك ئازادی بەرامبەر پێشێل نەکات, ئەوەشی دەمێنێتەوە بۆ کۆمەڵگای بەجێبهێڵێت کە تا چ ئاستێك پەسەندی دەکەن و لەگەڵ ژیان و هزرییاندا دەگونجێ.

دوا خاڵیش کە مابێتەوە زۆر گرنگە و جێگای سەرەنج و بایەخدانیشە, ئەویش ئەوەیە کەوا پێویستە ئەو ئایدیایەی کە سەردەکەوێت یاخود دەبێت بە خاوەن دەسەڵاتێك و فەرمانڕەوایی بواریێك دەکات، گرنگە کردارەکانی زیاتر لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت. ڕەنگبێ کۆمەڵگەی کوردی لە زۆرینەی کۆمەڵگاکانی تری جیهان زیاتر پێویستی بە ڕێزگرتن و قبوڵکردن و دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی ئایدیاکان هەبێت، چ لە ناوخۆیدا و چ لە دەرەوەدا, بە تایبەتی لە کات و ساتێکی وەهادا کە دەکرێ بڵێین کۆمەڵگە بە دۆخێکی زۆر هەستیار و ناسکدا تێدەپەڕێت. ئێمەی کورد چەندە پێویستە سوود لە میژووی جیهان وەربگرین, ئەوەندەش گرنگە پەند لە میژووی خۆمان وەرگرین.

جا بۆیە لە ئێستادا ئەگەر جیاوازیش بەدی کرا، ئەوە دەبێت جیاوازییەکی لاوەکی و ڕێزگرتن بێت, چونکی پێویستیمان بە هەماهەنگییەکی پتەو هەیە، کەوا بە یەك هێز و بە یەك دەنگ کار و کردەوە و کۆششمان بۆ گەیاندنی پەیامی تەواوی قوربانیانی ڕێگای

خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی بێت, ئەگەر نا ئەوە دووبارە هەڵەکانی نێو مێژوو دووبارە دەکەینەوە.

ڕەهبەران و بڕیاری مێژوو [١٣]

دەتوانیت هەندێ کات هەندێك لە خەڵکی هەڵبخەڵەتێنیت، دەشتوانیت لە هەندێ کاتدا هەموو خەڵك هەڵخەڵەتێنی، بەڵام ناتوانیت هەموو کاتێك هەموو خەڵك هەڵبخەڵەتێنی، چونکی هەموو کات بۆخۆی مێژووە.

(ئیبراهام لنکۆڵن)

مێژوو وەکو هەر بابەت و زانستێکی تری نێو کایەی مەعریفی و ڕۆشنبیریدا، جێگەیەکی دیار و بەرچاووی هەیە، ڕۆڵێکی گرنگیشی گێڕاوە لە گۆڕینی هزری مرۆڤایەتی بە ئاڕاستەیەکی پێشکەوتووتردا. چ مێژوو وە چ فەلسەفەی مێژوو بەدەرن لەو ڕوئیا و بۆچوونانەی کەوا خەڵکی ئاسایی و ناشارەزا بۆی دەکەن، چونکی نابێت لە یادمان بچێ و وابزانین نووسینی هەموو ڕابردوویەك مێژووە و نووسەرەکەشی مێژوونووسە و نووسینەکەشی پڕە لە ڕاستگۆیی ! ڕەنگبێ لای زۆر کەسیش وا تەماشا بکرێت کەوا ڕەهبەر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ چ لە دروستکردنی مێژوو و چ لە نووسینەوەیدا ! ڕەنگبێ لە زۆرینەی کات و شوێنەکاندا سەرکردەکان ڕۆڵی باش بگێڕن لەو بارەیەوە، بەڵام هەر

---

[١٣] **ئامانج نازم بیجان, ڕەهبەران و بڕیاری مێژوو, (ڕۆژنامە)–ڕۆژنامە, ژمارە (٦٤٠), سلێمانی, ڕۆژی سێشەممە–(٢٠١١/٦/٢٨), ل٢٧.**

کردارێکی ناڕاست بکەن بە ڕاست، یاخود پێچەوانەکەی ئەوە بێگوومان ڕۆژێك دێت مێژوو بڕیاری خۆی بەسەریان دا دەدات.

گرنگە لێرەدا بپرسین: ئایا بڕیاری مێژوو چۆنە و کەی دەدرێ ؟ مێژوو هەرچۆنێك بنووسرێتەوە، بەپیاهەڵدان بێت یاخود دوور لە ڕاستی، وەڵێ دواجار ڕۆژێك دێت لاپەڕەکانی بە ڕاستی و دروستی دەنووسرێتەوە، چونکی کاری مێژوونووس بێ لایەنی و گوومان کردن و گەڕانە بە دووی ڕاستییەکان، هەر ئەو کەسەش دەبێت بە مێژوونووس, نەك کەسێك سەربەخۆی مێژوویەك بۆ خۆی تۆمار بکات، یاخود کەسێك بۆ ئەو مەبەستە بسپێرێ !

دەگێڕنەوە جارێك (ناپلیۆن بۆناپارت) لە خێوەتەکەی خۆیدا دەبێت، هەواڵی کوشتنی یەکێك لە جەنەڕاڵە ناودارەکانی پێ ڕادەگەیەنن، ناپلیۆن لە پیاوەکانی پرسی: دوا قسەی جەنەڕاڵ چی بوو ؟ لە وەڵامدا پێیان گووت: جەناب لە تاو ئازاری گیانیدا، تا دواهەناسە هەر دەینالاند، ناپلیۆن یەکسەر ڕووی دەمی کردە یەکێك لە یاریدەرەکانی و پێی گووت: بنووسن جەنەڕاڵ بەر لە مردنی هاواری کرد: بژی فەرماندەی لەشکر ناپلیۆنی گەورە ! ئەم باسە پێمان دەڵێ سەرکردەگەلێك هەن لە دونیادا تەنها ئامانجیان ئەوەیە ناویان بچێتە نێو لاپەڕەکانی مێژوو، ئیدی گرنگ نییە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا میللەت و مێژوو چۆن باسیان لێوە دەکات، هەرگیز لە غەمی گەلدا نین، هەر بۆیە دەبینین بۆناپارت تەنانەت لە پاش مردنی ئەو جەنەڕاڵەشدا، هەر دەیویست بۆ مەرامی خۆی بەکاری بهێنێت !

باشە دەبێ نموونەی ئەم سەرکردانە زۆر بن و هەر بە هەڵە بە نێو لاپەڕەکانی مێژوودا گوزەر بکەن ؟ لە ڕاستیدا نموونەمان گەلێك زۆرە،

وەڵ ئەم کرداره ساختانه هەرگیز بەسەر مێژوونووسێکی وەکو (لۆرینزو ڤالا)-(١٤٠٧-١٤٥٧) دا تێناپەڕێت. چونکی کاتی خۆی کەوتە لێکۆڵینەوەی (بەخشی قوستەنتین)، کە گوایە بەو پێیە ئیمپراتۆری ڕۆمانی (قوستەنتین)، دەسەلاتی ڕۆژئاوای وولاتە فراوانەکەی بە شاری (ڕۆما)شەوە بەخشیووە بە (پاپا) ! کە سەردارانی کەنیسە سەدان ساڵ بوو پشتیان پێ دەبەست، بەڵام لۆرینزو ڤالا سەلماندی کە ئەو بەڵگەیە دەستکردی قەشەکانی کەنیسەیە و قوستەنتین نە زۆر و نە کەم ئاگای لێ نییە !

هاوشێوەی ئەم کردارانە لە مێژووی هاوچەرخی عێراقیشدا دەبینرێت. بۆیە نابێت نموونەی وەکو (سەددام حوسێن)مان هەرگیز لە یاد بچێت، چونکی ئەویش کەمی بە گەڵی کورد و عێراق نەکرد، نێوبراوو ئەو هەموو کرداره نامرۆییانەی ئەنجامدا، کەچی نکۆڵی و بەرگری لێ دەکرد، وەڵ هەرچۆنێك بێت دواجار مێژوو لە ڕێگەی کەسێکی وەکو (تەیموور) ڕزگاربووی پرۆسەی ئەنفال و چەندانی تر، یاخود لە پاش ڕووخانی ڕژێمەکەی و دادگاییکردنی، بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بڕیاری خۆی بەسەردا دەدات. نابێت لە یادیشمان بچێت, ژمارەی ئەو کەسانەش کەم نەبوون کە باوەڕیان بە هەموو کردەوە و گووتارێکی دەکرد !

لێرەدا گرنگە بپرسین: ئایە تێڕوانینی ڕەهبەرانی کورد چۆنە لە ئاست بڕیاردانی مێژوو ؟ ڕەهبەرانی سیاسی کورد تێڕوانینی جیاوازیان هەیە بۆ مێژوو، هەندێ جار مرۆڤ هەست بە بوونی ناشارەزاییان دەکات لە بابەت مێژووەوە و زۆرجاران ووتەکەی (هیگڵ)ی فەیلەسووف بەسەر خۆیاندا دەسەپێنن، کە دەڵێت: تەنها وانەیەك کە لە مێژوودا کەڵکی لێوەردەگرین, ئەویش ئەوەیە کەس لە مێژوودا فێر نابێت. ڕەهبەرانی

کورد لە میانەی کردار و هەڵسوکەوتەکانیانەوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، چ لە ئاستی ناوەخۆیی وە چ لە ئاستی دەرەکیدا، بە دیتنی ئێمە خۆی لە دوو خاڵی گرنگدا دەبینێتەوە. یەکەم: وەهمی گرنگی ڕەهبەران بە نەتەوە و بەرژەوەندییەکانی و مافە ڕەواکانی گەل و نەبوونی ڕاستی و دروستی لە مامەڵەکردنیاندا لەگەل کۆمەڵگەدا. دووەم: ڕەهبەرانی کورد هیچ ترسیان نییە لەوەی کەوا بڕیاری مێژوو چی دەبێ لە بارەی خۆیان و نەتەوەکەشیان، چونکی زۆر جار شادومانن بەوەی کە ئەمڕۆ هەیە، دەبێت بە مێژوویەکی پڕشنگدار !

بێگوومان ڕۆژگارێك دێت هەموو بابەتە ڕاستییە داپۆشراوەکان، وەکو مانگی چواردە دەدرەوشێنەوە, کە تێیدا زۆر جار تەنانەت گۆمەڵگەشی پێوەلکێنراوە و نێوی مێژووی نەتەوەکەشی لەکەدار کردووە. هەر وەك چۆن لە ئێستادا چەندین نامەی ماجستێر و تێزی دکتۆرا لە بارەی کەسێك یان پارتێکی دەسەلاتدارەوە دێت، بێگوومان ڕۆژگارێك دێ چەندین خامە لە دایك دەبێت لە بارەی ڕەهبەران و بڕیاری مێژووەوە. کە بێگوومان ئەم تێڕوانینانەی ئێستا دەگۆڕێ.

بۆیە گرنگە چ ڕەهبەران و چ گۆمەڵگەش، هەوڵبدەن چیتر کردارێك نەکەن کە لە بڕیاری مێژوودا لێی پەشیمان ببنەوە، چونکی دەبێت باش بزانین ئەمڕۆ کۆمەڵێك کەس دەسەلاتیان بە دەستەوەیە، هەمیشە دەیانەوێ بەهێز مێژوویەکی پڕشنگدار بۆخۆیان تۆمار بکەن, وەلێ ئەمەی ئەمڕۆ دەبینرێت چ گووتار و چ کردارییان زۆرینەیان لە ژێر فشارەوەیە, هەر بۆیە دەبێت ڕەهبەران بەها و بڕیاری میللەت و مێژوو، لە کات و شوێنێکدا ببینن، کە دوور بێت لە سانسۆر و فشار و بابەتی دروستکراوو.

به تێڕوانینی ئێمە, هێشتا ڕۆژگارێك ماوە بێتە پێش، بۆ ئەوەی چ میللەت و چ مێژووش بڕیار لە بارەی ڕەهبەران و نەتەوەی کورد بداتن، ناشزانین بڕیاری مێژوو چۆن و کەی دەبێت و, تاچەند کۆمەڵگە و ڕەهبەرانی دواتر شانازی پێوە دەکەن ؟ بەڵام دەبێ بزانین بڕیاری مێژوو شەرم ناکات.

هەموومان هەر مامۆستاین [١٤]

به باوەڕی ئێمە, بوونی پلان و کارنامە و سزا و پاداشت و هەڵسەنگاندن و، دانانی کەسی شیاوو بۆ جێگەی گونجاوو، دەتوانێت بە ئاسانی کۆمەڵگە بەرەو ئاڕاستەیەکی باشتر و پێشکەوتووتردا ببات. بەڵام بەداخەوە لە کوردستاندا نەك هەر ئەوە نییە، بەڵکو پێچەوانەکەشی ڕاست و دروستە. ئەگەر بێتو بواری پەروەردە و فێربوون بە نموونە وەربگرین، ئەوە زیاتر مەبەستەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. چونکی بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین، کۆمەڵگەی کوردی هەر هەمووی بوو بە مامۆستا یان لە داهاتوودا دەبن بە مامۆستا، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت بە جێگەی نیگەرانیمان کەوا هیچ جۆرە هەڵسەنگاندنێکی زانستییانە نییە لەو بارەیەوە.

چونکی ئێستا وایلێهاتووە هەر کە خرایتە بەر خوێندن و قۆناغی یەکەمی بنەڕەتیت تێپەڕاند، ئیدی بەس نەمری و خودا تەمەنت درێژبکات، ئەوە بێگوومان دەبیت بە مامۆستایەکی قات لەبەر و جار و باریش ڕیباتێك دەبەستیت. بێ ئەوەی لە خۆمان بپرسین, نە کەسی تریش پرسیارمان لێدەکات: ئەرێ ئێمە کە خاوەن و هەڵگری بڕوانامەین، چ دەزانین و توانامان چەندە و لە چ ئاستێکداین ؟ ئایا ئێمە ئەتوانین سوود و زانست بە کەسانی تر ببەخشین ؟

---

[١٤] ئامانج نازم بیجان, هەموومان هەر مامۆستاین, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٧٥), چاپخانەی کەمال, حوزەیرانی (٢٠١٣), ل٨.

شیاووی باس لێوەکردنە، بە نێوی درووشمی (نەهێشتنی نەخوێندەواری)یەوە کەسی وەها بووە بە خاوەن باوەڕنامە، بە خودا خۆیشی سەیری بە خۆی دێت. ئێمە کەسی وەها دەناسین کە ئێستا خوێندکاری ماجستێرە لەسەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی بالاّ و تووێژینەوەی زانستی، کە بە دەمی خۆی دەیگووت: بەخوا من ئێستاش بیر دەکەمەوە پرسیار لە خۆم ئەکەم: ئەرێ من چۆن لە پۆلی شەشی ئامادەیی دەرچووم ؟ ئاخر هەر ئەمەیە وایلێکردووین کە ئێمە و کەسانی وەکو ئێمە تووشی ڕەشبینی و غەمباری بکات.

ئێستاشی لەگەلدا بێت, هەندێ جار کە کۆشش و خوێندنی بەردەوام و شەونخونی و دەرنەچوونم لە ماڵەوە و نەداری ڕۆژانی خوێندکاری خۆم و پۆلی شەشم بیردەکەوێتەوە، باوەڕ بفەرموون ڕادەچەڵەکێم و ترسێکی زۆریشم لێ دەنیشێت. هەنووکە جاروبار خەون بە پۆلی شەشەوە دەبینم, دواجار کە بێدار دەبمەوە سەرەنج ئەدەم ماندووبوونێکی زۆر بە ڕووخسار و جەستەمەوە دیارە. یان هەندێ جار بەراوردی ژیانی ئابووری و دارایی و خراپی بارودۆخی ڕامیاری کاتی خوێندکاریی خۆم ئەکەم لەگەڵ گوزەرانی ئێستای خوێندکار، بەڕاستی بە ستەم و زوڵمی ئەزانم کە خوێندکار و تەنانەت بەرپرسانی بواری پەروەردە و فێربوونیش، کە بەهەند تەماشای ئەم بارودۆخە ناکەن و, ناتوانن بەشێوەیەکی باش و تەندروست مامەڵەی لەتەکدا بکەن و بە ژیرانە بەکاری بهێنن بۆ سوودی خۆیان و دواڕۆژی نیشتیمان و گەل.

سەرسوڕمان لەوەدایە ئەم مەملەکەتەی ئێمە هەرگیز هەوڵ نادات (دارتاش), (جووتیار), (ئاسنگەر), (یاریزان), (نووسەر), (موسیکزان), (هونەرمەند) هتد... دروست بێت، یان بایەخ بەم بوارانە نادات، بگەرە

پشتگوێشیانی خستووە. ئەوان هەر مەبەستییانە بڵێن: لە سەدا ئەوەندەی کۆمەڵگەی کوردی خوێندەوارە. ئیدی ڕەنگبێت بەم قسەوباسانە گەز گەز بالاّ بکەن ! باشە ئێمەش دەپرسین: کۆمەڵگایەك کە خاوەنی ئەم هەموو خوێندەوار و داهێنانە بێت، ئەدی بۆچی گوزەران و بارودۆخی هێندە ئاڵۆز و نالەبارە ؟

کارەسات لەو ساتەوەختانەوە دەستپێدەکات، کە هەموومان دەبین بە مامۆستا. لەگەڵ بوونی ئەمەشدا هیچ جیاکارییەك بەدی ناکرێت, بۆ وێنە مامۆستایەك کە کاتی خۆی لە پۆلی شەشەمی ئامادەیدا زۆر خۆی ماندوو کردووە و، شەونخوونییەکی زۆری دیووە هەتاوەکو نمرەیەکی باش و بەرزی بەدەستهێناوە، دواتر لە کۆلێج و بەشێك وەرگیراوە، کە دیسانەوە کۆشش و ماندووبوونی گەلێك زۆر بووە، خوێندنی تەواو کردووە، کەچی لەگەڵ یەکێکی تردا کە ڕەنگبێ کۆنمرەی ئامادەیی پەنجا بێت، یاخود پەنجا تێنەپەڕێنێت، کە لە کۆلێج و بەشێك خوێندوویەتی، کەوتن تێیدا دەبێت بە هەشتەمین سەیر و سەمەرەکانی جیهان و دونیا. زۆرجاران ئەگەر هەموو مامۆستا و دکتۆرەکانیان بکەی بەیەکەوە، یەك مامۆستای ئەکادیمی و سوودبەخش و خاوەن بڕوانامەی دروست و خاوەن توانست و شیاووی لێ دروست نابێت.

مامۆستای وەهامان هەیە نمرەی ئامادەیی و کۆلێجی ئەوەندە کەم و لاوازە، ئەگەر بێتو لێژنەیەکی باش جارێکی تر بەو نمرانەدا بچێتەوە و پشکنینی تەواوی بۆ بکات، ئەوە بە دڵنیاییەوە لە زۆر بابەت و وانەدا دەرناچێت و دەبێت دووبارە بخوێنێت و تاقیکردنەوە ئەنجامبدات. هیچ جۆرە جیاوازییەکیش نییە لە نێوان مامۆستایەك کە کاتی خۆی لە زانکۆدا ماوەی ئەو چوار ساڵەی هەر بە گۆرانی و گەشت

و سەیران و نەچوونە موحازەرە و کافتریاوە بردۆتە سەر لەگەڵ مامۆستایەك کە تەواوی کاتەکانی خۆی بە خوێندنەوە و کتێبخانە و چالاکی ڕۆشنبیری بردۆتە سەر.

بریا هەندێ جار بیرەوەریمان بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمانی پێش ئێستا، یاخود ئەگەر تەمەنیشمان گەورە نییە و هێشتاکە گەنجین، گرنگە لە گەورەکانمان بپرسین: باشە کاتی خۆی خوێندن و زانست چۆن بووە ؟ ئەی نرخ و بەها و ئاستی بڕوانامە چۆن بووە ؟ ئەدی چەندە هەوڵ و کۆششی پێویست بوو ؟ ئەوجا بۆمان بە دیار دەکەوێت کە ئێمە ئێستا لە چ ئاستێکی نزمداین. وێڕای هەموو ئەمانەش، کەچی لە کاتی بوونمان بە مامۆستاش, هەوڵنادەین ئەو کەلێنە گەورەیەی کە هەمانە پڕی بکەینەوە، بەڵکو گەورەتری دەکەین، هەر بۆیە ڕێنماییەکان و مەرجە پێویستییەکانی ماموستاییش جێبەجێ ناکەین, چونکی ئەو مامۆستا بەڕێزانە کاتی خۆی هەر وەهایان هێناوە, بۆیە نە دەفتەری پلانیان هەیە نە دەفتەری چالاکی خوێندکاران و نە نمرەی ڕۆژانەیان هەیە، تەنانەت زۆربەشیان شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە لەمەڕ ئەو بابەت و وانەیەی کە دەیڵێنەوە.

بە چەشنێك دەچنە پۆلەوە, بە دەستی بەتاڵ و ناوەڕۆکی خاڵی، ئەڵێی بۆ دێنی و سەردان بەڕێکەوتوون، دواجاریش بە گۆترە نمرە هەڵدەڕێژن بێ جیاوازی، یەك کەسیش لە وانەکەیدا ناکەوێت، بۆ ئەوەی دڵی هەر هەموویان ڕازی بکات، هەتاوەکو پێی بڵێن: بە ڕاستی مامۆستایەکی باشە ! ئەمەش تەنها لە کاتی هاتنی سەرپەرەشتیاردا زیاتر بۆمان بەدیاردەکەوێت، کە ئاستی ئەو جۆرە مامۆستایانە چەندە بەرزە ! کە هەندێکیان هەزار و یەك ڕەنگ دەگۆڕێن لە ترساندا.

هەروەها مامۆستاش هەیە دەرچووی کۆلێج و بەشێکە, وا دەخوازێ زیاتر و زۆرتر خۆی ماندوو بکات، وەکو مامۆستای زانستەکان یاخود زمانەکان، بەڵام ئەمانە جیاوازییان نییە لەگەڵ مامۆستای هونەر و وەرزش، کە بەداخەوە لای خۆمان پشتگوێ خراون و وانەکەیان بە هەند وەرناگیرێ. لە لایەکی تریشەوە لە ڕووی بەشەوانەکانیشەوە دیسانەوە دابەشکردنێکی نایەکسان دەکرێت، چونکی مامۆستا هەیە لە هەفتەیەکدا (٣٠)–سی بەشەوانەی هەیە، مامۆستاشمان هەیە تەنها (٣) سێ بەشەوانەی هەبووە لە هەفتەکەدا، ڕەنگبێ لە ڕووی ژمارە و ڕێنووسیشەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت، چونکی تەنها (.) سفرێك جیاوازییان هەیە و, لە ڕووی زمانەوانیشەوە تەنها (ً) حەوتێك جیایان دەکاتەوە.

خۆ نابێت لەوەش ببورین کە لە شوێنی وەها هەیە, ژمارەی مامۆستاکان لە خوێندکاران گەلێك زیاترە, مامۆستا هەیە هەر کە تاقیکردنەوە دەستپێدەکات، ئیدی دەبێت شەو و ڕۆژ بخاتە سەر یەك، چونکی ژمارەی دەفتەرەکانی هێندە زۆرە لە باسکردندا نایەت، کەچی مامۆستاشمان هەیە هەر دەفتەری نییە یاخود دوو–سێ پۆلی هەیە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، لە زۆر شوێن و جێگای جیاجیادا مامۆستامان هەیە جێی دەست و پەنجەی دیارە، چ لە بواری پەروەردەییدا بێت یاخود لە بواری زانستیدا، بەڵام مامۆستاشمان هەیە بە باوەڕی زۆر کەس زیانەکانی زۆرترە لە سوود و قازانجەکانی.

باوەڕ بکەن ئەگەر یەکێك تاقەتی ئەوەی هەبێت ئاستی هەندێ مامۆستا تاقیبکاتەوە، یاخود هەندێك لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی بەرانبەر بە خویندکاران بزانێت، ئەوە دەبێت هەر بە گەنجی سەری سپی

بێت و پێویستی به چەندین کتێب دەبێت بۆ ئەوەی مافی خۆیی بداتێ. بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە بواری پەروەردە و فێربوونیش وەکو تەواوی شوێن و جێگاکانی تری کۆمەڵگا، هیچ لێپرسینەوەیەك و بگرە جیاوازیشی تێدا نییە.

لەگەڵ بوونی هەموو ئەمانەش، وەڵێ ئێمە ناتوانین هیچ شتێك بڵێین، جگە لەم چەند ووشەیە کارێکمان لە دەست نایەت لەو بارەیەوە، چونکی ئەوانیش دەڵێن ئێمەش وەکو ئێوە مامۆستاین و خاوەن باوەڕنامەین. ئەمانیش زیرەکن بۆخۆیان، چونکی دەزانن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونی ئەو جیاوازییانەی سەرەوە وەکو یەکن، دەشزانن کەوا کاربەدەستانی بواری پەروەردە و فێربوون ئەمانی پێگەیاندووە و, بوونە بە مالێ بە سەریانەوە، بۆیە هیچ کارێك ناکرێت لەو بارەیەوە.

ئێمە لە مێژەوە دەزانین کاربەدەستانی پەروەردەش پێیان خۆش نییە لێیان بپرسین: بۆچی هیچ جیاکارییەك نییە لە نێوان ئەو دوو جۆرە مامۆستایانە ؟ لەوەش گرنگتر ئەوەیە بپرسین: ئەرێ نرخ و بەها و پیرۆزی مامۆستا وەکو جاران ماوە ؟ کە مەبەستم ئەو ڕێز و شەرمەیە کە پێشتر هەبووە لە نێوان خوێندکار و مامۆستادا ؟ باشە ئەبێت چ بلیمەت و حەکیمێك و، چ جۆرە سیستەمێکی سەرکەوتوو لە پشتی ئەم گۆڕانکارییە خێراییەوە بووبێت، کە دۆخی پەروەردە و فێربوونی گەیاندۆتە ئەم ئاستە بەرزەی ئەمڕۆمان ؟ وەلاّمەکەی بە هەر جۆرێك بێت, ڕەنگبێت زۆر گرنگ نەبێت، چونکی لە ئێستادا بە هەر هەموومان هەر دەڵێن مامۆستا, هەر هەمووشمان هەر مامۆستاین.

ئەفسانەی سیمبولی مرۆڤە گەورەکان [١٥]

ئەگەر جووتیاری و شوانکاری نەبوونایە، تەخشان و پەخشان و پرابواردنی دەوڵەمەندان نەدەبوون، جێگەی جووتیار و سەنعەتکار لە شارستانییەتدا لە جێگەی میران بە کەڵکترە، دیومانە گەلێك بێ پادشا بژێت، بەڵام نەماندیوە پادشایەك بێ گەل بژێت.

(جەمالەددینی ئەفغانی)

ئاشکرایە جیاوازی نێوان مرۆڤەکان و چین و تووێژ و ڕەنگ و عەشیرەت و ڕەگەز و بنەچە و, پرسی دەرەبەگ و جووتیار و کۆیلە و خاوەن زەوی، بابەتێکن هەر لە میژەوە هەبووە. ڕەنگبێ بە لای زۆر کەسیشەوە جێگەی ڕەخنەگرتن نەبووبێت، بەڵام زۆر کەسی ژیریش هەبووە کە ئەم جیاوازییە بێ بنەمایەی پێ پەسەند نەبووە، لەوانەش (سپارتاکۆس) کە لە سالانی (٧٣-٧١) ی پێش زایین ڕابەرایەتی شۆڕشێکی گەورەی دەکرد لە قۆناغی میژووی کۆندا، کە بە ڕووی خاوەن زەوی و دەسەلاتدارانداا بوو. بە باوەڕی ئێمە بوون و سەرهەڵدانی جیاوازی مرۆڤەکان و داتاشینی زاراوەی وەك مرۆڤی گەورە و مرۆڤی

[١٥] ئامانج نازم بیجان, ئەفسانە سیمبولی مرۆڤە گەورەکان, (گەرمیانی ئەمڕۆ)-ڕۆژنامە, ژمارە (٦٢), چاپخانەی کەمال, ئایاری (٢٠١٢), ل٦.

بچووك و ئازا و تەمبەڵ و تەوەزل و دەسەلاّتدار و خزمەتكار و دوڵەمەند و هەژار هتد... زاراوەگەلێكن خودی كۆمەڵگە بەرهەمیهێناوە و ڕۆژانە بە كاریدەهێنێت. زۆرجاریش لە لایەن ئەو كەسانەوە بەكاردەهێنرێت كە تەواوی فەلسەفەی ژیان لە هێز و ستەمكاری و دواكەوتوویی دەبینێتەوە.

ئەو پێوەرانەش كە دانراوە بۆ ئەو زاراوانەی سەرەوە، هەروەكو چۆن لە شوێنێكەوە بۆ جێگەیەكی تر جیاوازە، ئا بەو چەشنەش لە قۆناغێكەوە بۆ سەردەمێكی تر گۆڕینی بەسەردا هاتووە. زۆر جار جێگە و قۆناغی پێوەرەكان، ئەوەندە جیاوازن لە یەكترەوە دەگاتە ئەو ئاستەی كە پێچەوانەی یەكتر بن. بەداخەوە هەتاوەكو هەنووكەش زۆر لەو پێوەر و پێودانگانەی كە دانراوە بە شێوەیەكی گشتی نەكراونەتەوە و شیكردنەوە و لێكدانەوەی هزری زۆر ووردیشیان بۆ نەكراوە. غەم و پەژارەش بۆ كۆمەڵگەیەك كە هاوشێوەی كۆمەڵگەی كوردی ڕۆژانە ژیان بەو پێوەرانە دەگوزەرێنێ, چونكی هەتاوەكو ئێستاشی لەگەڵدا بێت كردەوەكانی ڕۆژانەی لێوانلێوە لە ئەفسانە و خەیاڵپلاّو و وڕێنەی ئەو سیمبولانەی كە بنەمایەكی وەهای نییە جێگەی باوەڕی مرۆڤە ژیر و هەستیارەكان بێت، بەڵگەیەكیشیان بە دەستەوە نییە هەتاوەكو دەم و دەستی ئەم ڕەخنە و پرسیارانەی پێبداتەوە.

بە باوەڕی ئێمە, كۆمەڵگەی كوردی بە شێوەیەكی گشتی لە میانەی مامەڵەكردنی لەگەڵ ژیاندا، نە لە خوودی ئایین گەیشتووە و نە كار بە یاسا مرۆییەكانیش دەكاتن، بەتایبەتی لە پرسی تێڕوانینیان بۆ مرۆڤ و ژیان. دەتوانین بەباوەڕێكی زۆر بەتینەوە بڵێین كە هەرگیز ناتوانن وەلاّمی پرسیارەكانمان بدەنەوە. لێرەدا زۆر گرنگە بپرسین:

باشە ئەم پێوەرانە چۆن دانراون ؟ ئایە پێوەرێکە و لە خزمەتی گشتیدایە یان بۆ بەرژەوەندی چینێکە و پشتگوێخستنی چینەکانی تری کۆمەڵگەیە ؟ داخۆ ئەو پێوەرانە چەندە پەیوەندی بە خودی توانا و وزەی خودی مرۆڤەکانی ئێستاوە هەیە ؟

سەرەتا دەبێت لە ڕوانینی ئایینەوە بڕوانینە ئەم پرسە، بزانین ئایین چۆن تەماشای ئەم پرسەی کردووە ؟ دەگێڕنەوە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لێبێت, لە حەجی مالئاواییدا وەستاوە و ووتارە نەمرەکەی فەرمووە، کە تێیدا هاتووە: ئەی خەڵکینە، ئادەمیزادەکان هەموویان نەوەی ئادەمن و ئادەمیش لە گڵەوە دروستبووە، ڕێزی عەرەبێك نییە بەسەر غەیری عەرەبدا یان سپی پێست بەسەر ڕەش پێستدا، تەنها بە چاکەکاری و پارێزکاری نەبێت. ئەگەر نموونەی (بیلاڵی حەبەشی)ش بهێنینەوە, ئەوە وێنەکەمان زیاتر لا ڕوونەدەبێتەوە، ئەو کۆیلەیەی کە دواجار دەبێت بە موسڵمانێك و پایەی گەلێك بەرز و بڵند دەبێتەوە. لە قورئانی پیرۆزیشدا خودای گەورە لە سورەتی (الحجرات)دا دەفەرمێ: ﴿يَأَيُّها النَّاسُ إنَّا خَلَقنكُم مِن ذَكَرٍ وَأُنثى وَجَعَلنكُم شُعُوبا وَ قَبَائلَ لِتَعَارَفوا إنَّ أكرَمَكُم عِندَ اللهِ أتقَكُم إنَّ اللهَ عَليمٌ خَبِيرُ (١٣) ﴾.

شیاووی باسە, دەسەلاتیش لەم بارەیەوە کەم مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگەی چەواشە نەکردووە، بۆ نموونە زۆرجار باس لە پرسی شەهید دەکەن، بە بۆچوونی ئێمە مرۆڤێك کە خاوەن ویژدان بێت، هەرگیز ناتوانێت بەسەرزار مافی ئەو پلە و پایە بالآیە بدات، بەڵام مەخابن دەسەلآت بە جۆرێکی تر مامەڵەی لەتەکدا دەکات، چونکی شەهیدان و پیاوە قارەمانەکانی نیشتیمان, کە ڕۆحە پیرۆزەکەیان لە پێناو خاکدا بەختکرد، نابێت لەگەڵ مرۆڤی زیندووی ئێستا بەراورد بکرێ، ڕەنگبێ

دەسەلآت مەبەستی لەم کردارەیدا ئەوە بێت کەوا خەڵکی پێ چەواشە بکات و خۆی لە تاوانەکان بدزێتەوە، چونکی خودی دەسەلآتیش پۆڵی هەبووە لە شەهیدبوون و کوشتنی براکانی خۆیان.

لە نێو پارت و لایەنە کوردییەکانیشدا بەهەمانشێوە نەیانتوانیوە خۆیان لەو پرسە دوور بخەنەوە، کە هەندێك لەو پارتانەش بەداخەوە دروشمی وەکو یەکسانی و سەربەستی و ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤیان بەرزکردۆتەوە. بەدرێژایی مێژوویش لە پرسی عەشیرەتگەری و هۆزایەتی و بنەماڵەیی هتد... بەدەر نەبوونە. بەباوەڕی ئێمە, ئەمەش خاڵێکی لاوازی هەر لایەنێکە کە بیرکردنەوەی وەها بێت، چونکی پرسە نیشتیمانییەکانی لەبیر دەچێتەوە.

زۆر سەیر بوو بەلامەوە, پۆژێکیان ئەندامی یەکێك لە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان کە تازە خەریکی کاری ڕێکخستن بوو، ئێستا ئەندام پەرلەمانی کوردستانیشە، ئیدی لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانم قسەی زۆریانکرد، بەڵآم یەکەم ووتەی ئەو کەسە ئەوە بوو گووتی: ئاساییە پرسیارێك بکەم ؟ برادەرەکەشم ووتی: زۆر ئاساییە، ئەویش گووتی: بێ زەحمەت لە چ عەشیرەتێکی ؟ چونکی دیار بوو نێوبراوو مەبەستی بوو بزانێ ئایا عەشیرەتی برادەرەکەم بۆ لایەنەکەیان دەشێ یان ناگوونجێ ؟ ئەمە کردارێکی وەها سانا نییە کە مرۆڤی خاوەن ویژدان و هەست ناسك و خوێنەر و ژیر نەوروژێنێت، چونکی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە لە لووتکەی هەڕەمەکەوە شۆڕ بووەتەوە بۆ خوارێ. بەداخەوە لە کوردستانی خۆماندا ڕێچکەشیان شکاندووە، چونکی پرسی ناوچەگەریش هەیە و لایەنێکی ئێجگار زاڵە.

وێڕای هەموو ئەمانەش, ئەم پرسە ترسناك و كوشندەیە زۆر تا كەم لە نێو كایەی ڕۆشنبیریشدا هەستی پێدەكرێت، چونكی نووسەری زۆریشمان هەیە كە شانازی بە بنەماڵە و عەشیرەت و هۆز و ناوچەكەی خۆیەوە دەكات یاخود نووسەر و خوێنەریشمان هەیە زۆر جار خۆی بە كەسانی تردەوە دەبەستێتەوە. تەنانەت ئەم نەخۆشییە دزێو و زیانبەخشە، خۆی خزاندۆتە نێو ناوەندە ئەكادیمییەكانیشەوە، چونكی لە زانكۆكانیشدا خوێندكار و مامۆستا و دكتۆرەكانیش زۆرینەی كات سەرقاڵی پێكهێنانی گرووپی جیاجیان، كە خۆی زیاتر لە ناوچەگەری و پارتایەتی دەبینێتەوە، لەم بارەیەشەوە گرووپی سلێمانییەكان و دهۆكییەكان و كۆییەكان و گەرمیانییەكان و هەولێرییان هتد... هەیە و زۆر جار خوێندكاران لە بەشە ناوەخۆییەكانیاندا لەسەر دەرگاكەشیان ئەم ناونیشانانە دەنووسن، ئەمە جگە لەوەی كە نوكتە و گاڵتە بە شوێن و هەڵسوكەوت و شێوەزاری ناوچەكان دەكەن.

شیاووی گووتنە، لە كۆمەڵگەی كوردیدا بابەت گەلێك لە ئارادایە كەوا كراوە بە پێوەر بۆ سیمبولی مرۆڤە گەورەكان، وەكو عەشیرەت و هۆز و خێڵ و ڕەگەز و پلە و پایەی ڕامیاری و بابەتی ڕووكەشی و مەزهەب و سەروەرت و سامان و شوێن و جێگە هتد... بەبۆچوونی ئێمە, ئەم جۆرە بیركردنەوانە خۆی لە هزر و تێڕوانینی مرۆڤە هەژار و ساویلەكەكاندا دەبینێتەوە، چونكی لە زۆر ڕەهەند و گۆشە نیگاوە وا خۆی نیشاندەدات كە لە فەلسەفە و ماهییەتی ژیاندا نائاگا و ناشارەزا و ناهۆشیارە. باشە ئێمە دەپرسین: ئاخۆ كێ هەیە ئارەزووی ئەوە نەكات كە خاوەن بابەتێك بێت، خەڵكی بە پەنچەی دەست هێمای بۆ بكەن ؟ باشە ئەبێ تاوانی

مرۆڤێك چ بێت كه به پێوەری كۆمەڵگه و سەردەمێكی دواكەوتوو، پله و پایەی ڕامیاری یاخود ئابووری یان كۆمەڵایەتی یاخود ئایینی نەبێت ؟

كارەسات لەم كاتانەدا لەو ساتەوەختەوه سەرچاوه دەگرێت، ئەگەر بێتو ئەو بابەتانه ئەفسانه نەبن و له هەمان كاتیشدا سوودبەخشبن، هێشتا ناتوانێت خۆی له بێ بەهایی و لاوازی و بێ ئەزرشی بپارێزێ. چونكی سەیره, زۆر جار مرۆڤ كاتێك ئەو بابەتانه دەكاته پێوەر بۆ مرۆڤی گەوره و مرۆڤی بچووك، كەچی زۆر تا كەم پەیوەندی به بارودۆخ و كات و شوێن و هەلومەرجی ئێستای خودی مرۆڤەكانەوه نییه, بۆ نموونه پرسی شەهید له دیدی ئایین و نەتەوەییشەوه كه پله و پایەیەكی گەلێك مەزنی هەیه، دەبێت هەموومان لەو بارەیەوه كۆك و تەبا بین. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیه: باشه كەسێك كه نه له سەردەمی جەنگ و بزوتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی كوردی بەشدار نەبووبێت یان له شەڕی براكوژی و ناوەخۆییدا نەژیابێت، ئەبێ تۆ ئەوان و سەردەمەكەیان بكەی به پێوەر بۆ ئەم كەسه و لەم دۆخ و قۆناغەدا ؟ ئەمه وەكو ئەوه وایه كۆمەڵێك قوتابی له قۆناغێكدا تاقیكردنەوەیان كردبێت، لەو لاشەوه گرووپێكی تر له قۆناغێكی تر سەرقاڵی تاقیكردنەوەی خۆیان بن، له كاتێكدا شوێن و كات و پرسیارەكەشیان جیاواز بێت، كەچی تۆ هەرهەموویان به یەك پێوانه بپێوی.

ئەم پرسه كاتی خۆی تەنانەت سەرەنجی پێشەوایانی ڕێنیسانسیشی ڕاكێشاوه، چونكی (پەترارك)-(١٣٠٤ - ١٣٧٤) ی زایینی، باوەڕی وابووه كه دەبێ تاكه كەس به خودی خۆیەوه ببەسترێتەوه، نەك به پێی بنەماڵه و ڕەچەڵەك حسابی بۆ بكرێ. بەهەمان

شێوە (پوکاشیۆ)ش-(١٣١٣ - ١٣٧٥)ی زایینی، پەرەی بەو بیرۆکەیەدا کە دەیگووت: نابێ پلە و پایەی تاکە کەس، بەو چاوەوە تەماشابکرێ، کە لە چ خێزان و بنەماڵەیەکە، بەڵکو دەبێ کار و کردار بکرێتە محەکی چاکە و پیاوەتی تاکە کەس. بە تێڕوانینی ئێمە, ئەم پرسە لە دوو لاوە جێگەی بەزەیی پێهاتنەوەیە، چونکی لە لایەک مرۆڤ هیچ بەهایەک بۆ خۆی ناهێڵێتەوە و، هەمیشە پشت بە کەسانی پێش خۆی دەبەستێت یاخود خاوەنی بابەتگەلێکە کە لە کۆمەڵگەدا جێگەی ڕێزە، وەلێ بۆ خۆی هیچ ڕۆڵی تێدا نەبینیوە و بۆی بەجێ ماوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا وەها لەو مرۆڤە دەکات لە داهێنان بوەستێ, چونکی مرۆڤ گرنگ نییە کێیە و پێگەکەی چۆنە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چەندە سەرکەوتووە لەو کارەیدا.

نابێت جیاوازی لە نێوان جووتیارێک و سەرکردەیەک هەبێت، بەڵکو کارکردن و بەڕێوەبردن و سەرکەوتن و دەرئەنجام تێیدا گرنگترە. بە بۆچوونی ئێمە, هەر کار و کردارێک کە مرۆڤ ڕۆڵی تێدا نەبێت یاخود لە سەرووی وزە و توانای مرۆڤەکانەوە بێت، نابێت هێندە بایەخی پێبدرێت، بەڵکو دەبێت لە بارەی ئەو کار و کردەوانەوە بدوێین کە مرۆڤ بۆخۆی تێیدا بەرپرسیارە، بەتایبەتی بابەتی نێوەڕۆک و دەرئەنجامی کار و کردەوەکانی خودی خۆی نەک کەسانی تر.

شیاووی باس لێوەکردنە، ئەم بیرۆکە دواکەوتوو و دزێو و زیانبەخشە، ڕیشەیەکی لە میژینەی هەیە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، چونکی کاری لە هەندێ شاعیری هەست ناسک کردووە کەوا بیگوازنەوە بۆ نێو بواری ئەدەبیش. ئەوەتا (ئەحمەد هەردی) پێمان دەڵێت: گەر چی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە, هەر بە تەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و عانەیە, گیانەکەم ! ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە, بێ ئەوەی هیچ شک

بەرێ کوژراوی ئەو چاوانەیە, هەر بە تەنیا خۆشەویستی شك ئەبەم، ست فاتمە, سەروەتم ناوێ، بزەی تۆ ئەوپەڕی ئاواتمە.

لە کۆی ئەو کوورتە باسەوە, بۆمان بەدیارکەوت کەوا یەکێك لە دەرد و نەخۆشییە کوشندەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بزربوونی خوودی تاکەکانیەتی بە هەموو وزە و توانا و بیرکردنەوە و کردارەکانییەوە، بەڵکو هەمیشە شوێن و پێگە و ناوبانگی و قارەمانییەك کە دەیدرێتێ، دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵە و ڕەچەڵەك و باوباپیران و هۆز و خێڵ و ئایین و ناوچەکەی کە هەیبووە، نەك خودی وزە و توانا و بەهرە و ئاکاری تاکەکە خۆی. بۆیە گرنگە لە یادمان نەچێت، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە هیچ بنەمایەکی ئایینی و مرۆڤدۆستی نییە، چونکی دەبێ سیمبولی مرۆڤی گەورە ئەوە بێت کە خوودی خۆی بەرهەمی دێنێت، نەك کەسانی تر. هەر بۆیە (دیکارت) ی فەیلەسووفیش ناهەقی نەبووە گووتوویەتی: جیهان پڕە لە نەزانی، چارەسەریشی هەر ئەوەیە سەرجەم پێکهاتەکانی کە هەن، تێکبشکێندرێن و سەر لە نوێ لەسەر بنەمای عەقڵ و ئەزموون بونیاد بنرێتەوە.

جا بۆیە پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە ئێمە بە هەڵەدا چووین, هەروەها دەبێ کۆمەڵگەش وا بڕوانێتە مرۆڤەکان کە هەن, پێوەرێك بۆ سیمبولی مرۆڤە گەورەکان دابنرێ، کە لەسەر بنەمای ئەقڵ و ئەزموون و بیرکردنەوەی دروستی مرۆڤدۆستی بێت. پێویستە مرۆڤ ئەگەر باوکی پێغەمبەرێك یان فەیلەسووفێکیش بێت، خۆی پێوە نەبەستێتەوە و وایلێبکات خۆیی لەبیر بچێتەوە، بەڵکو شانازی بە کار و کردەوەکانی خۆیەوە بکات. دەبێت لە یادیشمان نەچێت, جیاوازی هەر دەبێ هەبێت، بەڵام جیاوازییەك کە لەسەر بنەمای ئەقڵ و بیرکردنەوە و ئەزموون و

سوودبەخشین بێت بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا, کە مرۆڤ خۆی پۆڵی تێدا هەبێت. ڕەکابەرایەتیش هەبێت، وەڵێ لەمەڕ بابەتگەلێك بێت کە سوودی بۆ مرۆڤ هەبێت و کۆمەڵگەش بە ئاڕاستەی باشتر بەرێت.

ئەگەر خودا نەبووایە،
دەبوو خودایەکمان بۆ خۆمان سازبکردایە

گووتارێك بو نائاییینییەکانی تاکی کوردی [١٦]

هەروەك چۆن هۆش و فام باوەڕ بەوە ناکا کەوا خانوویەکی بەنەخش و نیگار لە خۆیەوە پەیدا بووبێ و چرایەك لە خۆیەوە داگیرسا بێ، هەروا باوەڕیش ناکا کەوا ئەم جیهانە لە خۆیەوە پەیدابووبێ و بێ خاوەن و بێ پەروەردگار بێ، یاخود پەروەردگارەکەی بێ هۆش و فام و ناتەواو و داماو بێ.

(مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)

مرۆڤ یەکێکە لەو بوونەوەرە سەیر و سەمەرانەی گۆیی ئەم سەر زەوییە. بەڵام ئەگەر بە ووردی مێژووی مرۆڤایەتی بخوێنینەوە، بۆمان بەدیاردەکەوێت کە مرۆڤ جگە لەوەی کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵکو هەر بەفیترەت حەزی لە ئایینە. واتە حەز و ئارەزوویەکی تێدایە سەبارەت بە ئایین و خودا و باوەڕهێنان بە خودایەك کە خاوەنی ئەم

[١٦] ئامانج نازم بیجان، ئەگەر خودا نەبووایە، دەبوو خودایەکمان بۆخۆمان سازبکردایە– گووتارێك بۆ نائاییینییەکانی تاکی کوردی، (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە، ژمارە (٨٥)، حوزەیرانی (٢٠١٤)، ل٤.

جیهانەیە. لاپەڕەکانی مێژوو پێمان دەڵێن کە بە درێژایی دیرۆکی مرۆڤایەتی، مرۆڤەکان بە دوایی شوێن و کەسێك گەڕاون بۆ ئەوەی بتوانن لایەنی ڕۆحی خۆیانی پێپڕبکەنەوە, بۆیە پەنایان بردۆتە بەر پەرەستنی دیاردە سروشتییەکان, بوونەوەرەکان, بتەکان هتد... ئەگەر ئاوڕ لە شارستانییەتە کۆنەکانی دونیاش بدەینەوە و، تەماشای شوێنەوار و پاشماوە و نووسراوەکانیان بکەین، بە ڕوونی بۆمان بەدیاردەکەوێت کە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە هەستی بە بوونی خوڵقێنەرێك کردووە کە خاوەنی ئەم جیهانەیە.

ئەگەر بێتو چاوێك بە شارستانییەتی (دۆڵی نێوان دوو ڕووبار), (دۆڵی نیل)دا بخشێنین، ئەوە ئاماژەی ڕوون و ئاشکرای تێدایە لەو بارەیەوە, بۆ وێنە (داستانی گلگامیش) یاخود (نووسراوی سینۆهە)، بەڕاستی ئەم جۆرە داستانانە ئەگەر سەرەنجییان بدەین، ئاماژەی زۆر گرنگی تێدایە لەو بارەیەوە. بە لای منەوە, بوونی ئەو جۆرە پەرەستن و ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی کە لە سەردەمانی کۆندا هەبووە، بۆخۆی جۆرە زیرەکی و لێهاتوویی و هۆشیارییەکی تێدا بەدیدەکرێت، چونکی ئەگەر سەرەنجبدەین, ئەوە سەرەتایەك بووە بۆ خوداناسی و ئایینناسی. پێشم وایە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بێ هۆکار نەبووە, لەبەر ئەوەی ئەگەر بەپێی زەڕفی شوێن و کاتیش تێیبڕوانین و مامەڵەیان لەتەکدا بکەین, هێشتا لە گرنگی بەدەر نییە.

شیاووی باس لێوەکردنە، ڕاستە مرۆڤ هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە هەستی بە بوونی خودایەك کردووە یاخود خودی مرۆڤ خۆی بە دووی خودایەکدا گەڕاوە بۆ ئەوەی پەنای بۆ ببات، وەڵێ ئاسان نەبووە بتوانێت بەتەواوی گوزارشتی لێبکات و بە پشت و پەنای خۆیی بزانێت،

بۆیە پێویستی بە کات و سەردەمێکی باش هەبووە بۆ ئەوەی بەتەواوی لە خودا و ئایین تێبگات, لەوەش فام بکات کە ئایە مرۆڤ بۆ چ ئامانجێك لەم دونیایەدا خولّقێنراوە ؟

بەبۆچوونی من, پەیدابوونی کەسی نائایینی یاخود بێباوەڕیش بابەتێکی تازە نییە، بەڵکو لە تەواوی سەردەم و قۆناغەکانی مێژوودا بوونی هەبووە. بۆیە ئێستاشی لەگەڵدا بیت لە هەموو دونیادا کەسانێکی زۆر هەن کە نائایینیین. ڕەنگە من بۆخۆم بە چەشنێکی تر بڕوانمە عەرەبێکی عەلمانی، چونکی هیچ نەبێت لە ئەلف و بێی ئایینی ئیسلام گەیشتووە یاخود بشێت بە دیدێکی تر تەماشای ڕۆژئاواییەکی نائایینی بکەم, بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بە لای منەوە، نائایینییەکانی تاکی کوردییە, واتە ئەو کوردانەی کە باوەڕیان بە هیچ ئایینێك نییە. ڕەنگبێ ئاگاداری نووسین و قسە و هەڵسوکەوتی زۆربەیان بووبێتم, بەڵام زۆر بەداخەوە ئەمانیش دونیایەك هەڵە و کەموکورتییان هەیە, بوونە بە تانە و عەیبە بە نێو کۆمەڵگادا, چونکی زۆربەی هەرە زۆریان خاڵیین لە هونەری گفتوگۆ, تێگەیشتن, لەسەرەخۆیی, ڕاستگۆیی هتد... نازانم چەپ و نائایینی چۆن ئەبێت تونڕەو بێت یان سوکایەتی بە پیرۆزییە ئایینییەکان بکات ؟ چونکی ئەوان بە کەسانی ئایینی ئەڵێن تونڕەو.

سەرسووڕمان لەوەدایە ئەمانە بێ ئەوەی شارەزاییەکی باشیان لە مێژووی ئەو ئایینە هەبێت یان شارەزاییان لەو زمانە قوولّ و دەوڵەمەندە بێت کە مێژووی ئەو ئایینەی پێ نووسراوەتەوە، هاتوون بە هەموو حەز و ئارەزووی خۆیان قسەی لە بارەوە ئەکەن. لە لایەکی تریشەوە تەنانەت ئەوانەی هەڵگری ئەو بیروباوەڕەشن، کە خۆیان بە نائایینی ناوی دەبەن، زمانی ئەوانیش نازانن، هەر تەنها لێرە و لەوێ شتێکیان بیستووە و

ووتوویانه خودا نییه. وەکو برادەرێکم دەیگووت: هاوڕێیەکی هەبووە ووتوویەتی: من هیچ شتێك نازانم، بەڵام ئەزانم خودا نییە.

بەدەیان کەسی نائایینی ئەناسم, نە زمانی عەرەبی و نە زمانێکی بیانیش دەزانێت, باشە بەچی وازی لەم بیروباوەڕەی هێنا ؟ ئەی بە چی هۆکارێك بیروباوەڕەی نائایینی وەرگرت ؟ پێش هەموو شتێك, هەر کەسێك ئەگەر بیەوێت قسە یاخود ڕەخنە لە ئایین بگرێت بەتایبەتی لە ئایینی ئیسلام، پێویستە زمانی عەرەبی بە هەموو لق و بەشەکانییەوە بە باشی بزانێت، چونکی زانینی زمانی عەرەبی کۆڵەکەیەکی زۆرباشە بۆ تێگەیشتن لەو ئایینە. پاشان ئەبێت شارەزایی هەبێت لە مێژووی ئایینی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی سەردەمانی پێش ئەو ئایینە. ئەمە جگە لەوەی کەوا دەبێت لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) لەسەر بێت تێگەیشتبێت.

شیاووی باس لێوەکردنە، هەندێك لەو براەرانە پێیانخۆش نییە پێیان بگوترێ بێباوەڕ، چونکی لایان وایە ئەمانیش باوەڕیان هەیە، بەڵام باوەڕەکەیان بریتییە لە بێباوەڕی, کە ئەمەش بیروباوەڕە بۆخۆی. لە هەمان کاتیشدا پێیان خۆش نییە ئەم بیروباوەڕەیان سنوور یان چوارچێوەیەکیان بۆ دابنێیت، چونکی ئەوان لایان وایە وازیان لە ئایین هێناوە بۆ ئەوەی تووشی ئایین و بیروباوەڕێکی تر نەبن، من نازانم ئەمە ناو بنێم چی ؟

ئەم نائاییییانە, کۆمەڵێك قسە و ووتەی سواوی لێرە و لەوێ دووبارە و سەدبارە ئەکەنەوە, کە هینی خۆیان نییە و لەسەرزاری خەڵکانی تر بیستوویانە. بۆ وێنە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە گوایە کەسی ئایینی کەسێکی ئەقلاّنی نییە، بەڵکو کەسێکی ئاییننییە, بێ ئاگا

لە مێژووی فیکر و فەلسەفە و شارستانییەتی ئیسلامی، کە چەندین بیرمەند و فەیلەسووف و پیاوی گەورە گەورەی تێدا هەڵکەوتووە. جارێکیان لەگەڵ برادەرێك لەو بە ناو نائایینییانەوە گفتوگۆمانکرد، باسی زۆرێك لە فەیلەسووفە ئیسلامییەکانم بۆی کرد، پاشان هاتمە سەر باسکردنی گەورە بیرمەندی عەرەبی (د. عەبدولڕەحمان بەدەوی)، بەداخەوە هیچی لە بارەوە نەدەزانی, زۆر نەمابوو ئەقڵ لەدەستبدەم، چونکی ئەو برادەرە خۆی پێ لە فەیلەسووفیش گەورەتر بوو. پاشان ووتی: ئەوە هیچ لە فەلسەفە تێنەگەیشتووە.

ئەپرسم: ئایا ئەقڵ بە تەنها بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ هەمیشە پەنای بۆ ببات ؟ بە باوەڕی من, ئەندێشە و تێڕامان و سۆز و خۆشەویستی بابەتگەلێکن کە نرخ و بەهایان لە ئەقڵ و ژیریی کەمتر نییە. چونکی بنواڕە, مرۆڤ ناتوانێت هەموو کاتێك ئەقڵانی بێت، واتە هەندێ جار پێویستی بە بابەتی خەیاڵئامێز هەیە, هەر لەم سۆنگەیەوە بەرهەم و دەرئەنجامی بایەخداری بەرهەمهێناوە، کە ڕەنگبێت (شیعر), (ڕۆمان), (چیرۆك), نموونەیەکی باشبن لەو بارەیەوە, باشە ئەمانەش دواجار نابن بە زانست و بابەتی گفتوگۆ ؟

لام وایە هەندێك بابەتی ئایینی هەیە لە سەرووی بیرکردنەوەی مرۆڤەوە بێت. چونکی مرۆڤ هەموو شتێك بە پێوانەی توانا و هێزی بیرکردنەوەی خۆی ئەپێوێت. نەك هەر ئایین, ڕەنگە بابەتی تریش هەبن کە ژیری مرۆڤ باوەڕی پێنەکات. ئەوان ئامادەن باوەڕ بە نووسراوێکی یۆنانی بکەن کە لە پێش زایین نووسراوەتەوە, وەلێ ئامادەنین باوەڕ بە قورئان و موعجیزەکان و مێژووی ئەو ئایینە بکەن.

لام وایە هۆکاری سەرەکی نائاییەکانی کوردستان بۆ دوو خاڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە, یەکەمیان: نەبوونی توانا و وزەی ئەو کەسانەیە بەرانبەر بە ئایین، کە بێگوومان ئەمەش هەر خۆی لێی بەرپرسیارە یان حەزیان لە سنوور نییە، حەزیان لەوەیە کە ئازادبن لەوەی کە بیری لێدەکەنەوە, بۆیە لە ئایین یاخی ئەبن. دووەم: زۆربەی ئەو کەسانەی یاخیین لە ئایین، زۆرینەی جار بە هۆی کارەساتێکەوەیە بووە, کە ڕەنگبێت هەندێ جار پرسی عیشق و خۆشەویستی کچێك بێت. بۆیە لەو تاقیکردنەوەیەدا دەرناچن و لە ئایین یاخی ئەبن.

هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسەی سەرەوەدا, دوورناکەوینەوە لە ڕاستی ئەگەر بڵێین نائاییەکانی تاکی کوردی, ئەم بیر و هزرەیان بەرهەمی بیرکردنەوە و تێڕامان و خوێندنەوەیەکی قوولّ نییە، وەکو ووتم قسەی کەسانی تر دووبارە ئەکەنەوە, خۆیان لە میانەی لێکۆڵینەوەوە پێی نەگەیشتوون. بۆیە هەمیشە کەیفییان بە پرسیارگەلێك دێت کە ڕەنگبێت لە سەرووی هەموویانەوە ئەوە بێت بپرسن: ئەرێ خودا هەیە ؟ لەم ژیانەدا مرۆڤ کاروکردەوەی بەدەستی خۆیەتی یاخود دەستی خودای لە پشتەوەیە و مرۆڤ تێیدا بێدەسەلاّتە ؟ گەردوون و دونیا هەر لە خۆیەوە هەبووە یاخود دروستکراوە ؟

کارەسات لەوەدایە, ئەمانە مرۆڤیان کردووە بە پێوەر و ئەقڵییان لە هەموو شتێك لا گەورەترە. جگە لەمەش بێ ئاگا لەوەی کە بابەتگەلێك هەن کە مرۆڤ لە ئاستیدا بچووکی خۆیی بۆ بەدیاردەکەوێت. سەیر لەوەدایە نائاییەکان ڕەخنەیەکی زۆر دەگرن، بەلاّم بێ ئەوەی لە واتای ڕەخنە تێبگەن، لام وایە ڕەخنە ئاسانترین شێوازی ئاخاووتن و نووسین بێت. چونکی ئەوان ڕەخنەیەکی ئێجگار زۆر دەگرن، کەچی

ئەلتەرناتیڤێکی گوونجاوتریان نییە, هەمیشە ووتوومە دەی باشە تۆ شتێکم بۆ بدۆزەرەوە با لە ئایین باشتر بیت، ئەوجا بزانە هەر کەسێك مەیلی لێبێت لە تەنها دێڕێکدا، ئەتوانێ پەنجا هەڵەت لێبگرێت یان نا ؟

بەبۆچوونی من, ئەم جۆرە کەسانە بەهیچ جۆرێك شیاووی گفتوگۆکردن نین, چونکی ووشەی وەها فڕێ ئەدەن کە مرۆڤی ژیر دەبێت لە ئاستیدا بێدەنگی هەڵبژێرێت, لە بارەی تەنها ووشەیەکییانەوە دەتوانرێت یەك کاتژمێر قسان بکرێت. شیاووی باسە, زۆرینەی جار کولتوور و دابونەریتی ڕۆژئاوا دەکەن بە نموونە، بێگوومانم لەوەی زۆربەی زۆریان نە شارەزای مێژووی ئەورووپان، نە دونیای ڕۆژئاوایان دیووە هەتا ئەزموونی بکەن و دواجار بتوانن قسەی لە بارەوە بکەن. ئەوان ڕۆژئاوا و وولاتە پێشکەوتووەکانی دونیایان کردووە بە پێوەر و هەمیشە باسی لێوەئەکەن، وەکو ئەوەی نائاییینییەکانی کوردستان دەستێکی بالاێان هەبووە لە بونیادنانی ئەو شارستانییەتە گەورەیە و ئەمان بەردی بناغەیان دانابێت.

ئەوەی ژیان و گوزەرانی دەرەوە و تاراوگەی بینیبێت، بەباشی هەست بە دۆخی نائاییینییەکان دەکات بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە خۆیانیان بزر نەکردبێت و ڕاستەوەخۆ وەکو دونیانەدیدە و کاڵفام نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەو ژیانەی ئەوێ. ئەوەی دەم لە مافی ئافرەت ئەدات یاخود باسی مافی مرۆڤ ئەکات، با بۆ چەند ساڵێك لە دەرەوەی کوردستان و ڕۆژئاوا بژێت، ئەوجا بە باشی تێدەگات ئافرەت لە چ شوێنێکدا مافی هەیە. خۆزگە خوێنەر چاوێکی لەو نائاییینییانە بووایە و تەماشایانی بکردایە کەوا چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا دەکەن، ئەوجا تێدەگەن ئافرەت چ جۆرە مەخلوقێکی سەیرە لە ڕۆژئاوادا ؟

شیاووی باس لێوەکردنە، ئەوەی من تێبینیم کردبێت نائاییناییەکانی کوردستان لە بارودۆخێکی ئێجگار نائارام ئەژێن، بێ ئەوەی هەست بەخۆیان بکەن زۆرینەی جار حەزییان لە بێ ئاگاییە. گوومان لەوەدا نییە کە لە ئیزدیواجێتێکی زۆر گەورەدا ژیان دەگوزەرێنن، دیسانەوە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن, چونکی خۆیان بە نائاییناییەکانی ئەزانن, کەچی پۆژانە بەدەیان جار ناوی خودا و جۆرەکانی دوعای وەکو: (ان شاء الله), (الحمد لله) بەکار دەهێنن. لە هەمووشی سەیرتر, هەمیشە ئەترسن بە ئاشکرا باس لە بیروباوەڕی خۆیان بکەن. بە بۆچوونی من, مرۆڤ ئەگەر خاوەن بیروباوەڕێکی تەواو و ڕێکوپێك بێت، پێویستە پێش هەموو شتێك ئامادەی قوربانیدان بێت و نەترسێت.

شیاووی باسە, باوەڕ بابەتێکی ئێجگار ئالۆزە, لام وایە هێندە بابەتێکی ڕۆحییە، ئەوەندە پرسێکی زارەکی نییە. پێشم وایە هەروەکو چۆن تەنها کەسی ئیماندار هەست بە شیرینی ئیمان دەکات، بەهەمان چەشن هەر نائاییناییەکان ئەتوانن گوزارشت لەو دڵەڕاوکێیەی خۆیان بکەن. باشە ئەگەر گریمان خودا نەبوو یاخود هیچ هێزێکی نادیار لە سەرووی هێز و توانای مرۆڤەکانەوە نەبوو، باوەڕیشمان بەوە هێنا کە ژیانێکی تر بوونی نییە, ئەی ئەبێت خۆمان لەوە ببورین ئایا ئەم هەموو مرۆڤە بەبێ ئامانج دروستکراون ؟ کە هەندێکی مرۆڤانە ژیاوە و بڕێکیشی نامرۆڤانە، ئەی ئەبێت هەردووکیان وەکو یەك بمرن و کۆتایی پێببێت ؟ بەتێڕوانینی من, ئا لێرەدا پێویستە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی خودایەك و بەدیهێنەرێك بدەین, لە پاش دۆزینەوەمان بۆ خوداوەندێك، ئیدی ئەتوانین بیکەین بە سەرچاوە و کۆڵەکەیەکی ئێجگار پێویست بۆ ژیان.

بۆخۆم بەردەوام و شەو و ڕۆژ لە بیرکردنەوەی ئەوەدام, داخۆ ئەگەر مرۆڤ ئومێدێکی بە ژیانی پاش مردن نەبێت و هەست بەوە نەکات کە خوداوەندێك هەیە لە پاشەڕۆژدا دادگایی هەموو مرۆڤەکان وەکو یەك ئەکات ؟ ئەی ئەبێت مرۆڤ بە چ دڵەڕاوکێ و بەدبەختییەك ئەم ژیانە بێ ئەرزشە بگوزەرێنێت ؟ بۆیە هەر هەموومان ئەگەر بۆ ساتێکیش بە نائایینی ژیابین، وەڵ هەنووکە پێویستمان بە دۆزینەوەی خوداوەندە.

ئەزموونی کورد لە تاراوگەدا [١٧]

غەریبی ئێمە هێندەی بیری نیشتیمان
دەکات, هێندە بیر لە نیشتیمان
ناکاتەوە.

(بەختیار عەلی)

گەشتکردن هەر گواستنەوەی جەستەی مرۆڤێك نییە لە شوێنێکی جوگرافییەوە بۆ جێگایەکی تر, هەروەکو چۆن جێهێشتنی تەنها شوێنێك نییە بۆ ڕووبەرێکی تری گۆی ئەم سەر زەوییە. ئەوەندەی گۆڕین و دۆزینەوەی هزر و بیرکردنەوەی نوێیە. ژیانی تاراوگە و دوورکەوتنەوە لە نیشتیمان و خاك و گەل، دونیا و جیهانبینییەکی ئێجگار جیاواز و ئاڵۆزە. لە هەمان کاتدا تاقیگەیەکی زۆر هەستیاریشە. بە تێڕوانینی من دەرچوون لە شوێنی خۆت و گەشتکردن بۆ دەرەوەی نیشتیمان و گەلی خۆت و، بینینی وولاّت و کولتوور و شارستانییەت و ئایینی تر و فێربوونی زمانێکی نوێ, مرۆڤ دەخاتە نێو تاقیکردنەوەیەك کە بەخۆی نەزانێت. دەرگاگەلێکی زۆریشی لەبەردەمدا دەکرێتەوە. چونکی مرۆڤ لە هەموو ڕوویەکەوە لە بەردەم گۆڕانکارییەکدا خۆی دەبینێتەوە. ئەوەتا (د.موحەممەد کەمال) لە کتێبی (ئۆنتۆلۆجی

[١٧] ئامانج نازم بیجان, ئەزموونی کورد لە تاراوگەدا, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٨٨), تشرینی یەکەمی (٢٠١٤), ل٦.

بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ) دا پێمان دەڵێت: هەستکردنی مرۆڤی کورد لە هەندەران، وەکو هەستکردنی ئەو کەسە نییە, کە لە وواڵاتی خۆیدا بەسەربەستی دەژی. بۆیە تەنانەت تێڕوانین و هەست و سۆزی مرۆڤ لە تاراوگەدا بە تەواوی ئەگۆڕێت.

ئەگەر تۆزێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە و چاوێك بە ئەزموونی خۆماندا بگێڕین لە تاراوگەدا, بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا هەر لە سەرەتای حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بە هەزارەها کورد ڕوویان لە دەرەوە کردووە. کە ڕەنگبێت هۆکار و پاڵنەری ئابووری و ڕامیاری لە سەرووی تەواوی فاکتەرەکانی ترەوە بووبێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئێمەی کورد وەکو پێویست سوودمان لەو شارستانییەتانە وەرگرتووە کە ڕوومان تێکردووە ؟ بەداخەوە ئەو لێشاوە خەڵکە کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە لە دەرەوەن, کەچی نەمانتوانیووە تەنانەت بابەتە ئاسانەکانیشیان وەربگرین و بۆ نیشتیمانی خۆمانی بگوازینەوە.

بۆیە بە بۆچوونی من لێرەوە مرۆڤەکان دابەشدەبن بۆ دوو گرووپی جیاواز, گرووپی یەکەمیان: ئەو خەڵکەن هەر کە لە نیشتیمانی خۆیانیشدا بوون هەڵگری هیچ پەیامێکی مرۆیی نەبوونە و هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان غەمی نیشتیمان و خاك و گەلەکەیان نەبووە، بەڵکو تەنها هەر بیریان لە تێرکردنی حەز و ئارەزووە کاتییەکانی خۆیان کردۆتەوە. گرووپی دووەم: ئەو مرۆڤانەن کە وێڕای سەختی ژیان لە نیشتیمانەکەی خۆیاندا، بەڵام بە گوێرەی توانا و هەلومەرجی کات و شوێن، لە هەوڵی خۆدۆزینەوەدا بوونە، لە هەمان کاتیشدا هەمیشە لە غەمی چاکسازی کۆمەڵگاکەیاندا کۆششییان کردووە. وەڵێ بەداخەوە ژمارەی گرووپی دووەمیان هێندە زۆر نین.

بۆیە ئەکرێت بڵێین زۆرینەی ئەو خەڵکەی کە لە تاراوگەدا ئەژێن, لە جۆری گرووپی یەکەمدان. ڕەنگبێت غەمی مرۆڤێکی ژیر و هەستیار لە شوێنێکی وەکو فڕۆکەخانەدا سەرچاوە بگرێت, کە هەست بەم کارەسات و دواکەتووییە ئەکات. هەر کە گوێت لە هات و هاوار بوو, یاخود بینیت هەموو خەڵك پێکەوە بەسێ چوار ڕیز وەستاوون, ئیدی ئەو کاتە گوومانی ئەوە بکە کە ئەمە نەتەوەیەکە بە ناوی کوردەوە. مرۆڤ ئەو کاتەی بەراوردی خۆمان و خەڵك و شوێنەکانی تری دونیا ئەکات سەری سووڕ ئەمێنێت, ئیدی ڕاستەوەخۆ ئەپرسێت باشە بۆچی تەنها ئێمە وەها مامەڵە ئەکەین ؟ وەڵێ دواجار بۆت ڕوون ئەبێتەوە کە ئەمە لە خۆڕاوە نەهاتووە, بەڵکو پێشینەیەکی لە مێژینەی هەیە. ئەم ساڵ کە گەڕامەوە بۆ کوردستان, لە فرۆکەخانەی سلێمانی هەموومان وەستابووین, ئەوەندەم زانی چەند کەسێك سرە و ڕیزیان تێپەڕاند و سرەبڕێیان کرد. ئیدی منیش دەستخۆشیم لێکردن بۆ ئەو کولتوورەی کە لە ئەوروپاوە فێری بوون.

شیاووی باسە, ئەم تێڕامان و دیمەنانە سەرەنج و نیگایەکی ئاسایی نین کە مرۆڤ بتوانێت بەسەریاندا گوزەر بکات و بێ غەم بێت لێیان. بە تێڕوانینی من، مرۆڤ بۆ ئەوەی بیەوێت پەیامێکی نوێ یاخود هزر و بیرکردنەوەیەکی تازە و تەندروست لە کۆمەڵگادا بڵاووبکاتەوە، بێگوومان پێویستی بە ژیانی تاراوگە و دوورکەوتنەوەیە لە نیشتیمانی خۆی. وەڵێ پێویستە مرۆڤ سەرەتا ئەم گۆڕانکارییانە لە خوودی خۆیدا ڕەنگ بداتەوە. ئەگەر سەرەنج بدەین زۆربەی فەیلەسووفان و بیرمەندان و شاعیران و بلیمەتەکانی دونیا و سەرکردەکان، تەنانەت هەندێك لە پێغەمبەرانیش (د.خ) یان لێبێت، بۆ ماوەیەك دوورکەوتوونەتەوە لە

کۆمەڵگاکەی خۆیان. تەنانەت مێژوونووسێکی گەورەی وەکو (آرنولد جوزیف توینبي)یش-(١٨٨٩ - ١٩٧٥) زاییەنی, لەم بارەیەوە قسەی کردووە, کە ڕایگەیاندووە ڕێگای ژیانی ئەو دەگمەنانە نەخاسمە پێغەمبەران, بە دوو قۆناغدا ڕۆیشتووە, قۆناغی یەکەم: (قۆناغی تەنایی و گۆشەگیری), قۆناغی دووەم: (قۆناغی هاتنەوە-گەڕانەوە). ئەم باسەی تۆینبی بایەخێکی ئێجگار گرنگی هەیە, یەکێکیشە لەو بابەتە گرنگانەی کە دەچێتە چوارچێوەی فەلسەفەی مێژووەوە.

من بۆخۆم پێم وایە ئەو تاکەی کە لە نێو کۆمەڵگاکەی خۆیدا دەژێت، ناتوانێت هێندەی ئەو کەسە کاریگەریی هەبێت کە بۆ ماوەیەك لە دەرەوەی نیشتیمانەکەی خۆی ژیانی گوزەراندووە. چونکی ئەستەمە کەسێك بەبێ ئەوەی دەرەوەی وولاّت و فێربوونی زمانێکی تر و بینینی شارستانییەت و ژیانێکی تری دیبێت، بتوانێت پەیامێکی تازە و هزرێکی نوێ و تەندروست و سوودبەخش بەرهەمبهێنێت بۆ کۆمەڵگاکەی. ڕەنگە ئەمەیان بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد لە هەموو نەتەوەکانی تری دونیا زیاتر ڕاست بێت. چونکی میللەتی کورد خاوەنی هیچ پێشینەیەك نییە کە جێگەی ئەوە بێت پشتی پێببەستین. بۆیە زۆر دوور ناکەوینەوە لە ڕاستی ئەگەر بڵێین ئەبێت هەموومان لە سفرەوە دەست پێبکەین.

شیاووی باسە, ئێمە لە تاراوگەدا دەزانین چەندە دواکەوتووین, هەر لەوێشەوە بە ئاگا دێینەوە کە چەندە حەزمان لە خوێنڕشتنە و چەندە لەزەت لە ئازاردانی یەکدی دەبینین, هەر لە تاراوگەدا بەخۆمان ئەزانین کە چەندە دژی ئاژەڵ و پەلەوەرەکانین و چەندە بێ بەها ئەڕوانینە ڕووەك و سروشت. دیسانەوە هەر تاراوگە پێمان ئەڵێت ئێمە

تاوەکو هەنووکە لە فەلسەفە و ماهییەتی ژیان نەگەیشتووین ! هەر دووری نیشتیمان وامانلێدەکات لە قوولّی غەمی نیشتیمان و نەبوونی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ تێبگەین ! بۆیە من بۆخۆم هەمیشە لەو کاتانەدا دەترسم کە مامۆستایەکانم یاخود هاوپۆلەکانم باسی نیشتیمانیان ئەکرد, چونکی لەو ساتەوەختانەدا مرۆڤ چەندە گەورە بێت, دواجار ئەبێت بە منداڵێکی هەتیوو و بێ دایك و باوك. بە تایبەتی وەختێك دەووروبەرەکەت باسی چالاکی و خۆشەویستی و پێشکەوتنی خاك و نیشتیمانیان ئەکەن و, منیش هەمیشە یان بێدەنگ دەبم یاخود ئەبێت درۆ بکەم.

بەڵام وێڕای هەموو ئەم کاتە سەخت و تاڵانە, لە هەمان کاتدا پاڵ بە مرۆڤە ژیرەکانەوە دەنێت خۆیان بەهێز بکەن و بتوانن لەم تاقیکردنەوەدا ئەزموون و وانە فێربن. بە تێڕوانینی من دوورکەوتنەوە لە نیشتیمان و بینینی تاراوگە، جۆرە هێزێك بە مرۆڤ دەبەخشێت و چالاکی دەکات. پاڵی پێوە دەنێت بە تەواوی خۆی بدۆزێتەوە و پاشان بیر لە چارەسەرێك یاخود بیرکردنەوەیەکی تازەتر بکات بۆ کۆمەڵگا و دەوروبەرەکەی. لە هەمان کاتدا گۆمی هزر و بیرکردنەوەت بە شێوەیەکی گشتی دەشڵەقێنێت. هەڵبەت ئەمە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئەو کاتەی لە نیشتیمانی خۆیانیشدا بوون، هەمیشە لە غەمی وولاّت و گەل و نیشتیماندا بوون. بۆیە ئەتوانین بڵێین تاراوگە ئەتوانێت بەهرە و توانا و ووزەی مرۆڤە ژیرەکان بجوڵێنێ و وەدەریان بخات.

لام وایە هەر ژیانی سەخت و تاراوگەیە کە مرۆڤی گەورە دروست ئەکات و وایلێدەکات خۆی بدۆزێتەوە. ئەوەتا (مەریوان وریا قانع) لە ووتارێکیدا بە ناونیشانی: (سەفەر بەرەو ڕۆژئاوا)دا دەنووسێت:

سەفەرکردن بۆ دەرەوەی زادگا و نیشتیمان, دیتنی شوێنە جیاوازەکانی دونیا, بەشێکە لە خولیایەکی ئینسانی گەورە. بێگوومان نووسەر مەبەستی ئەو کەسانەیە کە لە غەمی نیشتیمانەکەی دایە و هەست بە بەرپرسیاری دەکات. هەر لەو ووتارەیدا نێوبراوو پێمان ئەڵێت: ئینسان بەردەوام بەشێك لە ئینسانبوونی خۆی لە ناو سەفەردا دۆزیوەتەوە, سەفەری وەك بەشێك لە شوناسی خۆی و وەك بەشێك لە خەونە سەرەکییەکانی بینیوە. وێڕای هەموو ئەمانەش وەڵ مامەڵەکردن لەتەك تاراوگەدا ئاسان نییە. چونکی ئەبێت هەموومان هەر لە سەرەتاوە ئامانج و مەبەستمان دەستنیشان بکەین.

ڕەنگە هەندێکمان بە مەبەستی خوێندن ڕوو لە دەرەوە بکەین و بڕێکیشمان ئامانجمان تەنها ڕابواردن بێت و هیچی تر, هەندێکیشمان هەر قەدەر هێناویەتی. مرۆڤ ئەگەر بێتو ئامانجێکی تایبەتی هەبێت، ئەتوانێت زۆر تەندروستانە مامەڵە لەگەڵ تاراوگەدا بکات, بۆ وێنە خوێندکارێك کە حکومەت و وەزارەت ئەینێرێتە دەرەوە بۆ خوێندن، ئەبێت ئەو خوێندکارە ئامانجی سەرەکی خوێندن و فێربوونی زمان بێت. هەمیشە ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی لە بیری نەچێتەوە. پێویستە هەوڵبدات خۆی نەدۆڕێنێت و خۆی بزر نەکات یاخود ڕاستەوەخۆ خۆی فڕێ بداتە نێو دونیای دەرەوە.

بەداخەوە ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە و ڕۆژانە بە چاوی خۆمان ئەیانبینین و بەگوێکانمان دەیانبیستین، زۆربەی زۆری پێچەوانەی ئەو ئامانج و مەبەستە ڕوویان لە دەرەوە کردووە. ئاخر خوێندکاری وا هەبووە هەر لەگەڵ گەیشتنی بۆ دەرەوەی وولاّت، یەکەم شوێن کە ڕووی تێکردووە (دیسکۆ) بووە, یان ڕاستەوەخۆ وەرگرتنی هەموو دابونەریتی

بیانی بووە. ئەم جۆرە مرۆڤانە وەکو ئەوەی لە بەندیخانەدا ژیابن، یەکسەر دەست و دەم لە هەموو شتێك وەردەدەن. واتە جگە لەوەی خۆی لەبیر ئەچێتەوە و هەموو دابونەریتی خۆی لە تەنەکەی زبڵ ئەکات، بەڵکو هەموو شتێکی نامۆی ئەوانیش وەرئەگرێت. ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە نییە مرۆڤ چ دەکات و چ ناکات، چونکی ئەو ئازادە و خۆی بەرپرسی کارەکانیەتی, وەڵ نابێت ئەو ئەرکە نیشتیمانی و ویژدانییەت لە یاد بچێت کە تۆ بۆ کارێکی تر نێردراویت.

لەم ڕۆژانەدا بوو برادەرێکی عەرەبی یەمەنییم پێی ووتم: ئەرێ ئەزانی ئەو خوێندکارە کوردە گۆشتی بەراز ئەخوات ؟ منیش پێم ووت نەخێر, ووتی: بینیوومە خەریکی گۆشت کڕین بووە، ئیدی منیش پێم ووتووە: ئەوە گۆشتی بەرازە, خوێندکارە کوردەکەش پێی ووتووە: ئەزانم, بەڵام چ جیاوازییەکی هەیە ؟ بە دیدی من هەموو ئەمانە جێگەی سەرەنج و هەڵوەستە لەسەرکردنە. تێناگەم ئەبێت بۆچی ئێمە ئاوەها خۆمان نیشانبدەین و خەڵکی تریش وێنە و هێمای خراپمان بۆ بکەن ؟ دیسانەوە بە داخەوە کە ناتوانم هەندێك بابەتی کۆمەڵایەتی باسبکەم, کە تایبەتە بە خوێندکاری عەرەب و کوردەوە. هەندێك جار دیاردەی وا ئەبینم ئارەزووی ئەوە ئەکەم بێدار نەبم. هەمیشە گوومانی ئەوە دەکەم کە ئەمانە موسڵمان بن و زمانی عەرەبیش بزانن. ئەرێ ئێوە چ جۆرە کوردێکن و هەستی نەتەوایەتیتان لە کوێ بەجێهێشتووە ؟ چونکی گوومانم لە زۆربەیان هەیە.

شیاووی باس لێوەکردنە, هەندێك کەس لە تاراوگەدا فێری ئەوە بوونە کە نکۆڵی لە کوردبوون و عەرەببوونی خۆیان بکەن. چەندین خوێندکاری کورد و عەرەبی عێراقی ئەناسم ناوی خۆیان گۆڕیووە،

تەنانەت ئەڵێن: ئێمە (ئیتاڵیین) یاخود (فەڕەنسیین) یان (تورکیین). ئەگەر ئەمە خۆفرۆشتن و خۆبزرکردن نەبێت ئەبێت چ بێت ؟ سەیر لەوەدایە وەکو هاوڕێیەکم ئەیووت: لە تاراوگەدا غەمی هەموو شتێکمانە، تەنها غەمی خوێندن و زمان نەبێت، کە لە ڕیزبەندی دوای دواوەوە دامانناوە. کارەسات لەو ساتەوەختەوە دەستپێدەکات کە هەندێك کەس لایان وایە هەر یەکێك لێرەولەوێ دوو سێ ووشەی بیانی بەکار هێنا یان چەند ووتارێکی وەرگێڕا یان چەند سەرچاوەیەکی بیانی ڕیز کرد, ئیدی لایان وایە ئەو کەسە فەیلەسووفە.

چ لە بڕوانامە و قسەی زل بکەم, کە کەسێك ئاکاری گفتوگۆی نەبێت ؟ من چ لە دکتۆرێك بکەم کە خۆیی پێ گەورەترە لە خەڵك و وەلاّمی پرسیارەکانت ناداتەوە ؟ کاتێك ئەمانە ئەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان ڕەنگبێت هەر یەکێکیان خۆی بە بیرمەندێك نەگۆڕێتەوە, بشێ خەڵکانێکی زۆریش هەبن گوێیان لێ بگرن. بە تێڕوانینی من ئەمانە جگە لە بارگرانییان بەسەر شانی کۆمەڵگاوە, چاوەڕوانی هیچ شتێکی تریان لێ ناکرێت. جێگەی ئاماژەبۆکردنە, ئەم جۆرە کەسانە نە ڕۆژئاواییانە بیر دەکەنەوە نە ڕۆژهەلاّتییانەش ئەژین. بە چەشنێك دابونەریتی ڕۆژئاواییان وەرگرتووە و بەرگری لێدەکەن، وەکو ئەوەی ئەمان خاوەنی بن.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش هەندێك جار ڕەخنەی توندت لێدەگرن لەوەی کە بۆچی ئێمە کولتوور و دابونەریتی ئەوان وەرناگرین ؟ ئا لێرەدا ئێمە تاوانبارین بە تێڕوانینی ئەو برادەرانە. بە بۆچوونی من ئەم جۆرە کەسانە ئێستا هەست بەو کار و کردەوانەی خۆیان ناکەن، هەتا ئەو کاتەی دەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان، ئەو کات بە ئاگا دێنەوە و هەموو

ڕاستی و دروستییەکیان بۆ ڕوونەدەبێتەوە. چونکی مرۆڤ لە تاراوگەدا هەندێك کات مەست دەبێت, پاشان جۆرە کەسایەتییەکیان بۆ دروست ئەبیت خۆیشیان نازانن چین.

با ئاوڕێك لە ڕۆژئاواییەکان و بەهای گەشتکردنەکانیان بدەینەوە. دیارە گەشتکردن یەکێکە لە پێداویستییە سەرەکییەکانی دونیای ئەوان, بە تایبەتی گەشتی خۆشی کە بۆ ڕابواردنی کاتێکی خۆش یاخود بۆ کارکردن و کاروباری زانستی و ئەکادیمی. وەڵێ بێجگە لە ئەمانەش ئەوانەی بۆ هەر کارێك هاتبێتنە ڕۆژهەلآت کە بۆ ماوەیەك ماونەتەوە, چەندین بابەتی زانستی گرنگیان نووسیووەتەوە, وەکو کتێب و بیرەوەری و سەفەرنامە و گەشتنامە لە بارەی هەموو بابەتێکی ڕۆژهەلآتەوە نووسیوویانە و شارەزاییان پەیداکردووە, زۆر جار خودی ئێمەی ڕۆژهەلآتی سوود لەو نووسراوە پڕ بایەخانە دەبینین. هەر لەم سۆنگەیەوە بوو کە بابەتی (ڕۆژهەلآتناسی) سەری هەلدا و وەکو زانستێك خۆی بە هەموو جیهان ناساند. کە ئێستا جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە کایە ڕۆشنبیری و زانستی و ڕامیارییەکاندا.

جێگەی خۆیەتی ئێمەش لە خۆمان بپرسین: باشە ئەوە ماوەی چەندین ساڵە ئەو هەزاران کوردەی لە دەرەوەن, چی بابەتێکی کۆمەلآیەتی سوودبەخشیان گواستۆتەوە بۆ کوردستان ؟ ئەبێت ئەو کار و چالاکییە ڕۆشنبیری و زانستییانە لە گوێرەی پێویستدا بووبێت ؟ بۆیە جێگەی داخە هێشتا ئێمەی ڕۆژهەلآتی لە بەهای گەشتکردن نەگەیشتووین, هەتاوەکو ئێستاشی لەگەلدا بێت نەبووە بە کولتوور لە کۆمەلگای کوردیدا. بە ئومێدی ئەوەی ڕۆژێك ئێمەش بتوانین ئەم هەنگاوە قورسانە بنێین و هەوڵبدەین خۆمان وەکو نەتەوەی کورد بەو

وولاّتانه بناسێنین. بتوانین شارەزایی لە بارەی ڕۆژئاواوە پەیدابکەین, هەمووی لە زانستێکدا بە نێوی (ڕۆژئاواناسی)یەوە کۆ بکەینەوە, کە بێگوومان نرخ و بەهای گەلێك مەزن ئەبێت.

مامۆستا و خوولی تایبەت [18]

هەر کە مانگی شەش دێت، ئیدی زۆربەی مامۆستایان و خوێندکاران ڕوو دەکەنە وانە و خوولی تایبەتی خۆیان. گوومان لەوەدا نییە کە شێوازی وانە گووتنەوە لە مامۆستایەکەوە بۆ مامۆستایەکی تر دەگۆڕێت، بە تایبەتی لە بواری پەروەردە و فێربووندا، کە تێیدا ئەوەندە هونەری گەیاندن گرنگە، هێندە زۆری زانیاری تێیدا ئەرزشی نییە، بەڵام ئەمە مانای وا نییە پشتگوێ بخرێ. بە باوەڕی ئێمە ئەم مامەڵەیەی کە لە نێوان مامۆستا و خوێندکاراندا ئەنجام دەدرێت، نایەکسان و نابەرانبەرە. چونکی خوێندکار لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەییدا تاڕادەیەکی زۆرباش گوێڕایەڵی مامۆستاکەی دەبێت، بە تایبەتی لە ڕووی زانست و زانیارییەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە خوێندکاران بە دەگمەن دەتوانن توانستی مامۆستاکەیان لە ڕووی زانستییەوە هەڵبسەنگێنن.

ئێمە چەندین مامۆستا دەناسین چ لە قۆناغی بنەڕەتی و چ لە قۆناغی ئامادەیی و تەنانەت لە سەردەمی زانکۆشدا، خوێندکارێکی بە توانا و لێهاتوو نەبووە، بە تایبەتی لە قۆناغی زانکۆدا, لە نێویاندا هەیە قۆناغی زانکۆی بە خوولی دووەم و پەڕینەوە و کەوتن و دەرنەچوون و گەشت و ئاهەنگ و پیاسە و کافتریا و نەچوونە موحازەڕەوە بەسەر

[18] ئامانج نازم بیجان, مامۆستا و خوولی تایبەت, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٦٤), چاپخانەی کەمال, تەمووزی (٢٠١٢), ل٩.

بردووە، باشە دەبێ زیرەکی و بلیمەتی و کارامەیی و لێهاتوویی ئەم مامۆستا بەڕێزە لە کوێدا بێت ؟ خێرە لە پڕێکدا بوو بە باشترین مامۆستا ؟ ئەگەر لە ئەزبەرکردنی کتێبەکە و ئەو بەرنامە کرچ و کاڵە نەبێت ؟ کە زۆربەشیان جگە لە میتۆد و پڕۆگرامی خوێندن و بەشەوانەکانی خۆیان، هیچی تریان لە هەگبەدا نییە، ئەمە جیا لەوەی کەوا هەندێکیشیان ئەو وانەیەی کە دەیڵێنەوە, تێیدا پسپۆڕ نین، بەڵام پسپۆڕییەکەی خۆیان نزیکە لێی، یان هاوسێیەتی یاخود هەر هیچ نەبێت خزمییەتی, کەچی هاتوون خۆیان بەسەر خوێندکاری داماوو و قوڕبەسەردا ساغکردۆتەوە.

ئێستاش لە یادمە, لە قۆناغی چوارەمی ئامادەیی–گشتیدا بووین، لە کۆی ئەو ژمارە زۆرە, کەچی چەند کەسێکی زۆر کەم لە یەکێك لە بابەتە زانستییەکاندا دەرچوو بوون، ئیتر ئێمەش زۆر هەوڵ و کۆششمان دەکرد لەو بابەتەدا، وەڵێ هیچیان فریامان نەکەوتن، تەنها خوولێکی تایبەت نەبێت، کە ئەویش لە لای خوودی مامۆستای بابەتەکەمان بوو بەرانبەر بە پارەیەکی زۆر بوو بە فریادڕەسمان. خوێندکارێکمان لەگەڵدا بوو، زۆر ژیرانە بیریدەکردەوە، ڕۆژێکیان بە ئێمەی گووت: کاکە بۆ پێی ناڵێی پارەکەت پێ دەدەین، بەڵام دەرمانبچێنە، ئیتر نە تۆ ماندوو دەکەین و نە خۆمانیش.

هەرگیز ئەوەشم لە یاد ناچێ, ڕۆژێك چووین بۆ لای مامۆستایەکی بیرکاری، هەمیشە دەیگووت: من قەڵەم ناخەمە سەر لاپەڕە، هەتاوەکو پارەکەم نەدەنێ ! بێگوومان ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە مامەڵە و ڕێککەوتنمان لەگەڵیدا کردووە لە بارەی نرخەکەیەوە. بە باوەڕی ئێمە ڕەهەندێکی تری ئەم خوولە تایبەتییانە و سەرکەوتن و هێنانی نمرەی

بەرز و دەرچوون تێیاندا، جگە لەوەی کە لەڕووی زانستییەوە مامۆستاکە زیاتر و زۆرتر خۆی ماندوو دەکات، ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ ڕۆژانی خوێندنگا، بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە لە کاتی وانەووتنەوەی خوولی تایبەتدا، مامۆستاکە زیاتر لەگەڵ خوێندکاراندا دەکرێتەوە و قسەی خۆشیان بۆ دەکات و ئازادییەکی باشیش بە خوێندکاران دەدات. ئەگینا چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان وانەووتنەوەی نێو پۆل لەگەڵ دەرەوەی خوێندنگادا ؟ ئەگەر هەر جۆرە جیاوازییەکیش هەبێت، ئەوە تاڕادەیەکی زۆرباش خودی مامۆستاکە دروستیدەکات و هەر ئەویش لێی بەرپرسیارە.

بە داخەوە لە لای زۆر لە مامۆستاکان ئەوەندە بازرگانیکردن بەم کارەوە دیارە، هێندە زانستخوازی و مەعریفەبەخشینی تێدا بەدی ناکرێ, ئەگەر نا با ئەم خوولانە بۆ هەموو خوێندکارێك بێت و، پارەکەشی لە توانای هەمووانداا بێت و زیان بە داراییان نەگەیەنێت. دیسانەوە مەخابن هەندێ مامۆستا هەیە دەوامی فەرمی خۆی زۆر بەهەند وەرناگرێ، بەڵکو پەلە پەلی تەواوکردنی خوولە تایبەتییەکانی خۆیەتی.

ئومێدەوارین مامۆستایان لە گوێرەی توانا و لێهاتوویی خۆیان زانست بفرۆشن، هیواداریشم خوێندکارانی هێژا، باشتر و ژیرانەتر بیر لەم پرس و دیاردە ترسناك و کوشندەیە بکەنەوە. بەڵام لە سەرووی هەمووشیانەوە بەرپرسیارییەتی زۆر قورس دەکەوێتە سەر شانی کاربەدەستتان و بەرپرسانی بواری پەروەردە و فێربوون. سەرکەوتنیش بۆ ئەو مرۆڤە پایە بڵندانە دەبێت، کە لە کاتی هەر کرداریکیاندا،

هەمیشە ویژدان و هەستی خۆیان فەراموّش ناکەن و هەرگیز پەیامی مرۆیی و ئایینی و زانستی خۆیان لە یاد ناچێ.

ڕەنگدانەوەی ڕەنگ لە کۆمەڵگەی کوردیدا [19]

ناوێرم قەڵەمێك هەڵگرم.
ناوێرم کراسێك لەبەر کەم.
ڕووتان ڕەش بێ !
خۆ ڕەنگەکانیشتان بەش کرد.
(عەبدوڵلاڵ پەشێو)

ڕەنگبێ زۆر دوورنەکەوینەوە لە ڕاستی ئەگەر بڵێین بابەتە ڕووکەشییەکان و بایەخدان بە ڕووی دەرەوەی مرۆڤەکان و، دواجار بڕیاردان لە بارەیەوە بێ گەڕانەوە بۆ نێوەڕۆك، یەکێك بێت لە کێشە هەرە هەستیار و کوشندەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردی. دەبێت بزانین کەوا ئەم جۆرە بیرکردنەوانە وەکو باقی تێڕامانەکانی تری کۆمەڵگای کوردی، بێ پێشینە و بنەما نییە، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی لە مێژەوە داکوتراوە. شیاووی باسە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی کوردی، بەشێکیشی

[19] ئامانج نازم بیجان, ڕەنگدانەوەی ڕەنگ لە کۆمەڵگای کوریدا, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٥٣), ئاداری (٢٠١١), ل٧.

دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆشنبیران، بەشەکەی تریشی ڕەنگبێ میراتی کولتوور و داب و نەریتی کوردی بێت کە بۆمانی بەجێهێشتووە.

سەیر لەوەدایە دەسەلاّتی کوردی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، لە بری ئەوەی دیاردە دزێوەکان و کێشە کۆمەلاّیەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی چارەسەر بکاتن و بە غەمی خۆیی بزانێت، کەچی بۆخۆی گەورەترین و کاریگەرترین ڕۆڵی گێڕاوە لە بەهێزکردن و گەشەکردنی گرفتەکان، بە تایبەتی پرسی ڕەنگ و پۆشینی ڕەنگەکان و ڕەنگدانەوەی بە نێو کۆمەڵگاشدا. ئەمەش پێمان دەڵێت کەوا دەسەلاّت بە تەواوی مرۆڤەکانی کۆت و بەندی بنەما و هرز و بیرکردنەوە و ئارەزووەکانی خۆی کردووە، پێیان خۆشە خۆیان چۆن بیردەکەنەوە، کۆمەڵگەش بەو شێوەیە ئاڕاستە بکەن، هەر بۆیە کۆمەڵگەیان بۆ خۆیان لەتلەت کردووە.

ئەوەتا شاعیری گەورەی کورد و نیشتیمانپەروەر (عەبدوڵلاّ پەشێو) یش پێمان دەڵێت: لەم نیشتمانە چارە ڕەشەدا–چیتان هێشتووە– دابەشی نەکەن وەك ڕەزی خۆتان ؟ ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کەوا ئەم پرسە گرنگە، خۆی خزاندۆتە نێو بواری ئەدەبیشەوە. بێگوومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوە و کاریگەری زۆری هەبووە بەسەر کۆمەڵگەوە. ڕەنگبێ زێدەڕۆیش نەکەین ئەگەر بڵێین وا خەریکە دەبێت بە بەشێك لە کولتوورەکەشمان.

بۆ ئەوەی زیاتر لە مەبەست نزیك بینەوە، پێویستە باس لە ڕەنگی ڕەش و پۆشینی ڕەنگی ڕەش بکەین لە دەڤەری گەرمیان، بە تایبەتی لە شاری کەلاردا و ڕەنگدانەوەی پۆشینی ڕەنگی ڕەش لە ناوچەکەدا و, دواجاریش تەشەنەکردن و پەلهاوێشتنی بۆ شوێنە جیاجیاکانی تری کوردستان و, ڕەنگدانەوەی ڕەفتار و ئاکاری کۆمەلاّیەتی مرۆڤە

ڕەشپۆشەکان. پێش باسکردنی هەر شتێك، گرنگە خوێنەر ئاگاداری ئەوە بێت کەوا خەڵکی گەرمیان وە بە تایبەتی دانیشتوانی شاری کەلاری خۆشەویست، بە تەنها داهێنەری پۆشینی ڕەنگی ڕەش نین !

ئەگەر تەماشای لایەڕەکانی مێژوو بکەین، ڕاستی و دروستیمان بۆ بەدیار دەکەوێت، ئاوڕێکیش لە پەرتووکی (دوو سەدە بێدەنگی) ی (عەبدول حوسێنی زەرین کوب) بدەینەوە، دەبینین لە سەردەمی (ئەبو موسلیمی خۆڕاسانی)دا بانگەشەکەری دەوڵەتی عەباسی لە ناوچەکەدا، کە ئەو کات دەوڵەتی ئومەوی لە کۆتایی دەسەلاّتیدا بووە. شیاووی باسە، بزووتنەوەکەی خۆڕاسانی زۆربەیان ڕەشیان پۆشی بوو، هەروەها ئەبو موسلیمی خۆڕاسانی خۆی فەرمانی بە دۆستان و لایەنگرانی خۆی و تەنانەت شارەکانی خۆڕاسانیشی کرد، کەوا جلوبەرگی ڕەش لەبەر بکەن، چونکە ئێمە ڕەشمان پۆشیوە وا نزیکە دەسەلاّتی ئومەوییەکان لەنێو بچێ. تەنانەت ئالاّکەشیان ڕەش بووە، داڕێکی ڕەشیشیان لە دەستدا بوو کە (کافر کوت) یان پێدەگووت. لە جێگەیەکیشدا (ئەبو موسلیمی خۆڕاسانی) ووتوویەتی: هیچ ڕەنگێك لە ڕەش بە ترس و سام و هەیبەتتر نییە !

زۆرجاران وە لە شوێن و کاتی جیاجیادا گووتراوە: مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە. بشێ ئەم جارەشیان مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە، بەلاّم لە شوێن و کاتی جیاوازدا، جیاواز لە هۆکار و تەنانەت لە دەرئەنجامیش دا. ئەوەتا لەم ڕۆژگارەی خۆمانیشدا، کۆمەڵێك لە خەڵکی ئەم شارە ڕەنگی ڕەش دەپۆشن، بە ووتەی هەندێ کەس گوایە ئەمانە کۆمەڵە گەنجێکن لە ناوچەکەدا ناویان لە خۆیان ناوە (جلڕەشەکان)، لە شێوازی گروپێکی ڕێکخراوەیی خۆیان کۆکردۆتەوە، کە گوایە خەریکی

کاری تێکدەرین ! مەخابن پرسی جڵپەشەکانی کەلار هەر لە ناوچەکە و شوێنە جیاجیاکانی تری کوردستان بە ناشرینی نەمایەوە، بەڵکو چووە نێو هۆڵی پەڕلەمانیش ! لەوەش کارەساتتر ئەوە بوو کەوا خوێندنەوەی سیاسی و حیزبی بۆ کرا، لەهەمان کاتیشدا نێوی شارەکەشیان پێ ناشرین کرد. خەریکە بە تەواوی ڕەنگی ڕەش ناشرین و نابووت دەکەن لە پێش چاوی دانیشتوانی ناوچەکەدا. ئەگەر ماوەیەکی تری بەسەردا بچێ، دوور نییە ڕەنگی ڕەش لە بازاڕەکانی ناوچەکەدا نەمێنێت، چونکی خەڵکی ترسی ئەوەیان هەیە کەوا زاراوەی جڵپەش بدرێتە پاڵیان ! بشێ زۆر کەسیش هەست بەم مەترسییانە نەکاتن.

شایانی باس لێوەکردنە، ئێمە وەکو خەڵکی ناوچەکە و دانیشتووی ئەم شارە، ئەو دیاردە و گرووپە ڕێکخراوەییە نابینین، وەکو چەند ئەندامێکی پەڕلەمان دەیبینن و بەرگی سیاسی بەبەردا دەکەن ! بەڕاستی ئەم خوێندنەوە و ڕاڤەکردنە هەڵانەی کە لە لایەن دەسەڵات و پیاوانی سیاسییەوە بۆی دەکرێت، خودی دەسەڵات و ئەو کەسانەش دەخاتە ژێر پرسیارگەلێکی جیددییەوە.

باشە ئێمە دەپرسین: ئاخۆ تەواوی دانیشتوانی شاری کەلار جڵپەش و تێکدەرن، ئەبێ تەنها کەلار جڵپەشی تێدا هەبێت ؟ دوور لە ڕۆحی ناوچەگەرییەوە دەپرسین: داخۆ لە پارێزگا و شار و ناوچەکانی تری کوردستان، هیچی تری لێ نییە و تەنها شاری کەلار نەبێت ؟ پێم خۆشە کەلارناسەکانی دەرەوەی دەڤەری گەرمیان، پەرسڤی ئەم پرسیارانەم بە ویژدانەوە بدەنەوە و, دوور بێت لە سێبەر و چەتری سیاسییەوە، بۆ ئەوەی مێژووی دەڤەرەکەمان چیتر بە هەڵە نەنووسینەوە. باشە ئێمە بۆچی نەپرسین: ئایا جگە لە ڕەنگی ڕەش، چما ڕەنگی تر ماوە میللەتی

ڕەش و ڕووت و هەژار لەبەری بکاتن ؟ بۆ چ دەبێ ئێمە هیچ قسمان نەبێت لە بردنی تەواوی ڕەنگەکان لە لایەن دەسەلاتەوە و کردنی بە کولتووریك بۆ نێو کۆمەڵگا، هەروەکو چۆن هەموو مرۆڤەکان و هەموو مولکی سەر زەوییان بۆخۆیان برد و دابەشی دوویان کرد.

ئەدی بۆچی گەندەڵی و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و ستەمکاری و ڕووتانەوەی کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەکەوە، هەڵەی گەورەی سیاسییان کە دواجار مەرگەسات و ماڵوێرانی و قوڕبەسەری لێدەکەوێتەوە، کارەسات نەبێت و تەنانەت جێگەی ڕەخنەگرتنیش نەبێت، لە کاتێکدا ئەگەر کۆمەڵێك گەنج هەڵەیەکی بچووك بکەن، کە بێ دوو دڵی تاوانی خودی دەسەلاتیشی تێدایە، خۆیان و ڕەنگی جلەکانیان و تەنانەت نێوی میژووی ناوچەکەشیان بەخراپەکار بە کۆمەڵگە بناسرێت !

کارەسات لەم وڵاتەدا لەو ساتەوەختەوە دەستپێدەکات، کەوا دەسەلات کۆمەڵگەی کردووە بە هەویر، دواجاریش ئەگەر بیەوێت هەموو جۆرە هەویرەمەنییەکی لێ دروستدەکات. چونکی لە کاتی شەڕ و جەنگ و هەڵبژاردن و یادی ئەنفالدا هتد... کە ناوچەکە پشکی شێری بەرکەوتووە، گەرمیانییەکان بە قارەمان ناوەزد دەکرێن، بەڵام بۆ داخوازی ڕەوای خۆیان بە جلڕەش و تێکدەر دەناسرێن !

خودایە لە تاوانی پیاوانی سیاسی ئەم وڵاتە خۆش بە، لە دوا ڕۆژیشدا مامەڵەیەکی نەرمیان لەگەڵدا بکە، چونکی بە هۆی سەرقاڵییان بە خوێندنەوەی تێکستی فەیلەسووفانی ڕامیاریەوە ناپەرژێنە سەر ئەوەی کەوا چەند ساتێك گوێ لە مروۆڤەکانی ناوچەکە بگرن و گفتوگۆیان لە بارەوە بکەن، هەر بۆیە لە دووڕەوە ڕا بڕیار و قسەیان لە بارەوە دەکەن ! باشە ئێمە دەپرسین: ئەگەر مرۆڤێك لەم کۆمەڵگایەدا لە

هەموو کەرەستە و پێداویستییەکانی ژیان بە ماددی و مەعنەوییەوە، لێی بێ بەش بکرێت، هیچ کەسێکیش خۆی بە بەرپرسی نەزانێت و گوێ لە ڕاز و نیازی نەگرێت، ئایا دەبێت جاوەنۆڕی چی لێبکرێ ؟ دواجار چۆن پەنا نەباتە بەر یاخیبوون و بەکارهێنانی هێز و بازووی جەستەیی ؟ ئێمە ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، تەنانەت نەمانتوانیوە هەستی نیشتیمانی و ئینتیمای نەتەوەیی لە هزری لاوان و ڕۆڵەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا سەوز بکەین، کەچی چاوەڕێی ئەوەی لێدەکەین ببێت بە داهێنەر و خزمەتکار و بەرگریکاری ئەم نیشتیمانە ! هەر بۆیە ئەگەر جۆرە تاقمێکی وەهاش دروستببێت، ئاساییە وە لەوەش ئاساییتر ئەوەیە کە لە دەربڕینی ڕەخنە و داواکارییەکانیاندا هەر ڕەفتارێکی تووندوتیژی بنوێنن، چونکی ئەوان هەر ئەوەندە لە هزریاندا کۆ کراوەتەوە، دووریش نییە لەمە خراپتر نەکەن، کە دواجار وەکو بوڕکانێك حەسرەتی چەند ساڵەیان بتەقێننەوە بە ڕووی کۆمەڵ و دەسەلاتیشدا. بەڵام هێشتا نابێت ناوی مرۆڤەکان و ڕەنگەکان، دواجاریش شارەکان پیس و پۆخڵ بکەین.

ڕەنگبێ ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کەوا بیرکردنەوە و تێڕامانی مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵگایە، بە تایبەتی پیاوانی دەسەلاّت بریتی بێت لەوەی کەوا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، بە یەك پێوەر تەماشا دەکەن. لەوەش کارەساتتر ئەوەیە کە دەیانەوێ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، وەکو یەك بیربکەنەوە و نان بخۆن و جلوبەرگ لەبەر بکەن و ژیان بگوزەرێنن !

پەروەردە و گۆڕینی سیستەم [٢٠]

جێگەی باوەڕ نییە، مرۆڤدۆستێك هەبێت لەگەڵ گۆڕینی سیستەم و بەرنامەی نوێی پەروەردە و خوێندندا تەبا نەبێت، بە تایبەتی گۆڕینێك کە مەبەست لێی پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و بیرکردنەوەی دروستی کۆمەڵگە بێت. بەڵام ئەگەر ئاوڕێك لە پەروەردە و گۆڕینی سیستەمی هەرێمی کوردستان بدەینەوە، ئەوە دەکرێ بڵێین پەروەردە و گۆڕینی سیستەمەکەشی جێگەی سەرەنج و تێڕامانە. سەیر لەوەدایە هەر ماوەی جارێك, وەزیرێکی بەڕێز دێت و دەست دەکات بە چاکسازی و گۆڕینی ڕادیکاڵی. ئەمەش ئاماژە بە بوونی جیاوازی ئایدۆلۆژیاکان و لاوازی پلان و نەبوونی کارنامەیەکی دڵسۆزانە دەکات.

بە تێڕوانینی ئێمە, ئەم دۆخەی کە ئێستا پەروەردە تێیدایە، لە گەشەکردنێکی بێ پلانی و ناسروشتی و ڕووکەشییەوە نزیکە، چونکی بێ سەروبەرییەکی زۆری پێوە دیارە و, هەنگاوەکانیش بە گوێرەی پێویست و هەلومەرجی شوێن و پلە بە پلە ئەنجام نەدراون، بەڵکو شێوەی بازدانی هەڕەمەکی و ماندووبوون و هەناسەبڕکێی پێوە دیارە. واتە بڕیار و کردارەکانی پەروەردە، ئەوەندە لە غەمی ئایدۆلۆژیا و نێوبانگی ڕووکەشیدایە، هێندە پەرۆشی نێوەڕۆك و دەرئەنجام و پاشەڕۆژی کۆمەڵگەی نییە. هەر بۆیە بەرپرسانی پەروەردە لە کاتی

---

[٢٠] ئامانج نازم بیجان, پەروەردە و گۆڕینی سیستەم, (ئاوێنە)–ڕۆژنامە, ژمارە (٢٩٤), چاپخانەی ئاوێنە, ڕۆژی سێشەممە–(٢٠١١/٩/٢٧), ل٩.

ئەنجامدانی هەر کردارێك و گۆڕینی هەر سیستەم و پڕۆگرامێکی پەروەردە و خوێندندا، ناگەڕێنەوە بۆ بارودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵگە، هەرگیز ناپرسن ئاخۆ ئەم سیستەمە تا چەند گوونجاوە و تا چ ئاستێك ڕاژەی پەروەردە و کۆمەڵگەی پێدەکرێ ؟

کارەساتیش لەو ساتەوە دەستپێدەکات، کەوا ڕۆڵی خوێندکاران و مامۆستایان هەمیشە فەرامۆش دەکرێ لەو بارەیەوە، چونکی بەبێ هیچ ڕاپرسییەك یاخود بەبێ وەرگرتنی ڕا و بۆچوونی مامۆستایان و خوێندکاران، بڕیار لە بارەی گۆڕینی سیستەمەوە دەدرێ، ئەمە لە کاتێکدایە کەوا تەواوی بڕیارەکان پەیوەستە بە مامۆستا و خوێندکارانەوە، هەر ئەوانیش لەو دۆخەدا خاوەن ئەزموون و شارەزان.

هەر بێ پلانی و بێ بەرنامەیی و ئەو بڕیارە تاکڕەوانەیە، وایان کردووە کەوا بواری پەروەردە و خوێندن بکەوێتە قەیران و کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزەوە, بە تایبەتی کێشەی سیستەم و ئاستی زانستی و وەرگرتن و دەرچوون و دامەزراندنی خوێندکاران. ئەمەش دووبارە پێمان دەڵێ گۆڕینی سیستەمی پەروەردە لە گەشەکردنێکی ناشروشتی و ناتەندروست و ڕووکەشیدایە، زۆرجاریش گۆڕانکارییەکان، تەنها لە بەرگ و گووتار و ڕووکەشدا دەبینرێن.

ئێمە لێرەدا دەپرسین: باشە ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە، سیستەمی پەروەردە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئاخۆ چ بەرهەم و دەرئەنجامێکی لێکەوتووەتەوە کە پەیوەست بێت بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پەروەردەییەوە ؟ ئایا لە مامۆستا و خوێندکارانیان پرسیووە کە داخۆ ئەم سیستەمە چەندە سوودبەخش بووە ؟ ئایا ئەو پلانانەی وەزارەتی

پەروەردە، تا چەند دەتوانێ ڕووبەڕووی ئەو قەیرانە گەورانە بێتەوە، کە ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە ؟

لە ڕاستیدا پێویستە وەزارەتی پەروەردە بەرپرسانەتر بیر لە بڕیار و کارکردن و دەرئەنجامی کردارەکانی خۆی بکاتەوە. دەبێت لە هەر کارنامەیەکدا، هەلومەرجی کۆمەڵگە و تاکەکانی لێکبدرێتەوە و بۆچوونیشیان بە هەند وەربگیرێ لەو بارەیەوە، بڕیار و کردارێك بکرێت کە بۆ پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی ئاستیان بێت، نەك ناڕەزایی و سەرلێشێواویی لێبکەوێتەوە. هەروەها ناشکرێ هەر ئەزموونێك بهێنین و بۆ ماوەیەك کۆمەڵگەکەمانی پێ تاقیبکەینەوە، بەڵکو دەبێ ئەزموونەکە بۆ کۆمەڵگە شەن و کەو بکرێ، بخرێتە ژێر تۆژینەوە و ویژدانێك، کە غەمی بەرژەوەندی مرۆیی و نیشتیمانی هەبێ.

ئاوابوونی تراژیدیای بێدەنگی [٢١]

سەددام بێ دەنگی دروست نەکرد، بەڵکو
بێ دەنگی سەددامی دروست کرد.
(کەنعان مەکییە)

بێگوومان نەبوونی دەنگی کۆمەڵگا لە ئاست کردارەکانی دەسەلاتدا، تراژیدیایەکی بەڵگەنەویست دەخولقێنێت، کە دواجار ئەم بێدەنگییە کۆمەڵگا پشکدار دەکات لەو ستەمکاری و تراژیدیایەی کە دروستدەبێت، ڕەنگبێت بە تەنها ئەو ووتەیەی سەرەوە جوانترین گوزارشت بێت بۆ پرسی بێدەنگی و دەرئەنجامە تراژیدییەکەی. بشێ لای هەمووشمان ئاشکرا بێت کەوا بێدەنگی لە میانەی دەنگێکی بێدەنگکەرەوە دروستدەبێت, ئەویش لە نێوان دوو هێزی نایەکسان دێتە کایەوە، دەبێت بشزانین کەوا ئەو هێزە دەسەلاتدارەی کە ئەوانی تر بێدەنگ دەکات، سەرەتا تەماشای دەوروبەری خۆی دەکاتن کە ئایە ئەم کۆمەڵگایە دەشێت بێدەنگ بکرێت ؟ چونکی هەموو کۆمەڵگایەك بە ئاسانی بێدەنگ نابێت. ئامانجیش لەم کرداره دیکتاتۆرییەدا ئەوەیە کەوا ئیتر کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەکەوە بێدەنگ بکرێ و، هەر بە تەنها ئەم هێزە دەنگی هەبێت بەسەر کۆمەڵگادا.

---

[٢١] ئامانج نازم بیجان, ئاوابوونی تراژیدیای بێدەنگی, (ڕۆژنامە)–ڕۆژنامە, ژمارە (٦٢٨), سلێمانی, ڕۆژی سێشەممە–(٢٠١١/٤/٥), ل٢١.

ئەگەر چاوێکی خێرا بە پەرتووکەکانی (کەنعان مەکییە)دا بخشێنین، بە تایبەتی کتێبی (کۆماری ترس) و (دڵڕەقی و بێدەنگی)، زۆر بە ڕوونی بۆمان بەدیار دەکەوێت کەوا بێدەنگی کۆمەڵگا لە ئاست دەسەلاتدا چ کارەسات و مەرگەساتێکی لێدەکەوێتەوە ؟ کە تێیدا مرۆڤ لە مرۆڤبوون دەخرێت، چونکی مرۆڤ لەو ساتەوەختانەدا ئیدی خۆی نابێت، بەڵکو وەکو کارەکتەرێکی وەهمییانە خۆی نیشان دەدات، کەوا دەسەلاّت بە هزر و بیرکردنەوەی خۆی ئاڕاستەی دەکات.

لێرەدا گرنگە بپرسین: ئایا مرۆڤی کورد هەنگاووی ناوە بۆ شکاندنی بێدەنگی ؟ بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارە پێویستە باس لە میژوونووسی ئینگلیزی (آرنولد جوزیف توینبي)–(١٨٨٩ – ١٩٧٥) زاییەنی بکەین، بە تایبەتی تیۆرییە بەناوبانگەکەی بە ناوی (مەیدانخوازی و وەلاّمدانەوە)، کە تێیدا سەرهەڵدان و داڕمانی شارستانییەتەکان لێکدەداتەوە. ئەو لای وایە کەمی دەرامەت و ووشکە سالّی و زەوی شاخاوی سەخت، دەبنە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی شارستانییەت، باس لەوەش دەکات کەوا زەوی سەخت و ژینگەی ناڵەبار، مرۆڤ دەوروژێنێ بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ژیانی، چونکی ئەمانە مەیدانخوازییە لە دژی مرۆڤ و پێویستە وەلاّمدانەوە هەبێت و هێزی داهێنانی مرۆڤیش دەوروژێنێ، ئەو کۆمەڵگایەی وەلاّمدانەوی شیاوو و پێویستی نەبوو بۆ مەیدانخوازییەکە، ئەوە چارەنووسی لە ناوچوون دەبێت.

تۆینبی لای وایە مەیدانخوازی هەر لە سروشت و ژینگەدا کورت نابێتەوە، بەڵکو مەیدانخوازی مرۆڤیش هیچی لە سروشت کەمتر نییە. لاشی وایە مەیدانخوازییەکە بە یەکێك لەم سێ خاڵانە دەبێت, یەکەم:

کەموکورتی لە مەیدانخوازییەکە وا دەکات لایەنی بەرامبەر لێی بێخەم بێت و وەلأمدانەوەیەکی سەرکەوتووانە نەنوێنێ. دووەم: مەیدانخوازییەکی ئێجگار تووندوتیژ، گیانی لایەنی بەرامبەرەکە دەرمێنێ، ئەوسا توانای وەلأمدانەوەیەکی سەرکەوتووانەی نامێنێ. سێیەم: مەیدانخوازییەکە لە پلەیەکی پەسەنددا ووزەی داهێنەرانە دەوروژێنێ، چاکترین وەلأمدانەوەی مەیدانخوازیش ئەوەیە (ناوەند) بێت لە نێوان بێهێزی و لە نێوان ئێجگار هێزداری مەیدانخوازییەکەدا، ئەم حاڵەتەیە کە وەلأمدانەوەی سەرکەوتوو پێکدەهێنێ، هەر بۆیە ناوی لێناوە (زێڕینەی ناوەند).

لە بۆچوونەکانی تۆینبییەوە بۆمان بەدیاردەکەوێت کەوا ئەگەر هات و دەنگێك یان دەسەلأتێك دەنگی بەرز کردەوە و, دەسەلأتێکی تۆتالیتاری و دیکتاتۆری بەکارهێنا دژ بە کۆمەڵگا و، هەوڵی کپکردنەوەی دەنگە ناڕەزاییەکانیدا، ئەمە بۆخۆی ڕووبی و ئاشکرایی مەیدانخوازیمان بۆ بەیان دەکات. پێمان دەڵێت دەنگە کپکراوەکان، خاوەن بەهرە و داهێنەران لە خەو هەستن و سەرەنجێکی مەیدانخوازییەکە بدەن و وەلأمێکی گونجاووی ئەم مەیدانخوازییە بدەنەوە و خۆتان لە ستەمکاری و مەرگەسات ڕزگار بکەن، هەوڵبدەن مرۆڤانە بژین و بە دووی ئازادی و سەروەری مرۆڤایەتیدا بڕۆن تاوەکو دەیدۆزنەوە. نابێت لە یادیشمان بچێت، ئەگەر وەلأمی ئەو مەیدانخوازییەش نەدەینەوە، ئەوە بەرەو چارەنووسێکی نادیار هەنگاوو دەنێین.

بە تێڕوانینی ئێمە, دۆخی ئێستای کوردستان بەم دەنگانەی کە بوونی هەیە، خۆی لەم باسانەی سەرەوەدا دەبینێتەوە، سەرچاوەی ئەو

وەلأمەی کە لە بۆ مەیدانخوازییەکە گرنگە بدرێتەوە، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەك لەمەو پێش، واتا ئەم وەلأمەی کە دەدرێتەوە ڕیشەکەی کۆنە و دەمێکە لە ناخی کۆمەڵگەدا کەڵەکە بووە. ئەمەش پێمان دەڵێت لە کوردستاندا یەکێك لەو سێ جۆرە مەیدانخواییە ڕۆژانە خۆی نمایش دەکات، لەهەمان کاتیشدا جۆرە وەلأمدانەوەیەکی کەڵەکەبووش ڕۆژانە خۆی بەرجەستە دەکات لە شوێنە جیاجیاکاندا، بەلأم گرنگە ئەو دەنگانەی کە دەمێکە بێدەنگکراون، ئەمڕۆ هەموو بە شێوازێکی گونجاوو دەنگی خۆیان دەربڕن کە تێیدا وێنەی ڕاستەقینەیی مرۆڤی کورد بدۆزنەوە، نابێت لە کردارەکانیشماندا تەماشای تیۆری بیرمەندان نەکەین.

شیاووی باسە، بوونی ئەم دەنگانەی ئێستا و نەبوونی لە سەردەمانی پێشووتردا, ڕەنگبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا تاکەکانی کۆمەڵگا ئەو کات خەریکی یەکخستنەوەی ماڵی کورد بووبن لە دەست نەیارە شۆڤێنییەکانی، بۆیە ئێستا بە گڕوتینێکی زۆرەوە دەنگەکان هاوار دەکەن دژ بە ستەمکاری و دیکتاتۆری. ئەمەش پێمان دەڵێ خاوەنی ئەم دەنگانەی ئێستا نیشتیمانپەروەری خۆیان دەسەلمێنن. دەشکرێ لە ڕەهەندێکی تریشەوە بڕوانینە ئەم پرسە، ئەگەر تەماشای میژووی بلاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی یاخود ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکەین، کە چۆن لە سەرەتاوە تووشی ئەشکەنجە و ئازار و مردن بوونەتەوە لە لایەن دەسەلاتدارە جیاجیاکانی ئەو سەردەمەوە، بەلأم دەبینین ئەم کردارە نامرۆییانە نەك نەیتوانی بە زەبر و زۆرداری پەیامی ئەو دوو ئایینە لە نێو بەرێت، بەڵکو وایکرد تاکەکان زیاتر بە پەرۆش بن.

یاخود ئەگەر تەماشای سەردەمی ڕێنیسانس و سەردەمی ڕۆشنگەری ئەوروپییش بکەین، دەبینین کەوا لە سەرەتادا نووسەران و بیرمەندان و فەیلەسووفان، تووشی ئەشکەنجە و لێدان بوونەتەوە، هەندێکیشیان بە هۆی نووسینەکانیانەوە شاربەدەر کراون. هەموو ئەمانەش لەلایەن دەسەلاتدارە دیکتاتۆرەکانەوە سەرچاوەی دەگرت، ئامانجیش لێی جگە لە مانەوە و درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەلاتە ستەمکارەکانیان هیچی تر نەبووە. کەواتە مێژوویش پێمان دەڵێت ئەگەر مرۆڤ ژیانێکی پڕ لە ئازادی و سەروەری ویست و خەونی پێوە دیت، ئەوە دەبێت لە ئاست دەنگە دیکتاتۆر و ستەمکارەکاندا دەنگی خۆی هەڵبڕێ و پێیان بڵێ تڕاژیدیای بێدەنگی لە ئاست کردارە نامرۆیی و نیشتیمانییەکاندا خەریکە بە تەواوی خۆری ئاوا دەبێت.

وەهمی خوێندن و زانست لە زانکۆدا [٢٢]

بە دەگمەن هەڵکەوتووە کەسێك لە دەرەوەی زانکۆ بێت و بتوانێت ڕاستی و دروستی ئەو ناوەندە زانستییەمان بۆ وێنا بکات، وەڵ زانکۆ بە شێوەیەکی گشتی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، بە شێوازێك باوەشی بۆ گەندەڵی کردۆتەوە کە تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە لێی ئاگادارین. ئاشکرایە ئەو خوێندکارانەی کەوا لە قۆناغی ئامادەییدان، زۆربەی زۆریان ئارەزووی ئەوە دەکەن کەوا خوێندنی زانکۆ تەواو بکەن، ئەمەشیان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هۆکار و پاڵنەری کۆمەلایەتی.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە حوکمی ئەو دابونەریتەی کە تاکەکان پابەندن پێیەوە، وایکردووە کەوا بۆشاییەکی ڕۆحی و نەبوونی پەیوەندییەکی کۆمەلایەتی تەندروست لە ناخی تاکەکانیدا دروستبێت و بە دووی پڕکردنەوەیدا وێڵ بن، هەر بۆیە خوێندکار زانکۆ وەك بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و مەعریفی و پڕکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان تەماشا دەکاتن، بەلأم مەخابن خوێندکار هەتاوەکو ئەو کاتەی لە زانکۆ دەرنەچێت، هەرگیز هەست بەو خەون و وەهمانەی زانکۆ ناکات، چونکی خوێندکار لە زانکۆدا وەکو نووستوو یاخود وەکو بێ ئاگا وایە، بە دەگمەن نەبێت ئاگای لە ژیانی ڕاستەقینەیی مرۆڤەکان نییە، نابێت لەیادیشمان بچێت خوێندکار لەو کاتانەدا تووشی شۆکی

---

[٢٢] ئامانج نازم بیجان, وەهمی خوێندن و زانست لە زانکۆدا, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٥٧), چاپخانەی کەمال, سلێمانی, ئابی (٢٠١١), ل١٠.

کۆمەڵایەتی و زانستی دەبێت، چونکی دونیای ئامادەیی لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازترە لە فەزای زانکۆ.

باشە دەبێ لە کوێی دونیادا زانکۆ بە (قیق و قاق) پێشوازی لە قۆناغی یەکەم بکات ؟ خوێندکاری داماوو سەرەتا وادەزانێ زانکۆ جێگەی فێربوون و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییە و لێرەدا ئیدی سەرقاڵی پسپۆڕی خۆی دەبێت، لەلایەکی تریشەوە ڕەهەندی ئەوەی هەیە گوایە دەتوانێ ئەو بۆشاییەی کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا هەیە پڕبکاتەوە, چونکی بە ڕووکەش دەبینێ دکتۆر بە جانتایەکەوە دێت بۆ موحازەڕە یاخود چەندین بۆنە و سەیران و ئاهەنگی یەکترناسین تەماشا دەکاتن، ئیدی وادەزانێ ئەم کردار و مامەڵانە وێنەیان نییە و لەسەر بنەمای زانستی و عەقڵانی و واقیعی کۆمەڵگە بونیاد نراوان, نازانێ ئەگەر هەر لە یەکەم ڕۆژەوە فێری (لێدان)–نەچوونە موحازەڕە نەبێت بە سادە و قاز و ترسنۆك دەناسرێ و دەبێتە جێگەی عەیبە و شوورەییش.

هاوڕێیەکمان کە دوو قۆناغ پێش ئێمە چووبووە زانکۆ، سوێندی دەخوارد دەیگووت: جاری وا هەبووە بە دوو–سێ مانگ کۆلێجم نەدیووە، دەیگووت: هێند لە مالْ دەماینەوە کە هەندێ جار لە یادم دەچوو کە من قوتابی زانکۆم، مەگەر باسیان کردبایە ! ئێستاش ئەو برادەرە لە دوا قۆناغی خوێندنی بالاْ–ماجستێرە. ئەوە ئەگەر هەڵە بکەیت و کتێب هەڵگری یاخود باسی خوێندنەوە بکەی، ڕەنگبێ هەر ببیت بە جێگەی پێکەنین و برادەریشت بۆ نەمێنێت.

ڕۆژی یەکەم بوو کە چووینە بەشەناوخۆیی، هاوژوورێکم کە پێش ئێمە لەوێ بوو, هەر کە ئێمەی بینی بە جیددی خەریکی ئیش و کار و

خوێندنین و قسە و گاڵتەی زۆر ناکەین، گووتی ئای ئەمانە چەندە سادەن، بە ڕاستی قازن هەر لە ئێستاوە خەریکی خوێندنن، ئێوە لە فریشتە دەچەن، بەڵام دەبێ ئێوەش ڕۆژێ وەکو ئێمەتان لێببێت کە بن بە شەیتانێکی عەیار بیست و چوار. بەڕاستی هەر لە سەرەتاوە تووشی شۆك دەبی و ماوەیەکی زۆری پێدەچێ، بێ ئەوەی هیچ شتێك بخوێندرێ, ڕەنگبێ لای ئێمە باشتر بووبێ، چونکی لە شوێنەکانی تر گەلێك لە ئێمە خراپتربوون، بۆیە ترسێکی زۆرت لێدەنیشێت لەبەر ئەوەی خوێندکاری ئامادەیی ڕانەهاتووە لەگەڵ دەست بەتاڵی و نەخوێندنەوە، کەچی هەر قسەی ئەو برادەرە دەرچوو، خوێندن لە زانکۆدا تەنها شەوی تاقیکردنەوەیە و هیچی تر.

ئەوە باسی کتێبخانە هەر مەکە، ڕەنگبێ لە یەك هەفتەدا سەد کەسی جیددی سەردانی نەکاتن، هەر بۆیە کارمەندانیشی سەریان زۆر سووکە, بەڵام ئەگەر تەماشای کافتریا و گۆڕەپانی زانکۆ و کۆلێجەکان بکەی، جمەی دێ لە مرۆڤی بێ کار و بەکاربەر و قسەزل و نەخوێندەوار و بابەتی ڕووکەشی و بێ ناوەڕۆك و ئەفسوناوی هتد... ئەوە ئەگەر بێتو ئاوڕێك لە پێشینەی هەندێك لە ماجستێر و دکتۆرەکانی زانکۆ بدەیتەوە، ڕەنگبێ لە زۆر ڕووەوە خوێندکاران لەوان لە پێشتربن، جاری وا هەیە مرۆڤی خاوەن ویژدان شتی وادەبینێ یاخود بابەتێك دەبیستێ زۆر نامێنێ ئەقڵ لە دەستبداتن، ئێستاش بیر لە هەندێکیان دەکەمەوە، پرسیاری ئەوەم بەبیردا دێ داخۆ ئەمانە چی گەیاندوویەتە ئەم ناوەندە زانستی و ئەکادیمییە ئەگەر دەسەلاتی حیزب نەبێت ؟!

هەرگیز لە یادم ناچێ, یەکەم تاقیکردنەوەی کۆلێجمان ئەنجامدا, کە لە بابەتی (میژووی کۆنی کورد)دا بوو، ئەو دکتۆرەی

وانەی پێدەگووتینەوە زۆر کۆڵەوار بوو, ئەگەر بێت و قسەی لە بارەوە بکەی بۆخۆی بە تەنها دەبێتە هەوێن و سەرچاوەی چەندین لێکۆڵینەوە. لە تاقیکردنەوەکەماندا هاوپۆلێکمان لە بری نێوی (مێژوونووس)یێك، نێوی یاریزانێکی نووسیبوو و ڕاوبۆچوونیشی خستبووەڕوو، ئەو دکتۆرە ئەکادیمییە باشترین نمرەی پێدابوو، ئێمەی داماویش بە خوێندنەوەی سێ سەرچاوەوە ئەوجا توانیمان دوو نمرە لەو زیاتر بهێنین، ئەو هاوڕێیەمان نیشانی هەموو بەشەکەی دا و دەیگووت بۆ یادگاری لە لای خۆم هەڵیدەگرم.

ژمارەی ئەو کەسانەش لە باسکردن نایەت کە خەریکی حزبایەتی و سیاسەتکردنن, چی لە دکتۆرێك بکەی کە کادرێکی گەورەی حیزبییە و لە هوڵی وانەگووتنەوەدا بە نێوی حیزبەوە هەڕەشە لە خوێندکارێ بکات و چەندین قسەی ناشیاووی پێ بڵێت ؟ یاخود گاڵتە بە خوێندکارانی ناوچەی گەرمیان و فلأنە شوێن بکات و سوکایەتی بە زاراوە و شێوەزارە جیاجیاکانی کوردستانیش بە ڕەوا بزانێت، کەچی بۆخۆیشی خەڵکی گەرمیانە, وەك ئەوەی بڵێی کێشەی خۆی و نەتەوەکەی و زانکۆ هیچی نییە. هەر ئەمانەش وایانکردووە زانکۆ کادیری نەخوێندەوار بەرهەمبهێنێت. دەبینی دەرچووی زانکۆیە تاوەکو ئێستاش پەنجا کتێبی نەبینیووە یان ناتوانێ دوو قسەی باش بۆ دەوروبەری بکاتن.

سەیر لەوەدایە چ خوێندکاران و چ مامۆستا و دکتۆرەکانیش، وادەزانن زانکۆ جێگەی یەکترناسین و ڕابواردن و کافتریا و ئاهەنگ و سەیران و نەچوونە موحازەرەیە, نابێت لە یادیشمان بچێت هەموو ئەمانە گەلێك پێویستن و دەبێ زانکۆ هەڵگری ئەو پەیامەش بێت، بەڵام

ئەوەی کە لە زانکۆدا دەبینرێت، لەسەر بنەمایەکی تەندروست و عەقلانی بونیاد نەنراوە، بەڵکو لە سنووریش دەرچووە تا ئەو ئاستەی وایلێدێت لایەنی کۆمەڵایەتی بەو ناتەندروستی و نازانستی و ناهاوسەنگییەوە، تەواو زاڵدەبێت بەسەر بواری خوێندن و زانست و مەعریفە و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیدا.

ئەگەر تێبینیش بکەین خوێندکار پێش ئەوەی بێت بۆ زانکۆ، گەلێك دەوڵەمەندترە چ لە ڕووی زانستی و مەعریفی و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دابونەریت و هاوسەنگی دەروونیشەوە، وەڵێ کە ڕوو دەکاتە زانکۆ, زۆر لەو بەها پیرۆزییانەی خۆی لە دەستدەداتن، هەر بۆیە کەم کەس هەیە بتوانێ لەوێندەر دژی ئەو نەریتە باوانە بێت، چونکی جێگەی نابێتەوە، ئەوەشی بکەوێتە بەر ئەو شەپۆلە پڕ لە تڕاژیدییە، ماوەی چەند ساڵێکی دەوێ بۆ ئەوەی چاکسازی لە خۆیدا بکاتن، یاخود بگەڕێتەوە بۆ دۆخە تەندروستەکەی جارانی خۆی، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەوا پێمان باش بێت مرۆڤ هەر بە دۆگمایی بمێنێتەوە و گەشە نەکات و نەکەوێتە ژێر کاریگەری شەپۆلی تەندروست و پێشکەوتوودا.

پێمان خۆشە دەروونناسان و کۆمەڵناسان لەم بارەیەوە تۆیژینەوە لە دۆخی خوێندکارانی زانکۆ ئەنجامبدەن و چاوپێکەوتنی جیددی و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن و لێیان بپرسن: ئەرێ لە زانکۆدا کە خەریکی پسپۆڕی خۆتی بەچی گەشتی ؟ ئایا لەو ماوەیەدا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و کولتوورییەوە چیت بە دەستهێناوە کە بتوانی خزمەتی کۆمەڵگەی پێبکەی ؟ بە ڕاستی ئەوەی خاوەن ویژدان بێت، لە ناوەڕۆکی قسەکانیدا دەبێت باس لەو خەونە بکاتن کە هەوڵی بۆ داوە و واش دەرنەچووە، بەڵکو لە پێچەوانەکەی نزیکتر بووە و، وەهمی کۆمەڵگەش

بدرکێنێ که تێڕوانینێکی ئەفسوناوییان هەیە بۆ زانکۆ، که گوایە ناوەندێکی زانستی و ئەکادیمییە, چونکی خوێندکار کاتێك لە زانکۆ دەردەچێت ئەوجا ئەم پرسەی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

هاوڕێیەکی نزیکم که یەکێك بوو لە خوێنەرە جیددییەکانی زانکۆ، دەیگووت: بەس زانکۆ تەواو بکەم، سوێندم خواردووە دەبێت حەوت بەردی گەورەی پێوە بنێم، چونکی جگە لە مەلزمە لەبەرکردن هیچی تری فێر نەکردووم. بە تێڕوانینی ئێمە کاتی خۆی حوجرەکان و مزگەوتەکان گەلێك لە زانکۆ و پەیمانگاکانی ئەوڕۆمان سوودبەخشتر بوون، چ لە ڕووی کۆمەلایەتی و چ لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبیریشەوە، چونکی چەندین شاعیر و ئەدەبناس و مێژوونووس و نووسەر و وەرگێڕ و کەڵەپیاوی گەورەی لێ بەرهەم هێناوە، بەلأم لە زانکۆدا زانست و لایەنی کۆمەلایەتی دەبێت بە خەون و وەهم, بێ ئەوەی هەستیشی پێبکرێ.

ئەگەر مەبەست و ئیرادەیەك هەبێت بۆ چاکسازی، دەبێت سەرەتا لە کادیرە نەخوێندەوار و بێ بەرهەمەکانەوە دەستپێبکرێ و دوور بخرێنەوە لە ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکاندا، دەبێت زانکۆ جێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و مەعریفی و داهێنان و خزمەتکردنی کۆمەڵگە بێت، نەك لە ناوەڕۆکدا جێگەی حیزبایەتیکردن و ڕابواردنی کات و بازرگانیکردن بێت و, لە ڕووکەشیشدا وانیشانبدرێ کە جێگەی پێگەیاندنی کادیری زانستییە و پەرەدانە بەلایەنی کۆمەلایەتی و کولتووری و ڕۆشنبیری. بۆ ئەوەی زانکۆ لە کۆمەڵگەدا بدۆزرێتەوە، دەبێ گۆڕانێکی ڕادیکاڵی لەو بارەیەوە ئەنجام بدرێ.

مامۆستا ناخوێنێتەوە [٢٣]

ئەگەر چینی مامۆستا بەراورد بکرێ لەگەڵ چین و تووێژەکانی تری کۆمەڵگە، ئەوە مامۆستا پشکی شێری بەر دەکەوێ لە خوێندنەوەی کتێبدا، چونکی ئەرك و پەیامەکەی گەلێك پەیوەستە بە خوێندنەوەوە، لە هەمان کاتیشدا خاوەن بڕوانامەیە و دواجاریش ڕۆڵی پەروەردەکار دەبینێت. بەڵام زۆر بەداخەوە مامۆستایانی بواری پەروەردە و فێربوون، زۆر تا کەم مەیلیان بە لای خوێندنەوەدا ناچێت.

ئەمەش بە بۆچوونی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی زانکۆ و, بۆ ئەو سیستەم و میتۆدە پڕ لە تڕاژیدی و لە هەمان کاتیشدا کۆمیدییەی بواری پەروەردە و فێربوون. چونکی دواجار کە بڕوانامەیەکی قەبە و بێ بەرهەم دەبەخشێ، ئیدی ئەو مامۆستایە هەست بە جۆرێك لە غرور دەکات, لای وایە کە زانکۆی تەواوکرد ئیتر ئەم خاوەن بڕوانامە و زانستێکە کە هەرگیز کۆتاییان نایەت ! هەر بۆیە بە هەزارەها مامۆستامان هەیە کەوا جگە لە میتۆدی بەشەوانەکانی خۆی، هەتاوەکو هەنووکەش یەك ڕۆژنامە ناناسێ !

بە ڕاستی باس و خواسی خوێندن و نووسین لە لای زۆربەی مامۆستایان بووە بە جێگەی گاڵتەپێکردن و پەراوێزخستنی بەها بەرزەکانی, ئەمەش وایکردووە زۆر لەو مامۆستایانە بە بێ ئاگا و

---

[٢٣] ئامانج نازم بیجان, مامۆستا ناخوێنێتەوە, (ئاوێنە)–ڕۆژنامە, ژمارە (٢٩٧), چاپخانەی ئاوێنە, ڕۆژی سێشەممە–(٢٠١١/١٠/١٨), ل٩.

ناشارەزا و ناهۆشیار بمێننەوە. لە کاتێکیشدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا سەرپەرشتیارێك یاخود ڕۆژنامەنووسێك دێت بۆ سەردانیان، ئیدی ئەو مامۆستایە دونیای لێ تێکدەچێ و هەزار و یەك بیانوو دێنێتەوە بەمەبەستی خۆڕزگارکردن. ئێمە بە لێشاوو مامۆستامان هەیە کە لە یەکەم ڕۆژی مامۆستاییەوە هەتاوەکو هەنووکەش یەك پەرتووك یان ڕۆژنامەیەکی نەخوێندۆتەوە، واتە ئەو مامۆستا بەڕێز و خوێندەوارە، لە یەکەم ڕۆژییەوە هەتاوەکو ئێستا بیرکردنەوە و تێڕوانینی هیچ گەشەی نەکردووە و وەکو خۆی ماوەتەوە، دڵنیاین هەتاوەکو خانەنشینیشی هەروا دەمێنێتەوە.

هەشیانە بە خوێندکاران دەڵێن بخوێننەوە, ئێمە تازە پیر بووین و تاقەتی خوێندنەوەمان نەماوە, کەچی بۆخۆشی بە لاشە گەنجێکە و بە بیرکردنەوە و تێڕوانینیش پیرێکی پەککەوتووە، چونکی تەنانەت ڕۆژنامەی حیزبەکەی خۆیشی ناخوێنێتەوە ! هەرگیز لە یادم ناچێ، مامۆستایەك دەیگووت: بە خوا تاقەتی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکیشم نییە، ئەگەر بابەتێك پەیوەندی بە منەوە هەبێت، بە هاوڕێیەکم دەڵێم بۆم بخوێنێتەوە، کەچی بە تەمای خوێندنی ماجستێریشە !

ئەوە وێنای نیگەرانی هەندێکیان هەر ناکرێ، لە کاتێکدا کەوا خوێندکاران پرسیاری لێ دەکەن، چونکی ئەزانێ تووشی هەڵوێست دەبێت و, توانستی ئەو مامۆستا خوێندەوارەش بۆ خوێندکاران ئاشکرا دەبێ، زۆر جاران ئەمەش بە زیانی خوێندکاری داماوو دەشکێتەوە. بە ڕاستی ئەگەر بێتو ڕاپرسییەك ئەنجام بدرێ لە بارەی خوێندنەوە و هۆشیاری و بەئاگابوونی مامۆستایانی بواری پەروەردە و فێرکردن، ئەو کات بۆمان بە دیار دەکەوێت کەوا زۆربەی ئەو مامۆستا خوێندەوارانە،

چەندە لە ئاست ئەو ناونیشان و ئەرك و پەیام و پێگە زانستییەی خۆیاندا نین, چونکی بابەتی وەها دەبینی, ڕەنگبێ لە هیچ شانۆگەرییەکی کۆمیدیشدا نەتدیبێتن.

جارێکیان خوێندکارێك دەفتەرێکی بۆ هێنام بە مەبەستی نووسینی یادگاری، کە تێیدا ووتەی هەندێ لە نووسەر و داهێنەر و فەیلەسووفانی تێدا تۆمار کرابوو، ئێمە تێبینیمان لە بارەی ووتەیەکی (دیلێ کارنگی) یەوە هەبوو، لەو لاشەوە مامۆستایەکی بەڕێز کە زیاتر لە شەش ساڵە مامۆستایە، گووتی: ئەرێ (دیلێ کارنگی) واتای چی دەگەیەنێ ؟! باوەڕ بکەن ئێستاش نەیزانی، چونکی ئێمە زۆر پێکەنین.

لە هەمووشیان سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە، مامۆستا هەیە داوای گۆڤار یان پەرتووکێکت لێدەکات، کە بە ڕێژەیەکی زۆر لە بازاڕدا هەیە و بەهاکەشیان گەلێك کەمە, وەلێ ئێمە وەهای تەماشا ناکەین، بەڵکو ئەوە نەبوونی خۆشەویستی و بەها و نرخی خوێندنەوەیە لای ئەو مامۆستا خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەیە. باشە ئەگەر ئەمە دۆخ و ئاستی مامۆستا بێت، ئاخۆ دەبێ چاوەنۆڕی چ بەرهەم و نەوەیەکی داهێنەر و ڕاڤەکاری لێ بکرێ ؟

بۆ ئەوەی چیتر وەکو نەخوێندەوار و بێ ئاگا نەناسرێین و مافی ناونیشان و ئەرکی خۆمان بدەین، پێویستە لە هەموو کەس زیاتر باوەش بۆ خوێندنەوە بکەینەوە، بۆ ئەوەش بەها و نرخی خوێندنەوە و کتێب بگەڕێتەوە بۆ نێو چینی مامۆستایان، پێویستە کردارێکی وەها بکرێت لە بواری پەروەردە و فێربووندا، کە سیستەم و میتۆدی خوێندن ببەسترێتەوە بە خوێندنەوە و نووسینەوە.

کاتێك بێدەنگی دەبێتە بەشێکی ستەمکاری [٢٤]

بۆ ئەوەی قسە و باسمان لەمەڕ بێدەنگی و ستەمکاری بێت, پێویستە ئەوە بزانین کە مەرج نییە لە هەموو کات و شوێنێکدا بێدەنگی ببێتە هۆی ستەمکاری, بشێ لە هەندێك کات و شوێندا لایەنی پۆزەتیڤی بە دوادا بێت, بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە قسەی لەسەر بکەین، بێدەنگی کۆمەڵگایە بەرانبەر بە دەسەڵات.

هەموومان دەزانین کەوا بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی کۆمەڵگا و دەسەڵات هەبووە و ستەمکاریش وەکو دیاردەیەکی بەردەوام خۆی نیشانداوە. دەسەڵات یاخود کەسی دەسەڵاتدار ئەگەر ووردبینەوە لێی, دەبینین مرۆڤێکە وەکو هەر مرۆڤێکی تری سەر ئەم زەوییە, کە خاوەن حەز و ئارەزوو و دەرکەوتن و ناوبانگییە، جیا لەوەی کە هەردوو لایەنی چاکە و خراپەی تێدا بەدی دەکرێت, ئەوەی کە دواتر سەرکردە یاخود دەسەڵات بە دەستی دێنێت, هەر بە تەنها خودی خۆی نییە, بەڵکو بەشی زۆری کۆمەڵگە ئەو بەها بەرزەی پێدەبەخشێت. لەوانەشە لە زۆر کات و شوێن و جێگادا خەڵکێ هەبن کە بە جۆرێك تەماشای سەرکردە بکەن، کە تێڕوانینەکانیان زیاتر لە ئەفسانەوە نزیك بێت, ڕاستە

---

[٢٤] ئامانج نازم بیجان, کاتێك بێدەنگی دەبێتە بەشێکی ستەمکاری, (کوردستانی نوێ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٤٥٦١), سلێمانی, ڕۆژی هەینی–(٢٠٠٨/٥/٢), سالّی حەڤدەهەم, ل١٠.
ئامانج نازم بیجان, کاتێك بێدەنگی دەبێتە بەشێکی ستەمکاری, (چاو)–گۆڤار, ژمارە (٧), چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ, تشرینی یەکەمی (٢٠٠٨), ل٩–١٠.

سەرکردە لە زۆر کاتدا وا خۆی نیشان دەدات کە ئامادەی قوربانییە و بۆ ئەوە هاتووە کە چاکسازی و خزمەت پێشکەش بکاتن, بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت، لە پاڵ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدا کۆمەڵگاش لە هەندێ کاتدا سوودمەند دەبێت.

دەکرێت بڵێین لە زۆر کاتیشدا سەرکردە بە تەنها پشتگیرییەکی کۆمەڵگا قایل بێت و جێی دڵخۆشیش بێت بۆی, چونکە مرۆڤ هەروەکو چۆن وێڵی تێرکردنی جەستەیەتی, لە زۆر کاتیشدا بە هەمان شێوە دەبێت هەندێك کاتیش سەرگەردانی تێر کردنی ڕۆحیشی بێت.

ئەوەی پێویستە بیزانین، ئەوەیە کە بپرسین ئاخۆ ئامانجی سەرکردە چی بێت و چۆن چاوی بڕیبێتە کۆمەڵگا و چاوەڕێی چ دەکات ؟ هەر لەم بارەیەوە (د. عەلی وەردی) دەڵێت: هەر کە بینیت جەماوەرێك چەپڵە لێدەدەن بۆ ڕابەرێك و بە دوایدا ڕادەکەن, ئەوە بزانە ئەو ڕابەرە ئەستەم دەخولّقێنێت لە پێناو قایلکردنی جەماوەردا، ڕابەر فریشتە نییە تا لە سروشتدا لە خەڵکی تر جیاواز بێت, ئەویش وەك هەر کەسێکی تر خوازیاری ناوبانگ و پلە و پایەی کۆمەڵایەتییە, ئەگەر بینی ناوبانگ بە دەست ناهێنێت، تەنها لە ڕێگەی خزمەتکردنی خەڵکەوە نەبێت, ئەوا چارەیەکی تر شك نابات بۆیە بەو ڕێگەیەدا دەڕوات.

کەواتە دەبێت بزانین بە شێوەیەکی وەها مامەڵە لەگەڵ سەرکردە بکەین کە بە تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارمان نەهێنێت, پێویستە پێشینەی سەرکردەکانیش بزانین و لە هەموو کات و شوێنێکدا نەچین بەدەم قسە و داواکارییەکانییەوە, هەروەها مەرجە بەردەوام بەراوردی بەرژەوەندی خۆی بکەین لەگەڵ کۆمەڵگادا, دەبێت بەوردیش ئاگامان لە هەموو بوارەکانی تری جیهان بێت بەگشتی و بیر و هۆشمانیش لای

باری ژیانی خۆمان بێت. لە هەمووی گرنگتریش ئەوەیە کەوا دەبێت بە گوێرەی توانا ئەزموون و شارەزایی پەیدا بکەین لەگەڵ مێژوو و ژیانی سەرکردەکان و دەرئەنجامی کار و کردەوەکانیان.

کەواتە ستەم بە تەنها ناکەوێتە ئۆبالّی سەرکردە، بەڵکو کۆمەڵگاش وەکو هاوبەشییەك کاری تێ دەکاتن, ئیدی لە بێدەنگیدا بێت کە واتای بەشداریکردن دەگەیەنێت، یاخود هەر شێوازێکی تر بێت. بۆ ئەوەی زیاتر مەبەستەکەمان ڕوون بێتەوە، پێویستە ووتەیەکی (کەنعان مەکییە) بهێنینەوە, کە دەڵێت: پەیوەندییەکی ئاسۆیی هەیە لە نێوان دڵڕەقی و بێدەنگیدا, لە ئەنجامی بێدەنگیدا دڵڕەقی دروست دەبێ و لە ئەنجامی دڵڕەقیشدا، دووبارە بێدەنگی بەرهەم دەهێنرێت.

هەرچەندە ناوبراوو ئەزموون و باسەکانی زیاتر لە چوارچێوەی حیزبی بەعسدا دەخوولێتەوە, بەڵام دەکرێت بە دڵنیاییەوە بڵێین هەر کۆمەڵگایەك هاوشێوەی کۆمەڵگای عێراقی مامەڵە لەگەڵ سەرکردە و دەسەڵاتدا بکات، ئەوا چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانیەتی. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەگەر کۆمەڵگە بە تاکە کارێکی سەرکردە یاخود دەسەڵات قایل نەبێت، ئەوە گوومان لەوەدا نییە کەوا ناتوانێت کاری دووەمی بە ئەنجام بگەیەنێت.

ئاشکرایە سەرکردە بێ کۆمەڵگا بوونی نییە، چونکی سەرکردە یان دەسەلاّت، فەرمانڕەوایی کۆمەڵگا دەکات و زۆر جاریش ترسی ئەوەی هەیە کە پشتگیری لێ نەکرێت و لە هەمان کاتیش لە کارەکانیدا بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات، کەوا کۆمەڵگەش بکات بە هاوبەشی خۆی، واتا کۆمەڵگە و دەسەڵات وەکو یەکی لێبێت لە کارەکاندا. (سەددام

حوسێن) زۆر جار دەیگووت: هەموو عێراقییەك بەعسییە و هەموو بەعسییەکیش عێراقییە !

بە بۆچوونی ئێمە, ئەگەر هاتوو هەر جۆرە کۆمەڵگایەك بەم جۆرە کارانە قایل بوو، ئەوە گوومانی تێدا نییە، کە ئەگەر ستەمکاری و زوڵم و دڵڕەقی دووبەش بێت, کۆمەڵگا بەشێکێتی، هەروەك و نووسین وایە کە پێویستی بە قەڵەم و پەڕەیە. بە تێڕوانینی ئێمە, هەڵبژاردنی بێدەنگی لە کۆمەڵگادا ترسە, ترسان لە سەرکردە کارەساتەکەی لەوەدایە کە سەرکردەش ترسی کۆمەڵگای هەیە، نەوەك و یاخی بن و بەهایەکی بۆ نەمێنێتەوە !

بە ئاوڕدانەوەیەك لە سیاسەتی بەعسدا، زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە کێ بێدەنگ بووە و کێ زەبر و هێز و بازووی دژی مرۆڤایەتی بەکار هێناوە ؟ لە شوێنێکی تریشدا کەنعان مەکییە دەڵێت: سەددام بێدەنگی دروست نەکرد, بەڵکو بێدەنگی سەدامی دروست کرد ! یاخود کار و کردارەکانی کەنیسەی مەسیحی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کەوا بە نێوی ئایینەوە تەواوی بوارەکانی ژیانیان بۆ خۆیان قۆرخ کردبوو، بە جۆرێك کۆمەڵگایان بێدەنگ کردبوو، وەکو خەوتوویان لێ هاتبوو ! هەتا لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوبراودا چەند کەسایەتییەکی وەکو: (دانتی), (پترارك), (پۆکاشیۆ) دەرکەوتن و تواناییان بێدەنگی بێننە قسە و کۆمەڵگە بەخەبەر بێننەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو باسەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەبێت زۆر بە هەستیارانە و هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ سەرکردە و دەسەڵاتدا بکەین. ئێمە بانگەشەی ئەوە ناکەین کە بۆ جێ بەجێ نەکردنی داواکارییەکانی کۆمەڵگە، تەواوی دام و دەزگاکانی حکومەت

لەناوبردرێت, بەڵکو دەبێت هەنگاوی سەرەتامان بابەتی دیالۆگ و گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن بێت. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئاگاداری کار و چالاکی و ژیان و گوزەرانی پۆژانەی سەرکردە و دەسەلاّت بین.

ئەوەی ماوەتەوە بیلێێین، هاتنی دەسەڵاتی داگیرکەری بێگانەیە, ئێمە لە کاتێکدا هێندەی پێغەمبەران نیگەرانی کۆمەڵگاین, کەوا هەتاوەکو ئێستاش چ دەسەڵاتی کوردی و چ پۆشنبیرانی کورد، ڕاڤە و باس و واتا و مەبەست و فەلسەفە و ئامانجی داگیرکەریان بۆ کۆمەڵگە شی نەکردۆتەوە و بە کۆمەڵگایان ڕانەگەیاندووە کە داگیرکردن، مردن و لەنێوچوونی تەواوی بەها بەرزەکانی کۆمەڵگایە ! هەر بە هۆی ئەو نەزانینەشەوە، هاتووین بێدەنگییمان وەکو خاڵێکی پۆزەتیڤ هەڵبژاردووە, ئێمە باش دەزانین و ئاگاداری ئەوەشین کە هێزێکی ئەوتۆمان نییە کە بتوانێ شان لە شانی داگیرکەر بداتن, بەڵام خۆ دەتوانین هاوکارییان نەکەین، یان هەر هیچ نەبێت بە ڕزگارکەر و چاکەخواز و مرۆڤدۆستیان لە قەڵەم نەدەین.

ئێمە ئێستاش گوومانی ئەوە دەکەین، کوردەکان لە کوردستاندا خاوەنی چین ؟ ئێمە ئێستاش نازانین، لە چ شوێنێکی تری ئەم جیهانەدا، هێندەی کۆمەڵگای کوردی ڕێز بۆ داگیرکەر دادەنێت ؟ ئاخر دەبێت بزانین دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی، چەندە پەیوەندی بە هۆکاری دەرەوە هەیە, ئەوەندە و بگرە زیاتریش پەیوەستە بە سروشتی خودی تاکی کوردییەوە.

هەڵەکردن وەکو بەشێك لە ژیان [٢٥]

هەڵە جیهان دەخاتە جووڵەوە، هەرگیز لە
هەڵە مەترسە.

(پاولۆ کۆیلیۆ)

پێناچێت زۆر دوور بکەوینەوە لە ڕاستی، ئەگەر باوەڕمان وابێت مرۆڤ وەکو بوونەوەرێك لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا، کۆمەڵێك سیفەتی تایبەت بە خۆی هەیە, ڕەنگبێ زۆر جاریش بۆخۆی هەستی پێنەکات و زۆر تا کەم لێی ئاگادار نەبێت. هەر بۆیە دەکرێ هەڵەکردنیش وەکو بەشێك لە ژیانی مرۆڤ، پانتاییەکی گرنگ و دیاریش لە ژیانیدا داگیر بکات. بەڵام لێرەدا گرنگە بپرسین هەڵەکردن چییە ؟ مرۆڤ بۆچی هەڵە دەکات ؟ ئایا کەس هەیە هەڵە نەکات ؟ جۆرەکانی هەڵەکردن چییە ؟ تێڕوانینی مرۆڤ بۆ هەڵەکردن چۆنە ؟ ڕەنگبێ قسەکردن لە بارەی هەڵەکردن و شیکردنەوەی زۆر ئاسان نەبێت، بە تایبەتی لە ووتارێکی وەهادا کە بتوانرێ بە تەواوی باسی لێوە بکرێ. بەڵام دەکرێ بڵێین هەڵەکردن واتە بوونی کردارێکی نائاسایی و نەخوازراو یان کار و کردارێك کە دەربچێت لە یاسا و دابونەریت و بابەتە باوەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، یاخود دەرچوون و بەزاندنی ئەو پێوەر و سنوورانەی کە

[٢٥] ئامانج نازم بیجان, هەڵەکردن وەکو بەشێك لە ژیان, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٦٣), چاپخانەی کەمال, حوزەیرانی (٢٠١٢), ل٨.

کۆمەڵگە و ئایین داینـاوە، بۆ ڕاستی و دروستی هەموو ئەو پرسانەی کە پەیوەستە بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەوە.

بە تێڕوانینی ئێمە تەواوی مرۆڤایەتی بەدەر نییە لە هەڵە و کەموکورتی، لەم بارەیەشەوە (لێنین) ووتەیەکی زۆر بە نرخی هەیە، کە دەڵێت: ئەو کەسەی کە هیچ کارێك ناکات، هەڵە ناکات. ئاشکراشە هیچ مرۆڤێك نییە کە لە ژیاندا بێت و بە هیچ جۆرە کار و کردارێکەوە ڕۆژانە سەرقاڵ نەبێت، کەواتە بێ دوو دڵی دەتوانین بڵێین مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت لە هەڵە و کەموکورتی و تەنانەت تاوانیش خۆی بە دوور بگرێ. ڕەنگبێ ئەمەشیان بگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی سروشت و فیترەتی مرۆڤەکان.

تەنانەت خودی پێغەمبەرانیش (د.خ) لە هەموویان بێت، خودای گەورە لە هەڵە و تاوان پاراستوونی، هەر بۆیە دەتوانین تاڕادەیەکی زۆرباش بڵێین پێغەمبەران (د.خ) یان لێبێت، دوور بوون لە هەڵە و کەموکورتی و تاوان. دەشتوانین بڵێین هەڵەکردنیش جۆری هەیە، مرۆڤ جاری وەها هەیە لە بێ ئاگایی یان بە بێ بوونی هۆش و هەستی خۆی، کردارێك ئەنجامدەدات، کەچی هەڵەی لێدەکەوێتەوە، جاری وەهاش هەیە مرۆڤ هەر خۆی هەوڵی باشکردنی هەڵسوکەوتی خۆی نادات، یاخود سوود لە هەڵە و کەموکورتییەکانی دەوروبەری وەرناگرێت، هەر بۆیە هەڵەی گەورە دەکات، کاتی وەهاش هەیە مرۆڤ زۆر هەوڵ دەدات کە لە میانەی کردارێکیدا، کە هەرگیز هەڵەی تێدا نەکات، کەچی لە ئیش و کارەکەیدا بەدەر نابێت لە هەڵە و کەموکورتی، ئەگەرچی زۆر بچووکیش بێت.

ڕەنگبێ هەر یەك لە ئێمە هەر لە سەردەمی منداڵییەوە هەتاوەکو دواقۆناغەکانی ژیانمان بە بەردەوامی هەوڵی ئەوەمان دابێت کە لە کاری ڕۆژانەماندا، هەڵە و تاوان نەکەین، یان هەوڵبدەین هەڵەکانمان کەم بکەینەوە، بەڵام ڕەنگبێ زۆربەمان نەمانتوانیبێت بەم ئەرکە قورسە هەستین. ئێستاش لە یادمە ئەو دەمەی کە منداڵبووین، هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە ئایا مرۆڤ دەتوانێ لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خۆیدا، هەڵە و تاوان و کەموکورتییەکانی خۆی بنڕ بکات یان کەمی بکاتەوە، ئەم پرسیارانە هەمیشە و بەردەوام هزر و ئەندێشە لاوازەکانمی دەوروژاند، وای لێکردبووم تەنانەت ئەم پرسیارەش بدرکێنم: ئایا ئێمەی مرۆڤ ئەگەر توانیمان خۆمان لە تاوان خاوێن بکەینەوە و، هەوڵبدەین هەڵەکانمان بنڕ بکەین و، زیاتر لە ڕاستی و دروستی نزیك بینەوە، دەتوانین بگەینە پلەی پێغەمبەران یاخود پیاوچاك و پێشەواکان ؟ بەڵام لە دواییدا بۆم دەرکەوت, ئەو بیرکردنەوە ساویلکەیی و خەیاڵپلاوە و وڕێنانەی کە ئەو دەم دەمکرد, لە دوو گۆشە نیگاوە جێگەی باوەڕ نین، لە لایەك مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت هەڵە نەکات و بێ تاوان بێت لە ژیاندا، لە لایەکی تریشەوە بۆم ساغ بوویەوە, کە مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا هەموو شتێکی بە ویست و ئارەزووی خۆی نییە، هەڵەکردن بەشێکە لە ڕەفتار و سروشتی مرۆڤەکان و، لەمیانەی ژیان و هەڵەکانەوە دەگاتە بەشێك لە ڕاستی و دروستی، هەر ئەو هەڵە و تاوانانەیە ئەزموونی ڕاستی ژیانمان بۆ خۆش دەکات.

لە ڕاستیدا تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ کرداری هەڵەکردن لە سەردەمێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جووداییە، هەر وەکو چۆن لە شوێنێکەوە بۆ جێگایەکی تر جیاوازە. چونکی ئەگەر سەرەنج بدەین دیرۆکی

مرۆڤایەتی لێوانلێوە لە کردار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی سەیر و سەرسوڕهێنەر لە بوارەکانی وەکو: کۆمەڵایەتی, ڕامیاری, ئایینی, ئابووری. ڕەنگبێ لە کاتی ئێستاشدا نەک هەر بە هەڵە و تاوان لە قەڵەم بدرێ، بەڵکو ببێتە جێگەی گاڵتەپێکردنیش، کەچی بۆ ئەو کات و شوێنە، جێگەی ڕاستی و دروستی و بگرە زۆر جاران بووەتە مایەی پیرۆزی و شانازیشیان پێوە کردووە.

هەر لەم بارەیەشەوە دەکرێ نموونە لە بارەی خودی مرۆڤەکانیش بهێنرێتەوە، کە لەسەر ئاستی تاکەکەسیشدا ئەم وێنەیەمان بۆ بەدیاردەکەوێت، ئەگەر سەرەنج بدەین مرۆڤ لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنیدا، لە میانەی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆژانەیدا, میژوویەک بۆ خۆی تۆمار دەکات، بەڵام ئەگەر ئەو دیرۆکە ئێستا بە بیری بهێنیتەوە، ڕەنگبێ لە زۆربەیان پەشیمان بێتەوە, بە هەندێکیان پێبکەنێ و لە پڕێکیشیاندا ئارەزووی ئەوە نەکات هەر باسیشی لێوە بکرێت، یاخود بە باسکردنیان تووشی نیگەرانی بێت، کەچی بۆ ئەو کاتە مایەی خۆشحاڵی و کامەرانی بووە بۆی.

دەکرێ بوونی شوێن و جێگاش بەهەمان شێوە جیاوازی دروست بکات لە بارەی تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ کرداری هەڵەکردن، بۆ نموونە ڕەنگبێ کۆمەڵێک دابونەریت و کولتوور و ڕێوڕەسم هەبێت لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتدا، بە باشی و ڕاستی و دروستی بزانرێت و جێگەی پیرۆزیش بێت، کەچی لە ڕۆژئاوادا نەک هەر جێگەی باوەڕ نییە، بەڵکو دەبێتە مایەی سەرسامبوون و پێکەنین، پێچەوانەکەشی هەر ڕاست دەبێت. سەیر لەوەدایە جاری وەها هەیە مرۆڤ تووشی هەڵەیەک یاخود تاوانێک دەبێت، دواجار جگە لەوەی کە خۆی پێی غەمبار دەبێت

و پەشیمانیش دەردەبڕێ، بەڵکو دەدرێتە بەر ڕەخنە و توانج لە لایەن کەسانی ترەوە، ڕەنگبێ لە تەواوی تەمەنیشیدا هەر باس بکرێ، ئەمە لە کاتێکدایە ئەو کەسانە نازانن کە ئەمانیش وەکو ئەو مرۆڤن و هیچ دوور نییە بکەونە ڕۆژگارێکەوە لەو خراپتر نەبن، کە ئێستا گاڵتەی پێدەکەن و ڕەخنەی لێدەگرن.

دەبێت لە بیریشمان نەچێت، تێڕوانینی ئایین بۆ هەڵەکردن و تاوان، گەلێك جیاوازترە لەوەی کە مرۆڤ بۆی دەڕوانێت. چونکی لە نێو ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، خوداوەند و پەیامبەرەکەشی (موحەممەد)– (د.خ) لێبێت تێڕوانینیان جۆرێکی ترە، چ بۆ مرۆڤ و چ بۆ کرداری هەڵە و تاوان و گوناهەکان. بۆ نموونە پێغەمبەر (د.خ) لێبێت دەفەرمێ: (كل بني آدم خطاء وخير الخطائين التوابون). یان خودای میهرەبان لە سورەتی (الشورى) دا دەفەرمێ: ﴿وَهُوَ الَّذِي يَقبَلُ التَوبةَ عَن عِبَادِهِ وَيَعفُوا عَنِ السَّيِئاتِ وَيَعلَمُ مَا تَفعَلُونَ (٢٥) ﴾. کەواتە هەڵەکردن و تاوان کە مرۆڤ بەرهەمی دێنێ، بابەتێك نییە لە هەندێك مرۆڤدا هەبێت و لە پرۆکیشیاندا بوونی نەبێت. دەبێت فێری ئەوەش بین، لە دوای تاوان و هەڵەکانمان، هەوڵبدەین دووبارەی نەکەینەوە، تێبیدا وانە و پەندی لێوە فێر بین.

لەگەڵ بوونی هەموو ئەم جیاوازییانەشدا، هەرگیز وامان لێناکات کە هەڵەکردن لە هزر و سروشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتیدا بخاتە دەرەوە و، مرۆڤەکان هەرگیز ناتوانن خۆیان لە هەڵەکردن بپارێزن. سەیر لەوەدایە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی و لەگەڵ بوونی ڕێنمایی خوداوەند و چەندان پەیامبەر و پیاو چاك و کتێبە ئاسمانییەکانیش، کە پەیام و مەبەستی هەر هەموویان نەکردنی هەڵەیە، یاخود کەمکردنەوەی

هەڵە و تاوان و گرتنەبەری ڕێگەی ڕاستی و دروستییە لە ژیانی مرۆڤەکاندا، کەچی لەگەڵ بوونی هەموو ئەمانەشدا هەڵەی زەق و تاوانی گەورە دەبینین لە کرداری مرۆڤەکاندا.

بە تێڕوانینی ئێمە, هەڵەکردن هەر لە کاتی (ئادەم) و (حەوا)وە و لە سەردەمی (هابیل) و (قابیل)ەوە بیگرە هەتاوەکو سەردەمی ئێستامان و، هەتا ئەو ڕۆژەی ژیان هەبێت و مرۆڤ لەسەر گۆی ئەم زەوییەدا ژیان بگوزەرێنێ، هەرگیز هەڵەکردن بەرۆکی بەرنادات. ئەو پرسیارەی کە گرنگە ڕۆژانە لە خۆمانی بکەین، ئەوەیە بپرسین ئەگەر لێخۆشبوونی تاوان و دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاستی نەبووایە، چیمان بکردایە ؟

ئەگەر سەرەنجی نووسین و نووسەرانیش بدەین لەم بارەیەوە، دیسانەوە بە ڕوونی بۆمان بەدیاردەکەوێت لە زۆربەی دەروازە و پێشەکی پەرتووکەکاندا، یان لە کۆڕ و ووتارەکانیشدا و، لە سەردەم و قۆناغ و شوێنە جیاوازەکانەوە، خاوەنەکانیان لە کۆتاییدا داوا لە خوێنەران و گوێگرانی خۆیان دەکەن, کەوا لە هەڵە و کەموکورتییەکانی خۆش بن و چاوپۆشی لێبکەن. بەڵام لە قوڕئانی پیرۆزدا ئەم کرداڕە پێچەوانە دەبێتەوە، بە تایبەتی لە سەرەتای سورەتی (البقرە)دا کە خودای زانا دەفەرمێ: ﴿الٓمٓ (١) ذَٰلِكَ الكِتَٰبُ لَارَيبَ فيهِ هُدًى لِلمُتَّقِينَ ٢)﴾.

وێڕای ئەمەش, نووسەران زۆرجار پاش ماوەیەك لە نووسینەکانی خۆیان پەشیمان بوونەتەوە، دەتوانین لەم بارەیەشەوە نموونەی وەکو (د. عەلی وەردی) بهێنینەوە، کە یەکێکە لە نووسەر و بیرمەندە گەورەکانی هاوچەرخی عێراق، بەتایبەتی لە کتێبی (وعاظ السلاطین)–(واعیزەکانی سوڵتان)دا، کە ناو و ناوبانگی زۆری دەرکردبوو لە نێو خوێنەراندا، بەڵام دوای ماوەیەك نووسەرەکەی

پەشیمان بوویەوە لە نووسینەوەیدا، ئیدی لەبەر هەر هۆکارێك بووبێت. کەواتە هەڵەکردن و تاوان بەشێکە لە ژیان و سروشتی مرۆڤەکان، بەڵام بە پلە و ڕێژەی جیاجیا خۆی نمایش دەکات لە کردار و ڕەفتاری مرۆڤەکاندا.

لەم بارەیەشەوە (ئیدوارد.ل. سورندایك)-(١٨٧٤- ١٩٤٩)ی زاییني, دەڵێت: هەرچەند هەوڵدان زۆر بێت، ئەوا هەڵەکردن کەم دەبێت و لەگەڵ کەمبوونی زەمەن بۆ گەیشتن بە ئەنجامی گۆڕانی ڕەوشت (فێربوون)، ژمارەی هەوڵدان زۆر بێت، ئەوا ژمارەی هەڵەکان کەم دەبێت... لێرەدا زۆر گرنگە و لە هەمان کاتیشدا سەرسوڕهێنەرە بپرسین: ئاخۆ هەڵەکردن لە ژیانی مرۆڤەکاندا سوودی هەیە ؟ شیاووی باسە, ئەگەر بە ووردی بڕوانینە پرسی هەڵەکردن و, لەو گۆشەنیگایەوە تێبیڕوانین کە دەبێت بە دەروازە و سەرچاوە و ڕێگەی ڕاستی و دروستی، ئەوە سوودیشی هەیە, هەر بۆیە (پاولۆ کۆیلیۆ)ش دەڵێت: تەنها ڕێی دۆزینەوەی ڕێگە چارەی ڕاست، ناسینی ڕێگە چارەی هەڵەکانە.

دەبێت لێرەدا ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئایە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست و دروست، مەرجە هەمیشە هەڵە بکەین و بەردەوام پەنا بۆ کرداری هەڵە ببەین ؟ بە بۆچوونی ئێمە نابێت لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و مامەڵەی ڕۆژانەماندا ڕاستەوەخۆ پەنا بۆ کرداری هەڵەکردن ببەین، بەڵکو دەبێت لە ئیش و کارەکانی ڕۆژانەماندا بەردەوامبین و هەرگیز لە هەڵەکردن و کەموکورتی و تاوان نەترسین، بە ئومێد و مەبەستی سەرکەوتن بیربکەینەوە و کاری لەسەر بکەین.

شیاووی باسە، زۆر کەس هەیە لایان وایە مرۆڤ هەتاوەکو نەگاتە تەمەنی چل ساڵی، نابێت بنووسێت یاخود هەر کارێکی تر بکات، چونکی تەمەنی پێش چل ساڵی، هەڵەی زۆری تێدا دەکرێ. ئەم ووتەیە بەشێکی زۆر لە ڕاستی دەپێکێ، بەڵام هەرگیز ناتوانێت وامان لێبکات کە باوەڕی پێبکەین، کەوا لە تەمەنی چل ساڵی بەسەرەوە تووشی هیچ هەڵەیەک نابێت لە ئیش و کارەکانیدا.

بێگوومان هەموو مرۆڤێك لە میانەی هەر کردارێکییەوە بێت, تووشی هەڵە و کەموکورتی و تاوانیش دەبێت، جا لە کاتی تووشبوونیشمان بەو بارودۆخەوە، پێویستە بیکەین بە پەند و وانە بۆ کار و کردەوەکانی تری ژیانمان، نابێت هەڵە و کەموکورتی و تاوانەکانمان وامان لێبکات لە کارەکانمان دوورمان بخاتەوە. چونکی جاری وەهاش هەیە هەڵەی کەسێك دەبێت بە مایەی ئەوەی کەوا زۆر کەس لە هەڵەکردن و تاوان و کەم و کورتی بپارێزێ.

لە میانەی ئەو کورتە باسەوە, گەشتینە ئەو ئەنجامەی کە هەڵەکردن و تاوان و کەموکورتی لە هەموو مرۆڤێکدا بەدی دەکرێت و, هیچ کەسێك نییە وەکو مرۆڤ لەم ژیانەدا بێت و تووشی هەڵە و کەموکورتی و تاوان نەبێت، بەڵام لە یادمان نەچێت پلە و جۆر و سەنگی هەڵە و تاوانەکان لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر دەگۆڕدرێت.

بە باوەڕی ئێمە, هەر مرۆڤێك ئەگەر تاوانێکی ئەنجامدا یان هەڵەیەکی کرد ئیدی لە هەر بوارێکدا بێت، نابێت کەسانی دیکە بە چاوی بێ توانا و تاوانبار تەماشای بکەن و، ئەم جۆرە زاراوانە بۆ هەمیشە بۆ ئەو کەسە بەکاربهێنن و, ئەمانیش خۆیان بە بێ تاوان و کاراما و بێ کەموکورتی نیشان بدەن، چونکی زۆر لە مرۆڤەکان لە پاش

ئەنجامدانی کردارێکی نابەجێوە، زۆر جاران ڕاستەوەخۆ پەشیمانی دەردەبڕن, بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت سزا و پاداشت هەبێت.

نابێت لە بیریشمان بچێت, زۆر تاوان و هەڵە و کەموکورتی هەیە کە هەر خودی مرۆڤ بەرهەمی دێنێ، بەڵام بە هۆی هەلومەرجەوە دەرناکەوێت و بۆی دەلووێت بیشارێتەوە و لە پەنهاندا بیهێڵێتەوە، هەندێك مرۆڤیش هەن هەڵە و تاوانێکی بچووك یان گەورە ئەنجامدەدەن، ئیدی هەموو دونیا لێی دەبێت بە پیاوچاك. چونکی بە بۆچوونی ئێمە ژمارەی ئەو مرۆڤانەی کە ئێستا لە بەندینخانەکاندان، هێندەی ئەوان و بگرە زیاتریش مرۆڤی هاوشێوەی ئەوان لە دەرەوەی بەندینخانەکاندا ژیان دەبەنە سەر و بە پەنهان کرداری بەندییەکان ڕۆژانە دووبارە دەکەنەوە.

بەهای قەڵەم و دەسەڵات [٢٦]

هونەری نووسین و قسەکردنی ڕەوان و کاریگەر, بۆ هەر حکومەتێك پێویست و بە سوودە.

(نوئێر)

هەر لە کۆنەوە مرۆڤگەلێك هەبوونە کەوا کاریان بە هزر و ئەندێشەی نوێ کردووە و هەردەم وێڵی ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ژیان بوونە، هەر ئەمەش وایکردووە خاوەن هزرە نوێیەکان لەدایك بن، کە ئامانجیشیان بە ئاگابوونی مرۆڤایەتی بووە. نموونەی ئەم کەسانەش بریتی بوون لە پێغەمبەران (د.خ) یان لێبێت و فەیلەسووفان و داهێنەران هتد... بەڵام نابێت لە یادیشمان بچێت هەر لە مێژەوە زۆربەی پادشا و فەرمانڕەواکان دژایەتی هزری نوێ و بەهای قەڵەمیان کردووە، هەر بۆیە هەڵگرانی دیدی نوێ، تووشی چەندین گرفت و ئەشکەنجە و سووکایەتی بوونەتەوە.

شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیش پێمان دەڵێن تێڕوانین و بیرکردنەوەی دەسەڵات و فەرمانڕەواکان، گەلێك جوودایە لەگەڵ خاوەن بیرکردنەوەی نوێ و هەڵگری قەڵەمەکان، چونکی دەسەڵات بە شێوەیەکی گشتی

[٢٦] ئامانج نازم بیجان, بەهای قەڵەم و دەسەڵات, (ڕۆژنامە)–ڕۆژنامە, ژمارە (٦٥٠)–(دواین ژمارە), ڕۆژی سێشەممە–(٢٠١١/٩/١٣), ل١٩.

هەمیشە ترسی دەرکەوتنی هزر و تێڕوانینی نوێی هەیە، هەر ئەمەش وا دەکات جۆرە دووری و ناتەباییەك بەدی بکرێت لە نێوانیاندا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، هیچ پەیوەندییەك نەیان بەسێتەوە بەیەکترەوە.

لێرەدا گرنگە بپرسین: ئاخۆ ئەگەر خاوەن قەڵەم و هزر و تێڕوانینی نوێ تێکەڵ بە دەسەلآت بوو، دەشێ مرۆڤدۆست و ئاشتیخواز و ڕاژەکارێکی سەرکەوتووی نێو کۆمەڵگەی لێدەربچێت ؟ بە تێڕوانینی ئێمە ئەو کەسانەی کەوا مامەڵە لەگەڵ ئەقڵ و بیرکردنەوەی نوێ دەکەن، ڕەنگدانەوەی خوێندنەوەیان بەسەرەوە دیارە و هەڵگری پەیام و ئامانجی قەڵەمن، تاڕادەیەکی زۆرباش تووخنی کورسی دەسەلآت ناکەون، بەڵام ئەگەر بێتو ئارەزووی دەسەلآتیشیان کرد، ئەوە هەرگیز کەسێکی ستەمکار و دیکتاتۆر و شەڕخواز و خوێنڕێژیان لێدەرناچێ، پێچەوانەکەشی زۆر نزیکە لە ڕاستییەوە.

کەواتە دەسەلآت و فەرمانڕەوایکردن, تاڕادەیەکی زۆرباش گەشەکردنی هێزی فیکریی خاوەن قەڵەمەکان دەمرێنێ و, جێگەی پەیام و ئامانجی خوێندنەوە و بیرکردنەوەی تێدا ئەگەر هەشبێت، ئێجگار تەسك و سنووردار دەبێ، بە تایبەتی ئەو دەسەلآت و فەرمانڕەوایانەی کەوا بەتاڵن لە بەها و کاریگەی قەڵەم. ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کەوا پەیام و مەبەستی خاوەن قەڵەم و تێڕامانی نوێ، گەلێك جیاوازە لەگەڵ سروشت و هەڵسوکەوتی دەسەلآتدارێکی سیاسی. زۆرێش دوور ناکەوینەوە لە ڕاستی، ئەگەر بڵێین دانویان پێکەوە ناکوڵێ. وەڵ ئەگەر ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی نوێ و بەهای قەڵەم لە نێو دەسەلآتدا هەبوو، ئەوە دەکرێ بڵێین تاڕادەیەکی زۆرباش کۆمەڵگە ژیانێکی سەقامگیر و خۆشگوزەران دەباتە سەر. بەڵام زۆرجاران تاکڕەویی و ستەمکاری و

شەڕخوازیش بەشی ئەو کۆمەڵگایانە دەبێ کە ڕابەرەکانی پشتیان لە بەهای قەڵەم کردووە.

لێرەدا گرنگە بپرسین: ئاخۆ دەسەلاّتدارانی کورد چۆن تەماشای بەها و نرخی قەڵەم دەکەن و, بە چ شێوەیەك مامەڵە لەتەك خاوەن قەڵەم و دیدی نوێدا دەکەن ؟ ئەوەی جێگەی سەرەنج لێگرتنە، لە ئێستادا دەسەلاّتی کوردی بە ئەندازەیەکی زۆرباش دوور کەوتووەتەوە لە بەهای قەڵەم و بیرکردنەوە و تێڕوانینی جیاواز و نوێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا چ کەسەکانی نێو دەسەلاّت و چ خوودی دەسەلاّتیش, نەیانتوانیووە گەشەکردنێکی سروشتییانە لەتەك ڕەوتی مێژوو و سیاسەتیشدا بکەن، هەر بۆیە هەژارییەکی لە ڕادەبەدەریش بە پاشخانی هزر و تێڕوانین و بۆچوونەکانی زۆربەیانەوە دیارە، کە بەرانبەر بە کۆمەڵگا و دەرەوەی کۆمەڵگەش هەیانە. لە یادیشیان چووەتەوە کە کەسی سیاسی, ڕەنگبێ لە هەموو تاکێکی تری کۆمەڵگە زیاتر پێویستی بە خوێندنەوە و بیرکردنەوەی نوێ هەبێت بە تایبەتی خوێندنی زانستی ڕامیاری و مێژوو.

بەلاّم مەخابن دەسەلاّتی کوردی مەودایەکی دوور و دژواری هەیە لەگەڵ کاریگەری قەڵەم و بیرکردنەوەی نوێدا، هەر بۆیە زۆرینەی کات ناتوانێ خۆی لەگەڵ کات و شوێنی مرۆڤەکاندا بگونجێنێ، یاخود پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز دەبات. ئەمەش کاتێك دەبێت بە جێگەی مەترسی بۆ ئێمە, کە ووتەیەکی (تۆمای ئەکوینی) مان بیر دێتەوە، کە دەڵێ: سڵ لە کەسێك بکەوە کە تەنیا کتێبێکی خوێندبێتەوە، چونکە فەرهەنگێکی سنووورداری هەیە ! باشە دەبێ ئێمە چەندە لە گووتار و کرداری سیاسەتمەدارانی کورد بتۆقین ؟ کە زۆربەیان تەنانەت ووزەی

خوێندنەوەی پۆژنامەیەکیشیان نییە ! هەر نەبوونی خوێشەویستی و بەها و نرخی خامە و دیدی نوێیە لای دەسەلآت، وایکردووە کەوا هەمیشە دژایەتی و ئازار و کوشتنی خاوەن قەڵەمەکان لەلایەن پیاوەکانییەوە بە ڕەوا بزانرێت، بە هیچ تێڕوانین و بیرکردنەوەیەک قایل نەبێت، کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای پارەتەکەیدا بێت ! هەر بۆیە نەبوونی بەها و کاریگەری قەڵەم بە تەواوی گووتار و بڕیار و هەڵسوکەوتەکانییەوە دیارە، چ بەرامبەر بە کۆمەڵگە و چ بەرامبەر بە دەرەوەش. کە زۆربەشیان بە زیانی کۆمەڵگەدا دەشکێتەوە.

لە هەموو دونیادا نەبوونی بەهای قەڵەم و ڕەخنە و دیدی نوێ، وەکو دیاردەیەکی کوشندە و چەقبەستوویی کۆمەڵگە دەناسرێ, کەچی دەسەلآتدارانی کوردستان, هێندە لە خامە و تێڕوانینی تازە و جیاوازی نەوەی نوێی کۆمەڵگەکەیان دەترسن، ئەوەندە باك و پەرۆشی هەڕەشە و وێرانکردنی گوند و شوێنە سنووریییەکانی کوردستان نین ! ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا دەسەلآتی کوردی تاڕادەیەکی زۆرباش قەڵەم و خوێندنەوە و تێڕوانینی نوێی تێدا بزرە، هەر بۆیە بە هیچ شێوەیەکیش نرخ و بەها و پێگە و کاریگەری نازانێت. دەسەلآتێکیش دوور بێت لە بەهای قەڵەم و دیدی نوێ و ڕەخنە، هەموو شتێك لە هێزدا کۆبکاتەوە، دەبێ هەر جاوەنۆڕی مەرگ و شکاندنی قەڵەم و خاوەنەکانی و وێرانبوونی کۆمەڵگەی لێبکرێ.

سەیر لەوەدایە، دەسەلآت بە شێوەیەك مامەڵە لەتەك خاوەن قەڵەمەکاندا دەکات، کە لای وایە هیچ شتێك لە بارەی سیاسەتەوە نازانن. لە ڕاستیدا ئەم گووتەیە دەبێ دەسەلآتێك بیڵێت، کەوا هەمیشە

سەرقاڵی خوێندنەوە و شیکردنەوەی نووسراوەکانی گەورە فەیلەسووفانی جیهان بێت و پەند و ئامۆژگارییان لێوەربگرێ.

خودایە، لە کوردستاندا مرۆڤ گەلێك دروستبوون لە نێو دەسەلاّتدا، کە بە هیچ شێوەیەك نرخ و بەهای هەڵگرانی پەیامی قەڵەم و تێڕوانین و بۆچوونی نوێ و جیاواز نازانن. ئەگەر بمانەوێت دەسەلاّتێکی ئاشتیخواز و ڕاژەکار و مرۆڤدۆست بونیاد بنێین، یاخود کۆمەڵگایەك بین کە چیتر جێگەی بەزەیی و گاڵتە و چەوساندنەوەی وولاّتانی درهاوسێ و دونیا نەبین، پێویستە قەڵەم و خوێندنەوە ڕۆڵ و بەها و پێگە و کاریگەری هەبێت لە نێو دەسەلاّتدا, نەك بمرێ.

ڕۆڵی ئافرەت لە مێژوودا - لە نێوان بوون و پەراوێزخستندا [٢٧]

ژن جـــوانترین دیـــاری و بەخششـــی
خوداوەندە بۆ پیاو.

(جۆیار)

بێگوومان لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نابێت کەوا لەمەڕ بابەتی مێژوو بدوێین، بەڵام بەم چەند دێڕەی خوارەوە وامان لێدەکات لە مەبەست زۆر دوورنەکەوینەوە. بە شێوەیەکی گشتی و بەربلاوو لەلای زۆربەی زۆری مێژوونووسان و ڕۆشنبیران، مێژوو وا خراوەتەڕوو کە ئەرك و کرداری بریتـی بێـت لـە تۆمـارکردنی ڕووداوەکـان و سەرگوزەشـتەی ڕابـردوو، بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان بۆمانیشـی دەگێڕێتـەوە، بـۆ ئـەوەی پەنـد و ئامۆژگـاری لێـوە فێـربین و هەڵـە و کـەم و کورتییـەکانی میللـەتانی پـێش خۆمان دووبـارە نەکەینـەوە. لەگـەڵ ئەمەشدا گرنگـە بزانین ئاخۆ بابـەتی نێوبراوو لە چی پێك دێت ؟ ئـەو کەسانەی کـەوا سـەرقاڵی خوێندنـەوەی مێژوو و فەلسـەفەی مێژوون، پێیان وایە بابەتی نێوبراوو لە مرۆڤ, شـوێن و کات پێکهاتووە.

ئەمە جیا لـەوەی کـەوا لەلایـەکی تریشـەوە گوومـان و مشتومڕیشـی دروست کردووە لە لای زۆربەی ڕۆشنبیران و بیرمەندان لە بـارەی ئـەوەی

---

[٢٧] ئامانج نازم بیجان, ڕۆڵی ئافرەت لە مێژوودا–لە نێوان بوون و پەراوێزخستندا, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٤٧), چاپخانەی کەمال, ئەیلوولی (٢٠١٠), ل٤.

کە ئایا مێژوو زانستە ؟ یاخود بابەتێکە و لە دەرەوەی چوارچێوەی زانستەکان دایە ؟ بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارە دەکرێت گووتەکەی (پ.د.کەمال مەزهەر ئەحمەد) لە پەرتووکی (مێژوو) دا دووبارە بکەینەوە کە ووتوویەتی: مێژوو زانستی زانستەکانە. بەتێڕوانینی ئێمە، مرۆڤ گەر بیەوێت شارەزایی لە هەر زانستێکدا پەیدا بکات یاخود ئەگەر مەبەستی بێت بە شێوەیەکی دروست و سەرکەوتوو بەم ژیانەدا گوزەر بکات و مافی مرۆڤبوونی خۆی بدات، ئەوە پێویستی بە ئەزموون و خوێندنەوەی مێژووی مرۆڤایەتییە.

لە میانەی ئەم کورتە باسەوە، بۆمان بەدیاردەکەوێت کەوا بابەتی مێژوو، گرنگ و پێویست و بەهادار و سوودبەخشیشە بۆ هەر مرۆڤێك بیەوێت، بشێ زۆر کەسیش هەست بەم پایەیەی مێژوو نەکات و ئەم وێنەیەی لەلا دروست نەبووبێت، هەتا وەکو لێی نزیك نەبێتەوە. دەشکرێت بڵێین سەرەڕای هەموو ئەمانەش، بابەتی نێوبراوو بەگشتی و بابەتی فەلسەفەی مێژوو بە تایبەتی پرسیارەکانی فرە ڕەهەندە و قوولْ و پان و پۆڕن، لە هەمان کاتیشدا لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو ڕوئیایانەوەیە کەوا خەڵکانێکی ئاسایی و سادە بۆی دەکەن. یاخود بە واتایەکی کە، مێژوو گەلێك دەوڵەمەندترە لەو گفتوگۆیانەی کە لە بارەیەوە دەکرێت.

ئەوەی لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا خرایەڕوو، مەبەست تێیدا ئاگادارکردنەوەی دوو خاڵی گرنگ و سەرەکی بوو, یەکەمیان: بینیمان مێژوو وەکو بابەتێکی گرنگ و بەهادار، چ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە ژیانی مرۆڤەکاندا بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتی لە نێو کایەی مەعریفی و ڕۆشنبیریدا, دووەمیان: بۆمان بەدیارکەوت کەوا یەکێك لە

پێکهاتەکانی مێژوو، خودی مرۆڤە واتە باسی پیاو و ڕەگەزی نێری تێدا نەکراوە بە تەنها، ئەمەش پێمان دەڵێت ئافرەتیش وەکو مرۆڤ پشکدارە و بەشێکیشە لە پێکهاتەکانی بابەتی نێوبراوو.

هەروەها دەشتوانین بڵێین ئافرەت سەرچاوەی ژیانە یاخود بە واتایەکی تر ژیان بەبێ بوونی ئافرەت و ڕەگەزی مێینە، لە پەلوپۆ دەکەوێت و لە پرێکدا ڕەوڕەوەکەی دەوەستێ. ئەگەر چاوێك بە مێژووی شارستانییەتەکاندا بخشێنین و تەماشای شارستانییەتی (دۆڵی ڕافیدەین), (دۆڵی نیل) و (یۆنانی کۆن) بکەین، بۆمان بەدیاردەکەوێت کە ڕۆڵی ئافرەت لە بواڕە جیاجیاکانی ژیاندا دیار و بەرجەستەیە, یاخود ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە بواری ڕۆشنبیریدا بدەینەوە، ئاوەها گوێ بیستی نموونەی وەکو: (مادام دی ستال) ی فەڕەنسی و، (هاریێت بیچەرستۆ) ی ئەمریکایی و، (سیلمالا گەرلۆف) ی سویدی و، (سافۆ) ی گریکی و، (ژان دارك) ی فەڕەنسایی و چەندانی تر دەبین, کەوا بەشێوەیەکی ڕاستەوەخۆ ڕۆڵیان گێڕاوە لە ڕەوتی مێژووی ڕۆشنبیریدا، ئەمە جیا لەوەی کەوا لە زۆر کات و شوێندا ئافرەت ئەو ڕۆڵەی بینیوە، بەڵام ئەم جارەیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوەخۆ بووە، ئەویش ئەوەیە کە بووە بەسەرچاوە و هەوێن و ئیلهامی زۆر لە بەرهەم و نووسین و ئیش و کارەکان.

بۆ نموونە ئەگەر سەرەنجی نووسین و بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەردەمی ڕێنیسانس بدەین، بۆمان ساغدەبێتەوە کەوا (دانتی), (بترارك), (بۆکاشیو) و ئەوانی تریش چۆن کەوتوونەتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە ؟ یان ئەگەر تەماشای لێکۆڵینەوە و دەمەتەقێکانی بیرمەند و فەیلەسووفانی کۆنی وەکو: (سوکرات), (ئەفلاتوون) و (ئەڕستۆ)

بکـەین، دیسـان ئـەو وێنەیـەمان لا دروسـت دەبێـت, هەسـتدەکەین تاڕادەیـەکی باش لەمـەڕ پرسـەکانی ئافرەتـەوە دواون و گفتوگۆیـان لـە بـارەوە کـردووە. ئەمـە وێـڕای ئـەوەی کـەوا کاریگـەری و ڕۆڵـی ئـافرەت تەنانەت خۆیشی خزاندۆتە نێو ئایینەکانیش و وێنەی ئافرەتی تێدا زۆر بـە جـوانی نەخشـێنراوە, بایـەخ و جێگـای تایبـەتییان بـۆ دانـاوە، بەتایبـەتی لـە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، چـونکی جگـە لـەوەی کـەوا لـە تەواوی پرسەکانییەوە دواوە و ڕێـز و حورمـەتێکی بەرزیشی بـۆ دانـاوە، بەڵکو لە خودی قورئانی پیرۆزیش، دیسان بووە بە جێگەی بایەخ و ڕێـز, جیا لـەوەی کـەوا لـە چـەندان شـوێن باسـی لێـوەکراوە، هـەروەها خـودای گەورەش یەك سورەتی بە نێوی ئافرەتەوە دابەزاندوە کـە ئـەویش (سورة النساء) ە.

سەیر لەوەدایە، ئێمە لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتیمان پڕکردووە لـە باسـی شارسـتانی میللـەتانی کـۆن و شـەڕە ئاییننییـەکان و پـەیمان و کۆنگرەکان و داگیرکردن و ڕزگارکردن و نێوی سەرکردەکان هتد... بەڵام زۆر بە کەمی یان تـاك و تـەرا دەبینین مێژوونووسـێك لـە باسـی ڕووداو و قۆنـاغێکی مێژوویـیـدا، لایـەك بـە لای ڕەنگدانـەوەی ڕۆڵ و کاریگـەری ئافرەت بکاتەوە. ڕەنگبێ هـەر هـەموومان نێـوی (ول دیورانت) بناسین و ئاشـنا و ئاگـاداری نووسـین و بەرهەمەکانیشـی بـین بـە تایبـەتی کتێبـە بەناوبانگەکەی (قصة الحضارة)، بەڵام زۆر بە دەگمەن نەبێت کەس نێو و نێوبـانگی خێزانەکەشـی نەبیسـتووە، کەچـی هـەروەکو دەگێڕنـەوە لـە ماوەی ئەو چەند ساڵە دوور و درێژەدا گەورەترین یارمەتیدەر بووە بۆ لە دایکبوونی بەرهەمی نێوبراو, هەروەها بۆ خودی نووسەرەکەشی.

مێژووی نەتەوەی کوردیش بەتەواوی قۆناغە مێژوویییەکانییەوە، بەدەر نییە لە ڕۆڵی ئافرەت، واتە ئافرەتی کوردیش پشکداری کردووە لە خوڵقاندنی مێژووی نەتەوەکەی لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا، چونکی نموونەی چەندین ئافرەتی پایەبەرزی کوردیمان هەیە کە ڕاستەوەخۆ ڕۆڵیان گێڕاوە لە دروستبوونی مێژوودا، هەر بۆ خۆشیان بەرهەم و خزمەتیان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە, لەوانەش: (عادیلە خانم), (عیسمەت ئەیووبی), (ولیە خانمی ئەردەلانی), (فاتمە خانی ڕەواندزی), (عیسمەت قازی محەمەد), (خانزاد), (مەستورەی کوردستانی), (قەدەم خیر), (حەبیبە خان), (نەغمەدە), (ڕەوشەن بەدرخان)... هتد, ئەمە جگە لەوەی کەوا ناتوانین خۆمان بێدەنگ بکەین لە ئاست ئەوەی کەوا لە هەندێ کات و شوێندا بوونە بە سەرچاوەی بەرهەمی نووسین و خزمەتی دیکەش، واتە بەشێوەیەکی تر و ناڕاستەوەخۆ بەشداریان کردووە لە ڕەوڕەوەی مێژوودا، چونکە ئەگەر وەکو نموونە بە تەنها ئاوڕێک لە مێژووی ئەدەبی کوردی بدەینەوە، بۆمان ڕوون و ئاشکرا دەبێت کەوا ئافرەتی کورد چ ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە هاتنەکایەی ئەو بەرهەمە بە پێز و بەنرخانە.

بەداخەوە ئەوەی هەتاوەکو ئێستاش لە مێژووی کوردستان و کورد تێبینی دەکرێ، لە ڕاستیدا بایەخدانە بەهێڵە گشتییەکانی مێژووەکەی، واتە هێشتا ماوە بایەخ و گرنگی بدرێت بە بابەتی وورد و قوواڵبوونەوە، زەقترین نموونەشمان بۆ ئەم ووتەیە، ئەوەیە دەبینین بایەخ نەدان و پەنجە نەخستنە سەر ڕۆڵی ئافرەت لە مێژوودا، وەکو کەلێنێک تەواو خاڵییە و چاوەڕوانی پڕکردنەوەیە. لەبەر ئەوەی لاپەڕەکانی مێژووی کوردیش بە هەمان شێوە لێوانلێوە لە باسی شۆڕشەکان و

میرنشینەکان و پەیمانەکان و داگیرکەران و نێوی (شێخ مەحمود)، (شێخ عوبەیدوڵای نەهری)، (شێخ سەعیدی پیران) و ئەوانی تر... یان زۆرینەی باس و لێکۆڵینەوەکان دەچنەوە سەر هۆکارەکانی دروستنەبوونی دوڵەتی کوردی.

ڕاستە ئەم پرسانە گرنگ و پێویستن، بەڵام نەماندیت ڕۆژێك لە ڕۆژان لەگەڵ باسی ئەو کەسایەتی و ڕووداوە مێژووییانەدا، کورتە باسێکیش تەرخانبکرێت بۆ پرسی کاریگەری و ڕۆڵی ئافرەت لە دروستبوونی ئەو مێژووەدا. نەك هەر ئەوەش، بەڵکو هەندێ جار وا هەڵکەوتووە ئەو ئافرەتانەی کەوا خودی خۆشیان خەباتیان کردووە و خزمەتیان بە میللەتەکەیان کردووە، وا خەریکە نێو و کردارەکانیشیان بزر دەبن.

بۆ نموونە ئافرەتێکی وەکو (لەیلا قاسم)، ئەگەر ماوەیەکی تری بەسەردا تێپەڕێ، دوور نییە هەر لە یادیشمان بچێت. لە کاتێکدا گەورەترین و مەزنترین خەباتی کردووە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا. وەکو باس دەکرێت، ئەو شاژنە بەجەرگە، گوایە وویستوویەتی لەگەڵ هاوڕێکانی فڕۆکەخانە بتەقێننەوە، دەگێڕنەوە دەسەلآت داوای لێکردبوو پەشیمانnامە بنووسێت و داوای لێبوردن بکاتن, ئەویش بە ڕستەیەکی جەرگبڕ وەڵامی دابوویەوە و گووتوبووی: من داوای لێبوردن لە گەلەکەم دەکەم، کە ئەوەندە نەژیام بتوانم پڕ بەدڵ خزمەتی بکەم, من زۆر بەگەنجی شەهید دەبم و ماوەیەکی زۆر کەم خەباتم بۆ گەلەکەم کردووە... داوای لێبوردن و پەشیمانی بۆ هیچ کەسێك نانووسم... ئیدی بەو هەڵوێستە نەمرەی لە ڕێککەوتی (١٩٧٤/٥/١٢)دا، یەکەمین ئافرەت بوو لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا لە سێدارە بدرێت.

بشێ مەسەلەی ڕۆڵی ئافرەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لای زۆر کەس هێندە ئەرزشی نەبێت، بەڵام لەلای کەسایەتییەکی وەکو (پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد)ەوە جێگەی بایەخ و گرنگیپێدان بووە، هەر بۆیە لە ساڵی (١٩٨١) دا بەرهەمێکی بە چاپ گەیاند بە نێوی (ئافرەت لە مێژوودا)، کە بە ڕاستی پڕکردنەوەی کەلێن بوو. لە میانەی ئەو باسانەی سەرەوەدا, ئەوەی تێدا دەخوێندرێتەو، کەوا مەسەلەی ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەت لە مێژوودا وەکو بوون، بوونی هەیە و دەبینرێت و هەمیشە ئەو ڕۆڵە لە لاپەڕەکانی مێژوودا خامۆش نابێت، بەڵام کارەسات و مەرگەسات لەوەدایە کە هەتاوەکو هەنووکەش بایەخی پێویستی پێنەدراوە و وەلا نراوە.

لە کاتێکدا ئێمە وایدەبینین کە بەشێك لە فەلسەفە و ڕەهەندی ژیان بەشێوەیەکی گشتی بوونی ئافرەتە. باوەڕیشمان وایە پیاو هەر لەو ساتەوەختەی کە تێیدا لە دایك دەبێت هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی کە ئەم جیهانە بەجێدەهێڵێ، لە ژێر چاودێڕی و پاڵنەر و کاریگەری و بیرکردنەوەی ئافرەتدایە، بە واتایەکی تر ئافرەت پانتاییەکی فراوانی لە هزر و ژیانی مرۆڤەکاندا داگیرکردووە، ئیدی هەستی پێبکرێت یاخود نکوڵی لێبکرێ.

سەختی کوردبوون لە تاراوگەدا [٢٨]

بەڕاستی من بۆخۆم وا هەست دەکەم, زۆربەی نەتەوەکانی دونیا چاویان بە نێوی کورد و کوردستان هەڵنایەت، ڕەنگبێت ئەمەشیان بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە بە درێژایی مێژوو بە تووندی بەرگری لە خۆی کردووە، یەکێکیشە لەو گەلە ئازا و بلیمەتانەی دونیا کە هەرگیز کۆڵی نەداوە. بنواڕە بە درێژایی مێژوو, نەتەوەی کورد هەر زوڵمی لێکراوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر زوڵمی لێدەکرێت.

بە بۆچوونی ئێمە، ئەگەر نەتەوەیەکی تر بووایە, ئەوە ئێستا چەند سەدەیەك بوو کە مێژوو لە یادی کردبوو, بگرە شوێنەوارێکی ئەوتۆشی بەجێ نەدەما ! کۆمەڵگەی کوردەواری جارێك بە هۆی کێشە و ململانێی وولاتە زلهێزەکانی جیهانەوە، کەڕەتێکیش بە هۆی شەڕ و ڕەکابەری پارتە سیاسییە نێوخۆییەکانەوە، تووشی کارەسات و وێرانکاری بۆتەوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. بە باوەڕی ئێمە, مرۆڤ هەتاوەکو ڕوو لە دەرەوەی وولاّت نەکات و لە نیشتیمانەکەی خۆی دوور نەکەوێتەوە، یاخود مامەڵە و هەڵسوکەوت لەتەك نەتەوەکانی تری دونیادا نەکاتن، هەست بە هەڵوێست و تێڕوانینی نەتەوە و گەلانی دیکەی دونیا ناکات کە بەرانبەر بە نەتەوە و خاکەکەی هەیانە ! بۆیە لام وایە تاراوگە

[٢٨] ئامانج نازم بیجان, سەختی کوردبوون لە تاراوگەدا, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٨١), کانوونی یەکەمی (٢٠١٣), ل٧.

باشترین وێستگەیە کە لە میانەیەوە دەتوانیت ڕاوبۆچوونی گەلانی تری تێدا ببیستیت.

شایانی باس لێوەکردنە، ڕۆژێکیان لە وولاّتی ڕووسیای فیدراڵدا لەگەڵ هاوڕێیەکم کە بە ڕەگەز تورکە و خەڵکی ئازەربێجانە، ماوەیەکیش لە تورکیا ژیابوو، زۆر گفتوگۆم لەگەڵیدا کرد دەربارەی مێژووی کورد و کوردستان, ئەو ووتی: ڕۆژێکیان لەگەڵ دایکمدا باسی تۆم کردووە، ووتوومە هاوڕێیەکی کوردم هەیە، دایکیشی ڕاستەوخۆ بە تورەییەوە پێی ووتووبوو نەکەی هاوڕێیەتی بکەی، چونکی هەموو کورد تیرۆریستن ! هاوڕێیەکەم بە دایکی ووتووبوو ئاخر دایکە من هاوڕێیەکەم کوردێکی زۆر باشە و زۆریش نزیکە لێمەوە، هەتاوەکو ئێستا هیچ خراپەیەکم لێی بەدی نەکردووە ! هەر هەمان هاوڕێم دوایی شتێکی زۆر سەیرتری بۆ گێڕامەوە, دەیگووت: ئێمە ئەو کاتەی کە لە قوتابخانەدا دەمانخوێند، هەموو ڕۆژێ فێری ئەوەیان دەکردین کە چۆن ڕقمان لە کورد بێت ! ئەو باسی لەوەش دەکرد کە پێیان ووتراوە بە هیچ شێوەیەك قسە لەگەڵ کوردەکاندا نەکەین, دەیگووت: لای ئێمە زۆربەی ماڵەکان وێنەیەکی (کەمال ئەتاتورك)ی تێدایە، دەیگووت: لە دوایی هەموو نوێژێکدا ئێمە ماچی ئەو وێنەیە دەکەین ! دوایی منیش تێمگەیاند کە ئێمەی کورد تیرۆریست نین، بەڵکو ئێمە داوای مافی خۆمان دەکەین. ئەوەشم بۆ ڕوون کردەوە کە تاکی کورد پیاوخراپ و تیرۆریست و شەڕخواز نین، بەڵکو ئەوە سیاسەتی چەوتی ئەو ڕابەرانەیە کە مێشکی ئێوەیان تیرۆر کردووە !

شیاووی باس لێوەکردنە، دوو خوێندکاری تری تورکمان لەگەڵدا بوو، کە بەرانبەر ژوورەکەمان بوون، دوایی بەو هاوڕێیەمیان ووتبوو:

لێرەدا چەند کوردێك هەن هاتوون بۆ خوێندن ! مەبەستی ئەوە بوو کە ئاگادار بێت لەوەی کە لێرەشدا کورد هەیە ! هەموو شەوێك پێش ئەوەی بخەوم, بیر لە ڕێگایەك دەکەمەوە کە تێیدا بتوانم ئەم جۆرە مرۆڤانە تێبگەیەنم, چونکی ناکرێت لەم دۆخەدا بێ دەنگی هەڵبژێری.

لە ڕاستیدا پێش ئەوەی سەفەر بکەم بۆ دەرەوەی وواڵات، من بۆخۆم زۆر بەرگرییم لە نەتەوەی عەرەب دەکرد، وەڵ تاراوگە و دەرەوەی وواڵات و ئاشنابوون بە هەندێك کەسایەتی و تاکی عەرەبی، هەر خودی ئاکارەکانیان وایان لێکردم کە بەو بیروباوەڕانەی پێشوومدا بچمەوە. بە ڕاستی من سەرم سوڕماوە ئەبێت نەتەوەی عەرەب لەبەر چ هۆکارێك کە بەو شێوەیە مامەڵەی نەشیاوو لەتەك نەتەوەکانی تردا دەکەن، بە تایبەتیش لەگەڵ نەتەوەی کورددا ؟! باشە ئەبێت ئێمەی تاکی کورد ستەمکار بووبین، یاخود دواکەوتوویی و بێ ئاگایی ئەوانە ؟! بە تێڕوانینی ئێمە، ئەوان ئەگەر هەر لە ئەلف و بێی زمانەکەی خۆیان تێبگەن، یاخود لە سەرەتاکانی مێژووی ئیسلام تێبگەیشتنایە، ئەوە هەرگیز بەو چەشنە بێباکانە بەم ژیانەدا گوزەریان نەدەکرد !

تاراوگە فێری ئەوەی کردم کە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەقڵ و بیرکردنەوە و ڕەفتاری تورك و عەرەبدا سەختە. ڕەنگە بۆ کوردێك سەختر بێت, دیارە مەبەستی من تەواوی نەتەوەی عەرەب نییە، بەڵکو ئەوانەی کە دژایەتی نەتەوەکانی تر ئەکەن و بە چاوێکی پڕ لە ڕق و کینەوە دەڕوانن نەتەوەکانی تری دونیا، ئەمە لە کاتێکدا بێ ئاگا و بێباکن لە ژیان و گوزەرانی خۆیان. بەڕێز: (عەبدولاڵ ئۆجەلان) زۆر جوانی فەرمووە کە دەڵێت: کوردبوون سەختە، بەڵام هەڵهاتن لێی نامەردییە، یاخود بە واتایەکی کە, کوردبوون تاڵە، ڕاکردن لێی نامەردییە ! لە ڕاستیدا من

بۆخۆم لە وولاتی ڕووسیا و لە نێو کۆمەڵێك بیر و دیدی عەرەبی و بە تایبەتی عەرەبی عیراقیدا، هەستم بە قوولی و گەورەیی ئەم دێڕە جوانەی ئاپوو کرد. بۆیە پێویستە چۆن ڕۆژانە نوێژ ئەکەین و پەرۆشی ئایینەکەمانین، ئاوەها بەو چەشنەش گرنگە هەوڵ بدەین هەرگیز ئەم دێڕەمان لە یاد نەچێت.

شایانی باسە، یەکەم ڕۆژم بوو کە هاتبووم بۆ وولاتی ڕووسیا، لە ژوورەوە لەگەڵ عەرەبێکی عێراقی شیعەدا پێکەوە بووین, ئیدی من باسی کوردستانم بۆ کرد, چونکی هیچی لێنەدەزانی، تەنانەت نەیدەزانی کە خانەقین دەکەوێتە کوێوە ؟ پاشان باسی وەزارەتەکانم بۆ کرد, ووتم: ئێمە وەزارەتی سەربەخۆمان هەیە. ئەوەندەم زانی ئەم کوڕە ئاگری تێبەر بوو، بە دەنگی بەرز ووتی: نا برا ئێوە لە کوێ سەربەخۆن ! ئیدی منیش لەسەرەخۆ وەڵامی پێویست و پڕ بە پێستی خۆیم دایەوە. ئاخر تۆ ئەتوانی چ بکەی و چ کارێکت لە دەست دێت، بۆ ئەوەی ئەم نەزان و دواکەوتووانە تێبگەیەنیت ؟ ئەم عەرەبە عێراقییانە زۆربەیان لە ژیان و گوزەرانێکی زۆر نالەبار ئەژین، چ لە ڕووی زانستی و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، مامەڵەشیان لەگەڵ ئاییندا هەر باس ناکرێت !

ڕەنگە زێدەڕۆیی نەکەین ئەگەر بڵێین عەرەبەکانی عێراق هێندەی نەتەوەکانی تری دونیا سەرەنجییان ڕاکێشام، بە تایبەتی لایەنی کۆمەڵایەتییان ! کە هەموو ڕۆژێك شتی سەیر و دیاردەی دزێو و ناجۆریان لێ دەبینیت ! کە خۆشبەختانە بۆ من دەبن بە وانە و دەروازەی بیرکردنەوە و نووسین. زۆر بەختەوەرم کەوا لە هەموو تەمەنمدا نەمزانیووە حیزبایەتیکردن چییە ؟ هەتاوەکو موماڕەسەی بکەم، وەڵێ تا ڕادەیەکی زۆر باش، ئاگاداری مێژووی زۆربەی پارتەکانی دونیام، بە

تایبەتی پارتە کوردییەکان. بەڵام نەك پیاوی نێو حیزب و کۆمەڵگا و سروشت و خاکەکەم خۆش ئەوێت، بەڵکو من ئازەڵ و پەلەوەرەکانی کوردستانیش بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە.

دیسانەوە ڕوژێکیان لە زانکۆ بووین، برادەرێکی تری عەرەبم کە زۆر نەزان و کاڵفامە، قسەیەکی لە بارەی یەکێك لە سەرکردە بالاکانی کورد کرد, ئیدی منیش لە ناخەوە وەکو مەنجەڵ هەڵئەقوواڵم, چونکی من بیرم لە دواکەوتوویی ئەو دەکردەوە، غەمی ئەوەم دەخوارد کە من بە چ شێوەیەك وەڵامی پێویستی بدەمەوە و تێیبگەیەنم ؟! کە تۆ بەم کۆڵەوارییەوە هێشتا پێویستت بە کاتێکی زۆر هەیە هەتاوەکو لەو سەرکردەیە بگەیت !

شیاووی باسە، بۆخۆم باوەڕم بەوە هەیە کە هەموو مرۆڤێك, گەورە و پیرۆزە بە هەموو نەتەوە و زمان و ئایینەکانەوە، تا ئەو کاتەی کە سنووری مرۆڤبوون تێنەپەڕێنێت و هێرش نەکاتە سەر پیرۆزییەکانی کەسانی تر. پێم باشە لە نێو خاك و نیشتیمانی خۆم, ڕەکابەری و ڕەخنە و قسەمان هەبێت تا ئەو ڕادەیەی نەگاتە ئەو ئاستەی کە زیانی لێبکەوێتەوە, وەڵێ هەرگیز پێم خۆش نییە بە هیچ جۆرێك هەڵە و کەموکورتی وواڵتەکەم لە دەرەوە باس بکەم، ئەوەندەی لە غەمی ئەوەدام کە بە دوای چارەسەردا بگەڕێم.

ڕەنگە زۆر گرینگ نەبێت بە لامەوە، ئایا ئەمە عەرەبە یان تورکە یاخود ئەورپاییە یان فارسە یاخود ڕووسە, بۆ من گرنگە مرۆڤێکی پاك و باش بێت و زیانبەخش نەبێت بۆ دەوروبەری. هەر دووری نیشتیمان و تاراوگە بوو, فێری ئەوەی کردم کە هەست و هەڵوێستی نەتەوەییش

بۆ هەموو مرۆڤێك گرنگە, بەتایبەتی لە كاتێكدا كە مرۆڤ هەست ئەكات بەرانبەرەكەی ئیدی خەریكە لە سنووری مرۆڤبوون دەردەچێت.

ئەوەی گرنگە لێرەدا باس بكرێت، ئەوەیە كە ئەم باسەی ئێمە سەرچاوەی پەفتاری ئەو جۆرە كەسانەیە كە بە چاوی پەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستییەوە دەڕوانن مرۆڤەكان و, بە پێوانە و چاویلكەی خۆیان دەڕوانن كەسانی تر, جا لەم دۆخەشدا تۆ هیچ چارەیەكت نامێنێت جگە لە بەرگریكردن.

بە بۆچوونی من, تەنها (د. عەلی وەردی) لە عەرەبەكانی عیراق گەشتبوو, چونكی هەست ئەكەم كەسایەتی عەرەبی عیراقی, چەند سەدەیەكی ئەوێت بۆ ئەوەی خۆی خاوێن بكاتەوە لەو پڕ و كینە و بوغزەی كە لە ناخیاندا چێندراوە. جێگەی سەرەنجە، ئەوەی ئێمە تێبینیمان كردووە لە تاراوگەدا، پەنگە چەند جۆرێك تێڕوانین هەبێت بەرانبەر بە نەتەوەی كورد، هەندێكیان هەندێ زانیاری كرچ و كاڵ یاخود زۆر كەم دەزانن لە بارەی مێژووی كورد و كوردستان، بڕێكیشیان زانیارییان هەیە و ئاشنان بە كولتوور و مێژووی كورد، وەڵ هەر دەیانەوێت بابەتەكان بە پێچەوانەوە ڕاڤە بكەن, كۆمەڵێكیشیان ناشارەزا و بێ ئاگان, بەڵام هەر ئاواتیانە تۆ بە كەم بزانن یاخود مەبەستیان نییە بە دوای ڕاستی و دروستی ڕووداوەكاندا بچن.

پەنگە خوێنەر زۆر هەست بەم ئازارە گەورەیە نەكات، هەتا ئەو كاتەی كە نیشتیمان بەجێدەهێڵێت و ڕوو لە تاراوگە دەكات، وەڵ دواجار بۆی دەردەكەوێت كە هەموو ڕۆژێك مرۆڤە ژیر و هەستدار و خوێندەوارەكان چ كۆژانێكیان هەیە ؟! ئاخر سەختە كە تۆ ڕۆژانە دەبینیت خەڵكانێك هەن كە باسی وولاّت و كۆمەڵگا و كولتوور و زمان و

دابونەریتی خۆیان دەکەن، کەچی کاتێك ئێمەومانان دەمانەوێت شتێك لەو بارەیەوە باس بکەین، بە لای زۆربەیانەوە ناموێیە, چونکی ئەوان هێشتا بە باشی نازانن کورد کێیە ؟ بۆ مرۆڤە ژیرەکانیش ئاسان نییە کە خۆت نەبیت و خۆت بزر بکەیت، یاخود خۆت ڕادەستی کولتوور و داب ونەریتێکی تر بکەی.

بۆیە گرینگە ئێمە خۆمان بین و خۆمان بناسێنین و بەرگری لە خۆمان بکەین. هەروەها پێویستە هەوڵی ئەوە بدەین ئەو وێنە خراپەی کە لە بارەی مێژوو و کلتووری کوردەوە هەیە بیسڕینەوە و, وێنە ڕاستەقینەکەیان نیشان بدەین. لە هەمان کاتدا گرینگە ئەو توانا و وزەیەی کە هەمانە, خۆمان بە دەوروبەر بناسێنین, ئیدی لە هەر جێگایەکی ئەم جیهانەدا بین. لە کۆتایدا ئەپرسین: ئایا چ تاوانێکە ئەگەر بمانەوێت بە دەنگێکی بڵند و پڕ بە گەرووی خۆمان بە خەڵکی بڵێین کوردم ئەمن ؟

تراویلکەی پسپۆڕی [٢٩]

ڕەنگبێ کارکردن لە بارەی پسپۆڕیبوونەوە باشترین بەرنامەیەك بێت بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیانی تێدا بدۆزنەوە، تاڕادەیەکی زۆر باشیش ئیش و کاری کۆمەڵگا ئاسانتر ڕایی بکاتن، بەو پێیەی کەوا ئەو کەسە لەو بابەتە یاخود لەو پیشەیەدا زیاتر قوولْ بۆتەوە، شارەزاییەکی زۆرباشیشی لەو بارەیەوە پەیدا کردووە بۆ ڕاژەی دەوروبەری.

وەلێ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا, پسپۆڕیبوون زۆر بە دەگمەن بەرچاوو دەکەوێتن، ئەگەر هەر زۆر سووریش بین لە بارەی دۆزینەوەیدا، ئەوە دەبێت بە دووی وەهم و ئەفسانە و سێبەری پسپۆڕیدا بگەڕێین، نەك خوودی پسپۆڕیبوون. ئێمە هەر لە پۆستە بالاکانمانەوە، دونیایەك ناشیاوی و ناپسپۆڕی بەدی دەکرێت، کەسیش ناتوانێت پێیان بڵێ: کابرا برۆ بەسەر چاوانتەوەیە ! چونکی ئەوان بابەتگەلێکی تر دەکەنە پێوەر بۆ شەرعییەتدانی ئەو کار و شوێنەی خۆیان، هەر ئەمەش وایکردووە کەوا ناپسپۆڕی خۆی بخزێنێتە نێو تەواوی بوار و لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵگەدا، کارێکی وەهای خولْقاندووە لە نێو کۆمەڵگادا، کە لە زۆربەی بوارەکاندا گووتار و کردارەکانمان دوور بێت لە پیشەیی و پسپۆڕیبوون.

---

[٢٩] ئامانج نازم بیجان, تراویلکەی پسپۆڕی, (ئاوێنە)–ڕۆژنامە, ژمارە (٢٨٤), ڕۆژی سێشەممە–(٢٠١١/٧/١٩), ل٩.

جا بۆیە بواری پەروەردە و فێرکردنیش بەدەر نییە لەو تراژیدیایەی کەوا مەملەکەتەکەی غەرقی بووە و ڕووی لە هەموو شوێنێکی نیشتیمانە بێ دایك و باوکەکەی کردووە. بواری خوێندن و زانست لەم مەملەکەتەدا، لەو ڕۆژەوە کۆچی دوایی کردووە کەوا ئەوەندە بایەخ بە ناپسپۆڕی دەدرێ، نیو هێندە گرنگی بە پسپۆڕی و پیشەیی نادرێتن، ئەمەش زۆر بە ڕوونی بەدیار دەکەوێت ئەگەر بێتو بەراوردێکی قۆناغی ئامادەیی بکەین لەگەڵ قۆناغی زانکۆدا.

بێگوومان قوتابی و تەنانەت مامۆستاکانیش، هەموو تواناکانی خۆیان لە قۆناغی ئامادەییدا نیشان دەدەن، قۆناغی زانکۆش وەکو قۆناغ و شوێنێك تەماشا دەکرێتن کە جێگەی لێبوونەوە و حەوانەوە و خوێندنی سەرپێیی بێت.

باشە دەبێ لە کوێی دونیادا لە بواری پەروەردە و فێربووندا، هەر لە قۆناغی (داینگە)، (بنەڕەتی)، (ئامادەیی)، (پەیمانگا)دا، کەسانێك بە مەبەستی پێگەیاندنی زانست و پەروەردە و فێربوون دامەزرابن، جگە لەوەی کە شیاوو نین، بەڵکە زۆر تا کەم نزیکیش نەبن لەو بابەتانەی کە ڕۆژانە وانە بە قوتابییە قوربەسەرەکان دەڵێنەوە. ئێمە ئێستاش نازانین چ جۆرە نهێنییەك لە پشتی ئەوەوەیە کەوا دەرچووانی بەش و کۆلێجەکانی: (زانستە ڕامیارییەکان)، (یاسا)، (شوێنەوار)، (زمانی فارسی)، (زمانی فەڕەنسی)، (کشتوکاڵ) هتد... وەکو مامۆستا لە ناوەندەکانی خوێندندا بەشەوانەیان وەرگرتووە و ڕۆژانە بابەتی جیاجیا بە خوێندکاران دەڵێنەوە ؟!

خودایە، لەم مەملەکەتەی ئێمەدا مەخلووقی وا هەیە کە دەرچووی کۆلێجی یاسایە، کەچی ئێستا مامۆستای زمانی ئینگلیزییە، دەرچووی

زانستە ڕامیارییەکانیش وانەی مێژوو دەڵێتەوە، وە نابێت مامۆستای مێژووشمان لە یاد بچێتن، کە وانەی کۆمپیوتەری وەرگرتووە ! ڕەنگبێ خوێنەر بپرسێ: چۆن شتی وا دەبێ ؟ دەبێ، لەم هەرێمە پڕۆفیشنالْ و پسپۆڕییەدا، هەموو شتێك دەبێت !

هاوڕێیەکم کە دەرچووی بەشی شوێنەواری ئیسلامییە، دەیگووت: ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵە مامۆستای وانەی: (فیزیا)، (کیمیا)، (زیندە)م، ئێستاش زمانی ئینگلیزییم وەرگرتووە ! وابزانم حەوت سەیر و سەمەرە هەیە لە جیهاندا، بەڵام بڕوا بکەن ئەگەر چاوێك تەنها بە پرسی پسپۆڕی پەروەردە و فێربوون بخشێنیت، بێگوومان ئەو کات ئەو ژمارەیە گەلێك زیاتر دەبێتن !

هەر ئەم ناپسپۆڕییەش وایکردووە کەوا زۆر لە بابەتەکان تێکەڵ و پێکەڵ بکرێن، وەکو بابەت و وانەی (کۆمەڵایەتی) و (زانست). بشێ ماوەیەکی تر زمانەکانیش لە یەك پەرتووکدا بخوێندرێن بە نێوی بابەتی (زمانەکان) !

کارەسات لەوەدایە ناپسپۆڕی تەواو باڵی بەسەر قۆناغە هەستیارەکانی خوێندندا کێشاوە، ڕەنگدانەوەیەکی زۆر خراپیشی کردۆتە سەر ئاستی زانستی خوێندکاران، چونکی خوێندکاران نازانن کەوا مامۆستاکەشیان وەکو ئەوان یەك ساڵ ئەم بابەتەی خوێندووە و هیچی تر ! هەر بۆیە لەم دۆخەشدا نە مامۆستا دەتوانێ مافی وانەکەی بداتن، نە قوتابیش دەتوانێ سوودی لێوەربگرێ.

ئاخر دەرچووی بەشی پەروەردەی وەرزشی، چۆن دەبێت بکرێت بە مامۆستای (زانست) لە قۆناغی بنەڕەتیدا ؟! لەمەوە بۆمان بەدیار

دەکەوێت، ئەوەی لە ناوەندەکانی خوێندن و فێربووندا پێی دەگووترێ پسپۆڕی، جگە لە تراویلکە و وەهم، هیچی تر نییە.

لە هەرێمێکدا ئەگەر بەرپرس و کاربەدەستانی, ئەم پرسە گرنگە بە لاوەکی و ناپێویست تەماشا بکەن و ئاوڕی جیددی لێنەدەنەوە، هەر جاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ کەوا بە لێشاوو نەوەی نەخوێندەوار و نازانستی و نەشیاوو و ناپسپۆڕی لێ بەرهەم بێت. هەر ئەم ناپسپۆڕییەش وای لێدەکات لە هەر جێگەیەکدا کار بکاتن، تۆوی گەندەڵی بچێنێ، چونکی ئیش و کاری خۆی نییە و ناتوانێت پیشەییانە مامەڵەی لەتەکدا بکات، بۆیە ناچار دەبێت بە سۆز و لایەنگیری لایەنێك و فشاری حیزب و ناسیاوی، کارەکانی ڕایی بکاتن.

هەر چۆنێك بێت، دەبێ بە ناچاری پڕ بە گەرووی خۆمان هاوار بکەین و بە بەرپرسانی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن بڵێین بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لە وەهم و تراویلکە و سێبەری پسپۆڕیی ڕزگاری بێت و وێنە ڕاستەقینەکەی خۆی بدۆزێتەوە، پێویستە نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب بێتن، نەك پێچەوانەکەی.

ووردە زانکۆ و ڕەهەندە ترسناکەکانی [٣٠]

بێگوومان هەر کەسێکی بیانی ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر کورتیش بێت لە کوردستاندا بژێت, پێم وایە ڕاستەوەخۆ هەست بەوە دەکات کە کۆمەڵگای کوردی, هێندە کۆمەڵگایەکی ڕووەکەشییە ئەوەندە کۆمەڵگایەکی نێوەڕۆکی نییە. گوومانم لەوەشدا نییە سەرەنجی ئەوە دەدات کە چەندە شەیدای لاسایکردنەوەین. زانکۆ لە تەواوی شوێنە جیاجیاکانی دونیادا پێگە و بەهایەکی ئێجگار بەرز و بڵندی هەیە, بە درێژایی مێژوو زانکۆ نێوەندێکی زانستی و ئەکادیمی کارا بووە, بە هەمان شێوەش گەورەترین ڕۆڵی گێڕاوە لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگادا. ئەو کەسانەش کە هەڵگری هزری دامەزراندنی زانکۆن یاخود لە زانکۆدا کار ئەکەن, هەموویان کەسانی کارامە و لێهاتوو و بە ئەزموون و خوێندەر و نووسەر و شارەزا و شیاوو و دۆستی کتێبن و, هەمیشە خاوەنی دید و بۆچوونی تایبەتی خۆیانن, هەروەها لە تەواوی زانکۆکانی دونیادا تاکە پێوەر بۆ کارکردن, توانست و ئەزموون و لێهاتوویییە.

وەلێ لە کوردستاندا لە زۆربەی زۆری زانکۆکاندا تەواو پێچەوانەیە, چونکی هەر بڕوانامە بەخشینەوەیە بە خوێندکاران و دەوڵەمەندکردنی ئەو بەناو مامۆستایانەیە و هیچی تر. لەبەر ئەوەی هەتاوەکو هەنووکەش بەرهەمێك یاخود بڕیارێك یان پڕۆژەیەکمان

[٣٠] ئامانج نازم بیجان, ووردە زانکۆ و ڕەهەندە ترسناکەکانی, (گەرمیانی ئەمڕۆ)–ڕۆژنامە, ژمارە (٩٠), کانوونی دووەمی (٢٠١٥), ل٦.

نەبینی کە لە زانکۆوە دەربچێت و سوود و قازانجی بۆ کۆمەڵگا هەبێت. بۆیە گوومانم لەوەدا نییە کە ئەم زانکۆیانەی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا و لە میانەی کارە نازانستی و هەڵسوکەوتە نامرۆییەکانیانەوە سەلماندیان بۆ کۆمەڵگا کە هەر بە ناو زانکۆن, چونکی هیچ شتێکیان هاوشێوەی زانکۆکانی دونیا نییە.

وێڕای هەموو ئەو گەندەڵییە زانستییانەی کە لەو زانکۆیانەدا بوونی هەیە, وەڵێ ئێستا ئەبێت بڵێین سەد خۆزگە هەر ئەو زانکۆیانە بوونایە و ووردە زانکۆی تر لە دایك نەبوونایە. ماوەی چەند ساڵێکە چەندین زانکۆ و کۆلێچ کراوەتەوە, دیارە هەتاوەکو ئێرە جێگەی دڵخۆشییە و دەبێت هەموومان شانازی پێوە بکەین و خۆشحاڵبین بەوەی کە ئەو هەموو فێرخوازە ڕوو لە خوێندن و زانست ئەکەن. بەڵام دیارە کێشەکە لێرەدا نییە, بەڵکو لە مەبەست و کار و بەرنامە و خوودی کەسەکانە. ئەگەر سەرەنج بدەین بۆمان بە دیار ئەکەوێت کە کردنەوەی ئەم ووردە زانکۆیانە, جگە لە لاسایکردنەوە بەڵکو گیانی ڕەکابەرێتیشی پێوە دیارە.

بۆیە هەر لە سەرەتاوە تێدەگەین لەوەی کە بیر و هزری کردنەوەی ئەم ووردە زانکۆیانە لەسەر بنەمای پڕۆژەیەکی هزری و زانستی و هۆشیاری و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و بەرژەوەندی گشتی دانەمەزراوە. چونکی ئەو کەسانە زۆربەیان لەسەر داوای پارەتەکانیان کار دەکەن و زۆربەی هەرە زۆریشیان ئەوەندە هزری حیزبی و بیری بازرگانی و خێڵەکی و عەشیرەتگەراییان هەیە, نیو ئەوەندە زانستخواز و خوێندەوار نین. بۆیە دواجار ئەم هزریی حیزبییە درێژ ئەبێتەوە و ڕەنگ ئەداتەوە لەو کەسانەی کە دەبن بە کادیر و مامۆستای ئەم ووردە زانکۆیانە. ئەم

مامۆستایانەش دیسانەوە بەو هزر و گیانە حیزبییەوە خوێندکار بۆ ماوەیەک لە خوێندن دوادەخەن و وێرانیان ئەکەن نەک پێیان ئەگەیەنن. ئیدی دواجاریش چینی دەستەبژێر و ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کۆمەڵگا, ئا لێرەوە سەرچاوە دەگرێت و دروست ئەبێت.

ئاخر چۆن ئەبێت سەرۆکی بەش بە خوێندکاران بڵێت پێم خۆشە سەردانێکی کۆمیتە و مەڵبەند بکەن, ئەمە لە کاتێکدا بووە کە خوێندکاران داوای گەشت و سەیرانیان کردووە, بەڵام ئەو مامۆستایە ئەیەوێت لە ئێستاوە فێری گەشتی حیزبییانەشیان بکات. جێگەی ئامازەبۆکردنە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا چەندین وورده زانکۆ و کۆلێجی نوێ هاتۆتە گۆڕێ, ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ ڕەهەندێکی زانستی تێدا ڕەچاو نەکراوە, هەروەکو چۆن بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگا بەهەند وەرنەگیراوە. لە هەمان کاتدا خوێندنەوەیەکی وورديشی بۆ نەکراوە, بۆیە زۆربەی ئەو کەسانەش کە لەم وورده زانکۆیانەدان, بە پینەوپەڕۆ پێگەیشتوون.

ئاخر تێناگەم ئەبێت لە چ شوێنێکی دونیادا بەو چەشنە مامۆستای زانکۆ لاواز و ناکارامە و ناشارەزا و نەخوێندەوار و بێ ئاگا بێت ؟ خۆزگە چاوێك بە ژیاننامەی زانستییان ئەخشێنیت, یاخود لەوە بکۆڵیتەوە کە ئەمانە چلۆن گەیشتوونەتە ئەم شوێنە ؟ چونکی گوومان لەوەدا نییە کە ئەمانە بە هەڵە هاتوون بۆ ئێرە, بەڵکو ئەم بەڕێزانە جێگە و کارکردنیان, شوێن و ئیشێکی تره. لام وانییە کارێکی ئەوەندە قورسیش بێت, ئەگەر بتەوێت پرسیاری ئەوە بکەیت ئایا ئەمانە چی هێناونی بۆ زانکۆ ؟

شیاووی باسه زۆربەیان بە نمرەیەکی زۆر لاوازەوە یان بە ناسیاووی و واستە و پەیوەندی خزمایەتی و حیزبایەتی و خێلاێیەتی خۆیان گەیاندۆتە ئەو جێگایە. لە هەمان کاتیشدا هەناسەبڕکێیەکی زانستی زۆرباش بە زۆربەیانەوە دیارە. زۆرینەیان یان کوردی نازانن یاخود عەرەبی نازانن, یان ناخوێنندەوە یاخود دژی خوێندنەوەن. هەر چۆنێك بێت هەر بۆ ئەوەی ئەم جێگایانە پڕ بکەنەوە, بوون بە مامۆستای ئەم وورده زانکۆیانە.

بە دەیان مامۆستای ئەم وورده زانکۆیانە هەیە لە هەموو ژیانیدا ڕۆژێك بە خەیاڵیدا نەهاتووە یاخود هەر بیریشی لە خوێندنی باڵا و زانکۆ نەکردۆتەوە, وەڵ هەر لەگەڵ لە دایکبوونی ئەم وورده زانکۆیانە, ئیدی هەستی زانستی و مرۆیی و ئایینییان جواڵ, ئەوانیش ئارەزووی خزمەتکردنیان دەکرد. هەندێکیشیان بازی بەخت بەسەر شانیانەوە نیشتەوە و تەنانەت خۆشیان باوەڕیان نەدەکرد. زۆربەی هەرە زۆریان هەتاوەکو کاتی نووسینی نامەکانیان هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان بە خوێندنەوە و نووسینەوە نەبووە, بەاڵم ئیدی کە بوون بە مامۆستای زانکۆ, جانتایەکی گەورەیان هەڵگرت و هەندێك کتێبیان بەدەستەوە گرت, بۆ ئەوەی بڵێن ئەم مامۆستایە زۆر زیرەك و بەتوانایە.

وێڕای هەموو ئەمانەش بە بۆچوونی من قەدەر گەورەترین ڕۆڵی گێڕاوە لە بوونی ئەو مامۆستایانەی کە لەو وورده زانکۆیانەدان, بەاڵم بوونی ئەم قەدەرەش بە پلەی دووەم دێت, ئەویش لە پاش پەیوەندی حیزبایەتی و خزمایەتی و عەشایەری و پەیوەندی کۆمەاڵیەتی, چونکی زۆر مامۆستا هەبوو تەنانەت لە قۆناغی ئامادەیی یاخود لە پەیمانگاکانیشدا نەیانتوانیووە سەرکەوتووبن, کەچی بە بڕیارێك هەر

هەموویان خرانە نێو ئەو وورده زانکۆیانەوە. هیچ کات ڕەچاوی ئەوە نەکراوە کە ئایا ئەمانە شیاوو و کارامە و لێهاتوون ؟ ئایا ئەمانە نمرە و ئاستی زانستییان شیاووی ئەو جێگایەیە ؟ بۆیە بە دیدی من ئەمانە زۆر نامۆن بە زانکۆ و کاری زانستی و ئەکادیمی, دەکرێت پێیان بووترێت مامۆستا نامۆکانی نێو وورده زانکۆ. بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت, کادیر و مامۆستاکان هەر زوو ئامانج و مەبەستی خۆیان ئاشکراکرد, کە بریتییە لە کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و مووچەیەکی زۆر, بۆ ئەوەی سبەی پێیان بڵێن مامۆستای زانکۆ.

هەرگیز ئەو قۆناغی هەناسەبڕکێیەم لە یاد ناچێتەوە, کە مرۆڤ شەرم ئەکات هەندێك باس و خواس بگێڕێتەوە. هەتا وای لێهاتبوو چەندین مامۆستا هەبوو بەکالۆریۆسەکەی جۆرە پسپۆڕییەك بوو, کەچی ماستەرەکەی لە جۆرێکی تردا بوو, پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. ئاشکراشە سەرچاوەی ئەو هەناسەبڕکێ و ترسەش لەوەدا بوو, کە دەیانزانی ئەمە هەڵیکە و زۆر و کەم پەیوەندی بە توانست و نمرە و ئاستی زانستییەوە نییە, بۆیە نابێت لە کیسی خۆیانی بدەن. ڕەنگبێت ئەم باسانە زۆر گرنگ نەبێت بە لایانەوە, ئەوان ئەوەیان بەسە کە قات و ڕیباتێك لەبەر بکەن, ئیدی کاتێکیش پێیان ئەڵێن مامۆستای زانکۆ, گەز گەز بالاّ ئەکەن. لام وایە لەبەرکردنی قات و ڕیباتیش, بەقەد هەڵگرتنی بڕوانامە قورسە.

ئای پەروەردگارە, ئەمانە هیچ شتێکیان بۆ شەرم نەهێشتۆتەوە, ئەمانە بەو کردارانەیان وایانکرد ئەبێت ووشەگەلێك دابتاشین کە لە سەرووی ووشەی شەرمەوە بێت. خودایە, ئەمانە تەواوی پرسیارەکانیان سەربڕی, ئەمانە ویژدانیان لە زیندان بەندکرد, ئەمانە ئابڕووی زانکۆ و

فێرخواز و مامۆستا و خۆشویستنی کتێب و خوێندنەوەیان بە جارێ بردبوو, ئەمانە کۆمەڵگایان بۆ ماوەیەک بردە پاشەوە و ئارەزوویان لەوە بوو ئیدی کاتژمێری پێشکەوتن بوەستێنن.

ئاخر بۆچی لەتەک ڕۆحتاندا قسە ناکەن, ئەی بۆچی گوێ لە دڵ و ویژدانتان ناگرن و پرسیاری لێبکەن: ئەرێ ئێمە کە خاوەنی ئەم بڕوانامەیەین, توانای هەڵگرتنیمان هەیە و تووشی ماندووبوون و هەناسەبڕکێ و شەرمەزاریمانی نەکردووە ؟ ئەی ئێمە کارامە و لێهاتوو و بەتوانا و شیاووی ئەم شوێنەین ؟ باشە ئەبێت ئەم مامۆستایانە ویژدانیان ئاسوودە بێت و شەوانە بێ غەم سەر بنێنەوە ؟ ئەوەی جێگەی ئامازەبۆکردنە, ئەمانە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن بوونە بە گاڵتەوگەپی سەر زاری ڕۆژانەی خوێندکاران. ئەگەر گوومانمان لە هەر ووشەیەک هەبێت, ئەوە ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو وانانەی کە ڕۆژانە بە خوێندکارە داماوەکانی ئەڵێنەوە. پێویستە گوێ لەو وورە زانیاری کرچ و کاڵە و ئەو زمانە بازاڕییە بگرین کە ڕۆژانە ئەم هەموو خوێندکارەی پێ تیرۆر ئەکەن.

دەگێڕنەوە جارێکیان سەرۆکی بەش ناونیشانی بابەتێکی بۆ خوێندکارێک دەستنیشانکردووە بە نێوی: ڕۆڵی دەوڵەتی عوسمانی لە شۆڕشەکەی دەرسیم ساڵی (١٩٣٦) ی زایینی. ئەمە ماوەیەکی بەسەردا چووبوو, هەتا جارێک خوێندکارێک دەستیکردووە بە پێکەنین, ووتبووی کاکە لەم ماوەیەدا دەوڵەتی عوسمانی ڕووخا بوو. ئیدی ئەو مامۆستا کارامەیەش ووتبووی سەرم زۆر قاڵ بوو, ڕاست ئەکەی ئەمە هەڵەیە. مامۆستای ئەم وورە زانکۆیانە هەندێکیان فێری ئەوەش بوونە قسە و ڕەخنە لە پیاوە گەورەکانیش بگرن, بۆ ئەوەی جێگای خۆیان قایم بکەن.

ڕۆژێکیان گوێم لە موحازەرەیەک بوو, کە نزیکەی (١٥) پازدە خوولەکی تەرخانکرا بوو بۆ لێدان لە (پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد). ئەمانە بۆ خۆیان تیرۆریستی زانستین, کەچی ئەیانەوێت خۆیان بەو خوێندکارانەدا بتەقێننەوە. بەڵام من پێم وایە سیاسەت و کارنامەیەکی پتەوویشیان هەیە, چونکی هەر بۆ ئەوەی دڵی خوێندکارانیش نەڕەنجێنن و لێرە و لەوێ بە خراپی باسیان نەکەن, نمرە وەکو باران و بەفری زستانی ڕووسیا ئەڕژێنن بەسەر خوێندکاراندا, وەڵ زانست و زانیاری و مەعریفەتیشیان وەکو ووشکەساڵی و گەرما کوشندەکەی هاوینی گەرمیانە.

مامۆستایەک دەیگووت خوێندکارێک نمرەیەکی زۆر بەرز و خەیاڵی هەبووە, کە دەرچووی یەکێک بووە لەم وورده زانکۆیانە, ئیدی بە مەبەستی پێشکەشکردنی مامەڵەی ماجستێر ڕووی لە یەکێک لەو فەرمانگانە کردووە لە شاری سلێمانی, پێیان ووتبوو کاکە ئەم نمرەیە هەڵەیە برۆ پێداچوونەوەی بۆ بکەن ئێمە داواکەت لێ وەرناگرین. ئەمانە داهێنانی وا گەورەشیان کردووە, بەڵام خەڵکی ئاگای لێیان نییە. خۆزگە بۆ ساتێک گوێ لە دەرچووانی ئەم وورده زانکۆیانە ئەگریت و هەگبەی زانیارییان شیدەکەیتەوە یاخود سنوور و توانای بیرکردنەوەیان ئەخوێنیتەوە ؟ بریا سەرەنجی وانەگووتنەوەیان ئەدەیت ؟ ئیدی ئەو کاتە تێدەگەیت کە زانکۆ بووە بە چ گاڵتەجاڕییەک بە دەستییانەوە.

سالاّنە بە دەیان و سەدان خوێندکار لەم وورده زانکۆیانە دەرئەچن, وەڵ کاتێک گوێیان لێ ئەگریت هەست بە شەرمەزاریی ئەکەیت و گوومانی ئەوە ئەکەیت کە ئەمانە دەرچووی زانکۆبن. کە لام وایە تاوانی سەرەکی ئەو بەناو مامۆستایانەیە کە ئەرکی پێگەیاندنی نەوەی

نوێیان پێ سپێردراوە. ئاخر ئەگەر مامۆستا لە تاقیکردنەوەدا هەر پێناسە و هەڵبژاردن و بۆشایی بهێنێتەوە یاخود ئەگەر خودی مامۆستاکەش بەو شێوەیە خوێندنی تەواو کردبێت, هەر دەبێت چاوەڕوانی ئەم دەرئەنجامە ترسناکە بکەین.

شایانی باسە, ئەم وورده زانکۆیانە و زۆربەی کادیرەکانیشی بوونە بە مایەی گاڵتەکردن بە خۆیان و بە خوێندکارانیش. پێم وایە ئەگەر لە کەسێکیش بپرسی کە ئەقڵی لە دەستدابێت, بە باشی وەڵامت ئەداتەوە. باشە ئەگەر ئەزانن دامەزراندن نییە ئەی بۆچی ئەم هەموو وورده زانکۆیانەتان کردۆتەوە ؟ کە توانای زانستیتان نییە, بۆچی بوونە بە مامۆستای زانکۆ ؟ ئەی ئەبێت ئەم هەموو خوێندکارە داماوە, چ بکەن ؟ بە ڕاستی ئەگەر لەم مەملەکەتەی ئێمەدا دادگای زانستی و ئەکادیمی هەبووایە, دەبوو هەموو ئەمانە بە لایەنی کەمەوە (١٥) پازدە ساڵ بخرێنە زیندانەوە. بۆ ئەوەی لەوێ فێری ئەوە بن کە زانست و مەعریفەت و زانکۆ بەهای خۆیی هەیە, نابێت هەموو کەس پەلاماری بدات و گاڵتە و سووکایەتی پێبکات یاخود بە مەبەستی پەیداکردنی گوزەرانی ڕۆژانەی خۆیان تەماشای بکەن و لێی بڕوانن, لە هەمان کاتدا ئامانج و پەیامە سەرەکییەکەی لەبیر بچێتەوە.

ئێمە گوومانمان لەوەدا نییە کە نەتانتوانیووە پەروەردەیەکی زانستی باش و چاك پێشکەش بکەن و, دەرگای خوێندنەوەی کتێب بۆ خوێندکاران بکەنەوە و دەستیان بگرن بۆ کاری زانستی و ئەکادیمی. هەروەکو چۆن دوو دڵ نیم لەوەی کە ڕەنگبێت هەوڵتان دابێت, وەڵێ بەداخەوە نەتانتوانیووە سەرکەوتووبن, چونکی شوێنی ئێوە ئەوێ نەبووە, تەنانەت ئاستیشتان لاواز بووە لەو بارەیەوە. یاخود بە

واتایەکی تر, ئێوە بە گەشەکردنێکی ناسروشتی گەشەتان کردووە و گەیشتونەتە ئەو پلەیە.

من بۆ خۆم گوومانم لەوەدا نییە کە ئەم جۆرە مامۆستایانە بە درێژایی تەمەنیان هەر بەو چەشنە دەمێننەوە و زیاتریش ئەبن بە گاڵتەجاڕی خوێندکارە زیرەک و لێهاتوو و خوێنەر و نووسەرەکان. چونکی ئەمانە خاوەنی پێشینەیەکی زانستی و ئەکادیمی باش نین. ڕەنگە وەرگرتنی مووچە زۆریی ئەو مامۆستایانە زۆر نیگەرانم نەکات, چونکی ئەم وولاّتە هەر کەسانی وەکو ئەوان شیاووی ئەو کار و پیشەیەن, بەاڵم گاڵتەکردن و تیرۆرکردنی زانست و مەعریفە و کتێب و خوێندنەوە لە ناوەندێکی زانستی وەها گەورەدا, بە کارەسات و پاشاگەردانی و جینۆسایدی زانستی ئەزانم. ئاخر گەورەترین وێستگەی فێربوونی زانست و هۆشیاری و ڕۆشنبیری هەر لە زانکۆوە سەرچاوە دەگرێت. باشە ئەگەر وەها نییە, کوانێ بەرهەم و کارە زانستی و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانتان ؟ بۆچی کاریگەری پەروەردە کۆمەاڵیەتییەکانی زانکۆ هەست پێناکرێت ؟

بەداخەوە ئێوە نەك هەر نەتانتوانیووە پەروەردەیەکی زانستی و کۆمەاڵیەتی باش و تەندروست پێشکەش بەو خوێندکارانە بکەن, بەڵکو تووشی نەخۆشی دەروونیشیان ئەکەن. ئاخر خوێندکارێك ئەو هەموو ساڵە بە گەرما و سەرماوە بەو هەموو ماندووبوونە, ئەبێت ئا بەو شێوەیە چارەنووسی بسووتێنیت و پێیان بڵێن دامەزراندن نییە ؟! بە ڕاستی ئەم جۆرە مامەڵە و ڕەفتارانەی ئێوە نەك لە شوێنێکی وەکو زانکۆ ناوەشێتەوە, بەڵکو لە کامێرای شاراوە ئەچێت. ئەگەر وا بێت یان ئەبێت ئەو وورده زانکۆیانە دابخرێن و ئەو مامۆستایانەش بڕۆنەوە بۆ شوێنی

یەکەمیان یاخود دەبێت چەند دروشمێکی تر بۆ ئەو ووردە زانکۆیانە زیاد بکەین لە ژێر ناونیشانی: (تەنها بەخشینی بڕوانامە), (پەیامی ووردە زانکۆ, دانەمەزراندنە), (نەخوێندنەوە و پرسیارنەکردن, ئاستی بەرزی زانستییە). بۆیە کردنەوەی ئەم ووردە زانکۆیانە و بوونی ئەو مامۆستایانە, دواجار ئەو هەموو ڕەهەندە ترسناکانەی لێدەکەوێتەوە.

ئاماژەکانی دەرکەوتنی دادگاکانی پشکنین [٣١]

ئەی خودایە نەم کەیتە قەساب تاکو مەڕان
سەر بڕم، نەشم کەیتە مەڕ نەك قەساب
سەرم بڕێ !

(تاگوور)

دادگاکانی پشکنین نێوێکە لەگەڵ بیستنیدا هزری مرۆڤی خاوەن ئەزموونی خوێندنەوە و وێژدان دەهەژێنێت و دەیباتەوە بۆ مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا، لەوێشەوە وێنەیەکی پڕ لە تڕاژیدی بۆ دروستدەکات. دادگاکانی پشکنین لە ئەورووپادا لە لایەن پیاوانی کەنیسە و ئایینییەوە دامەزراوە، کە بۆ لێکۆڵینەوە بووە لە گوومانلێکراوان و لەلایەن تۆڕێکی سیخوڕییەوە یارمەتیدەدران، ئەم سیخوڕانە لە هەموو تاوان و گوناهێك دەست والاّ کرابوون بۆ ڕاوەدوونانی ئەو کەسانەی کە گوومانی ئەوەیان لێدەکرا دژی کەنیسە دەوەستنەوە، بە نامرۆڤانەترین شێوە کەوتنە وێزەی ئەو کەسانەی کە تاکە ووشەیەکیشیان دژی کەنیسە بدرکاندایە.

ئەو کەسانەی کە ئازاری خەڵکیان دەدا دەستەیەکی نەزان و نەفام و چاوبرسی بوون، جا ئەم ئازارە جاری وا هەبوو چەندین ساڵی

---

[٣١] ئامانج نازم بیجان, ئاماژەکانی دەرکەوتنی دادگاکانی پشکنین, (ڕۆژنامە)–ڕۆژنامە, ژمارە (٦٣٣), سلێمانی, ڕۆژی سێشەممە–(٢٠١١/٥/١٠), ل٢٢.

دەخایاند، چونکی زانایەکی وەکو (جۆردانۆ برۆنۆ) (٨) هەشت ساڵی ڕەبەق ئەو ئازارەی چەشت. کەنیسەش پیاو و ئامێری تایبەتی هەبووە بۆ لە ئاگرسووتان و زیندانی هەمیشەیی و مردن. دەگێڕنەوە لە ماوەی دوو سەدەدا، دەیان هەزار کەسیان لە ئاگردا سووتان و بە زیندانی هەمیشەیی سزادران. سەیر لەوەدایە بە بڕیارێکی تایبەتی مافی سزای مردووانیشیان وەرگرت. هەموو ئەمانەش پێمان دەڵێن کەوا دەسەلاتی ئایینی و دونیەوی ئەو کات، هەموو گووتار و کردارێکیان لە پێناوی ئەوەدا بووە کەوا دەسەلاتە دیکتاتۆر و ستەمکارەکەیان دڕێژەپێبدەن، کە نزیکەی هەزار ساڵی خایاندووە.

کەنیسەش بە هیچ بیر و بۆچوونێکی تر قایل نەدەبوو، هەر هەوڵێکیش کە لە لایەن نووسەران و بیرمەندان و فەیلەسووفانیش بدرابایە، وێڕای ئەوەی گوێیان لێنەدەگیرا، بەڵکو بە تووندترین شێوازیش وەلاّمدەدرانەوە و بە مەترسیش لە قەڵم دەدرا بۆ سەر کەنیسەی مەسیحی. هەر بۆیە چەندین نووسەر و بیرمەند و فەیلەسووف کەوتنە بەر ویژدان و بەزەیی و ئامێرەکانی پیاوانی کەنیسەوە، کە تێیدا پیاوانی ئایینی ڕۆڵی قەسابیان دەبینی و مرۆڤە ئازادیخوازەکانیش لە پاش ئەشکەنجە و ئازار و لێدان، وەکو مەڕان خۆیان نمایش دەکرد.

ئەگەر تێبینی بکەین لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو, بەتایبەتی لەم چەند ڕۆژانەی دوایدا کوردستانی خۆمانیش خەریکە وەکو شوێنێك ئەو دیاردە قێزەوەنە لە ڕێگەی دەسەلاّتەکەیەوە بەرجەستە دەکات، بە پێی کردارەکانی کە بەرانبەر بە هاونیشتیمانانی خۆی ئەنجامیدەدات. وەکو ئاشکراشە سەرچاوەی ئاماژەکانی پرسی نێووبراو لە کوردستاندا لە میانەی خواست و داواکاری و مافی هاوڵاتییانەوەیە بۆ سەروەری یاسا

و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و نەمانی گەندەڵییە، بەڵام دەبینین زۆرینەی کات گووتاری دەسەڵات لە چوارچێوەی ئەوەدا دەخوولێتەوە کە گوایە ئەم دۆخەی ئێستا مەترسی هەیە بۆ ئەزموونەکەمان و، زۆرجاران پەنا بۆ بابەتگەلێك دەبات کە زۆر تا کەم پەیوەندی بە پرس و دۆخی ئێستای کوردستان و ئەو هەل و مەرجەوە نییە.

جارێك بە دەستی دەرەکی و کەرەتێکیش بە بیانوی ململانێی سیاسییەوە خۆی لە دەنگی مرۆڤە ئازادیخوازەکان دەدزێتەوە. هەر بۆیە بە تۆندی هێزی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ دامرکاندنەوەی خواست و داواکانی کۆمەڵگە، کە زۆربەشیان بریتییە لە سەروەری یاسا و مافی تاك لە کۆمەڵگەدا و خزمەتکردنی هاوڵاتی ئەم نیشتیمانە. ئەمڕۆ لە کوردستاندا خەریکە بە تەواوی دیرۆکی سەدە ناوەندییەکان دووبارە دەبێتەوە، وابزانم تەنها مردووەکان ماوە کە جێگەی مەترسی نەبێت و سیخوڕییان بەسەرەوە دانەنرابێت، دەنا زۆربەی شوێنەکان بووە بە مەترسی بۆ دەسەڵاتەکەمان، هەر لە مزگەوت و خوێندنگا و زانکۆ و کوچە و کۆڵانان و یاریگاکان هتد...

کارەساتی ئەم جۆرە دەسەڵاتانەی دونیا لەوەدایە کەوا لەگەڵ هاتنی بۆ سەر کورسی دەسەڵات، هەموو هەناسەدانێکی دەبێت بە کردار و گووتاری خزمەتی مرۆڤی نیشتیمانەکەی، بەڵام کە جێی خۆی گرتەوە ئیدی نغرۆی حەز و ئارەزووەکانی خۆی دەبێت و بێ ئاوڕدانەوەی لە کۆمەڵگە. ئەمەش دواجار لە ساتەوەختێکدا کۆمەڵگە وەکو بوڕکانێك دەتەقێنێتەوە. لەوەش کارەساتتر ئەوەیە دەسەڵات لەم قۆناغەدا بە هۆی پەشۆکاوی خۆیەوە هەموو شتێکی لە یاد دەچێت، تەنانەت ئەلف و بێی هونەری سیاسەتکردنیش فەرامۆش دەکات، چونکی لە بری ئەوەی

چارەسەری کێشەکان بکات و دایبمرکێنێتەوە، کەچی کارێکی وەها دەکات کەوا زیاتر تەشەنە بکات و پەرە بستێنێ.

ئەوان دێن بە هەموو هێزی خۆیانەوە بەرامبەر بە نووسەران دەوەستنەوە یان هەوڵی گرتنی مامۆستایانی ئایینی دەدەن یاخود سووکایەتی بە مامۆستایانی خوێندگاکان دەکەن و ئەشکەنجە و ئازاری گەنجەکان دەدەن یان دێن جەرگی دایکان دەسوتێنن و ژنان بێوەژن دەکەن و منداڵان هەتیوو دەخەن، بە شێوازی جیاجیا مرۆڤەکان بریندار دەکەن. نازانن ئەم چین و توێژانە لە هەندێك شوێندا پڕوڵی پارەری پڕوحی دەبینن، کە ووتە و هەڵسوکەوتیان چووتە نێو هزر و بیرکردنەوەی هەزاران کەسەوە، هەر بۆیە دەبینین کە کەسێك لەوان دەگیرێ یان ئازار دەدرێ، کەچی گووتارەکانیان پڕۆژانە سەفەر دەکەن بۆ نێو پڕوحی مرۆڤگەلێکی تردەوە، بۆیە سەدان کەس ئامادەن بەرگری لێبکەن، هەر ئەمەشە وا دەکات کۆمەڵگا توڕە بکات و دواجار لە دەست تەنها چینێك یاخود کەسێك قەتیس نەمێنێتەوە، بەڵکو شێوازێکی فراوانتر بەخۆیەوە ببینێ.

سەیرە هەندێ جار مرۆڤێك دەگرن کە پڕوح و هەڵسوکەوتی لە پەپوولە و مێرولەوە نزیکە، دەیانەوێ هیچ وورتەیەکیشی لێوە نەیەت ! وێڕای ئەمەش پڕۆژانە مرۆڤدۆستەکان تووشی ئیزدیواجییەت دەبن, چونکی دوو ڕەهەندیان هەیە، لەلایەك شارەزای مێژوون و دەزانن لە پاش سەدەکانی ناوەڕاست، ئیدی خۆری ڕێنیسانس هەڵدێت، لەلایەکی تریشەوە نیگەرانن بەوەی کەوا دەسەلآت بە هەموو هێزی خۆیەوە کەوتۆتە گیانی پڕۆڵەکانی ئەم نیشتیمانەوە، کە تەنها ماوە لە داینگەکاندا سیخوڕی و مەترسی و پشکنینی بیروباوەڕەکان دابنرێ .

به تێڕوانینی ئێمە ئەوەی کە بێدەنگی هەڵبژاردووە واتای ئەوە ناگەیەنێ کە کەیفی بەم بارودۆخە بێت، بەڵکو ئەو مرۆڤە خاوەنی کۆمەڵێك بەها و پیرۆزی خۆیەتی، چ وەکو مرۆڤ چ وەکو کار و پیشەکەی هەر بۆیە تووشی دوو دڵی بووە. ئێمە هەمیشە ترسی ئەوەمان هەیە دەسەلاتی کوردی کرداریکی وەها نەخولقێنێ کە تاکەکانی کۆمەڵگا ترسیان نەمێنێ لە ترس.

خوێندنەوەی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەکان [٣٢]

ڕیپۆرتاژ

٦- ئامانج نازم بیجان:

لە ئەزموونی چەند ساڵەمدا بۆم دەرکەوت کە تاقیکردنەوە پێویستە، بەڵام نمرەهێنان لە تاقیکردنەوەدا پەیوەستە بە ناسین و واستە و پاشان خوێندن... لەبەر سروشتی ئێمە لەم زانکۆیەدا بە بەراورد لەگەڵ وولاتانی دیکە، ترسم لە تاقیکردنەوە زۆرە، لەبەر ئەوەی خوێندن کۆکراوەتەوە لە تاقیکردنەوەیەك کە پایەت دیاری دەکات.

پێم باشە تاقیکردنەوەی ئێستا تەنها پایەی دیاریکردنی چارەنووس و ئاستی قوتابی نەبێ، چونکە زۆرێك هەن کە بە لەبەرکردنیان پلەیەکی باشیان هێناوە، کەچی ئاستێکی ئەوتۆیان نییە. بینیوومە قوتابی لەیەك مەلزەمەدا تاقی کراوەتەوە دەرنەچووە, لە هەمان کاتدا قوتابییەکی زۆر زیرەك و بەتوانا بووە، چاوەڕێی شتی باشی لێ ئەکرێ.

پێم باشە ئەم شێوەی تاقیکردنەوەیە بگۆڕدرێ بۆ شێوەیەکی نیووچە زارەکی و ڕاپۆرتکردن. ئامادەم دەرنەچم بەس قۆپییە نەکەم بە تایبەتی لێرەدا.

---

[٣٢] خوێندنەوەی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەکان, (زانکۆی نوێ)-گۆڤار, ژمارە (١٣), چاپخانەی منارە, هەولێر, حوزەیرانی (٢٠٠٦), ساڵی دووەم, ل٧٧-٧٨.

گەرمیانی ئەمڕۆ لە نێوان تەمەن و جیاکاریدا [٣٣]

سەرەتا سلاّو و ڕێزی بێ پایانم هەیە بۆ تەواوی ئامادەبووان, بەڕێزان ئەمڕۆ وا (٧) حەوت ساڵ بەسەر تەمەنی مانگنامەی (گەرمیانی ئەمڕۆ)دا تێدەپەڕێت. پڕ بەدڵ لە ناخی دڵمەوە پیرۆزبایتان لێدەکەم، ئومێدەوارم هەمیشە پێشەنگ و داهێنەر و جیاوازبن لە کاری ڕۆژنامەوانیتاندا. پێم خۆشە بەڕاشکاوانە پێتان بڵێم کە ئەم مانگنامەیە تاکە بلاّوکراوەیەکە لە گەرمیان کە توانیبێتی بە نەفەسێکی دوورودرێژ بەردەوام بێت لە کارکردندا.

شیاووی باس لێوەکردنە، ئەم مانگنامەیە تا ڕادەیەکی زۆر باش دوور بووە لە دەست و فشاری دەرەکی، واتە زیاتر خۆی لە پیشەیبووندا دۆزیوەتەوە. هەڵبەت بۆخۆم ماوەیەك ووتارەکانم تێدا بلاّودەکردەوە، کە هەندێکیشیان ڕەخنە بوون، بەلاّم ڕۆژێك کەسێك لە ستافی ئەو ڕۆژنامەیە، ووتارەکانمی ڕەتنەکردۆتەوە یاخود دەستکارییان کردبێت.

کە بە ڕاستی ئەمەیان جێگەی دڵخۆشییە بۆ ئێمە، دەبێت ئێمە هەمیشە کار بۆ ڕۆژنامەیەکی وەها بکەین و هەوڵی پێشخستنی بدەین.

---

[٣٣] ئامانج نازم بیجان, گەرمیانی ئەمڕۆ لە نێوان تەمەن و جیاکاریدا, (گەرمیانی ئەمڕۆ)– ڕۆژنامە, ژمارە (٧٥), چاپخانەی کەمال, حوزەیرانی (٢٠١٣), ل٢.

بێگوومان ستافی ئەم پرۆژنامەیە, تا ڕادەیەکی باش ماندووبوونیان پێوەدیارە، وەلێ خوشبەختانە هەتاوەکو هەنووکە کۆڵیان نەداوە.

هاوڕێتان : ئامانج نازم بیجان
وولاتی ڕووسیای فیدراڵ–هەرێمی کورسك
زانکۆی حکومی کورسك

مامۆستایەك لە ڕووسیا بە پلەی نایاب ماجستێر وەردەگرێت [٣٤]

مامۆستا ئامانج نازم بیجان یەکێکە لە مامۆستایانی ئامادەیی (کوردستانی نوێ) لە گەرمیان. ئەوە ماوەی (٣) سێ ساڵە لە وولاتی ڕووسیادا سەرقاڵی خوێندنە, ساڵی یەکەمی سەرقاڵی خوێندنی زمانی ڕووسی بووە لە زانکۆی حکومی کورسك, کە بە پلەیەکی باڵا توانیوویەتی بڕوانامەی زمانی ڕووسی بەدەستبهێنێت. ئەمە ماوەی (٢) دوو ساڵیشە سەرقاڵی خوێندنی ماجستێرە لە هەمان زانکۆ.

لە ڕێککەوتی (٢٠١٥/٦/١٥) ی ئەم ساڵدا توانی بە سەرکەوتوویی بەرگریی لە ماستەرنامەکەی بکات لە زانکۆی حکومی کورسك, کۆلێجی مێژوو-بەشی مێژووی ڕووسیا. شایانی باسە, لیژنەی گفتوگۆکە لەم بەڕێزانە پێکهاتبوون: ڕاگری کۆلێجی مێژوو, سەرۆکی بەشی مێژووی ڕووسیا, سەرۆکی بەشی مێژووی گشتی, سەرپەرشتیار, کە هەر هەموویان پلەی زانستییان پڕۆفیسۆرە. پاش گفتوگۆکردنی نامە زانستییەکەی, لیژنەی نێوبراوو بڕیاریدا نامەکە بە پلەی نایاب وەربگیرێت و وەکو خۆی و بەبێ هیچ دەستکاری و تێبینییەك.

شیاووی باسە, ئاسان نییە بۆ کەسێکی بیانی کە لەو ماوە کەمەدا بتوانێت بە زمانێکی بێگانە ئەو پلەیە بەدەستبهێنێت. چونکی لیژنەکە

---

[٣٤] ئامادەکردنی: هێما, مامۆستایەك لە ڕووسیا بە پلەی نایاب ماجستێر وەردەگرێت, (هێما)-گۆڤار, ژمارە (٣), چاپخانەی کەمال, (٢٠١٥/١٢/١٣), ل٣٤-٣٥.

زیاتر جەخت لەسەر توانستی زمانی ڕووسی و ئاستی زانستی خوێندکار دەکەنەوە. نێوبراو پسپۆڕی لە مێژوودا هەیە و هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماجستێرە لە هەمان پسپۆڕیدا. شیاووی باس لێوەکردنە, ئامانج نازم بیجان هەتاوەکو ئێستا (٤) چوار لێکۆڵینەوەی زانستی بە زمانی ڕووسی بڵاوکردۆتەوە, کە (٢) دوو لێکۆڵینەوەیان لە بارەی شۆڕشی ساڵی (١٩١٧) ی زاییننییە لە ڕووسیادا, (٢) دوو لێکۆڵینەوەی تریشی لەمەڕ کێشەی کورد بڵاوکردۆتەوە. هەروەها نێوبراوو بەشداری چەند کۆنفڕانسێکی زانستی و نێودەوڵەتیشی کردووە لە شارە جیاجیاکانی ووڵاتی ڕووسیا, لەو بارەیەشەوە بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە.

ئەمەش کورتەیەکە لە ماجستێرنامەکەی لە ژێر ناونیشانی: شۆڕشی شوباتی ساڵی (١٩١٧)ی زاییننی لە پایتەختی پیترۆگراددا, وەکو بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر, کە پڕۆفیسۆر دکتۆر (ئەلێکسەندەر نیکەلاێڤیچ کورتسێڤ)–پڕۆفیسۆر لە بەشی مێژووی ڕووسیا سەرپەرشتی کردووە.

ئەم ماجستێرنامەیە لە (٨٠) هەشتا لاپەڕە پێکهاتووە, جگە لە پێشەکی, گووتەی کۆتایی–ئەنجام, پەراوێز و ژێدەرەکان, پاشکۆ–دۆکۆمێنت و وێنەکان, لیستی سەرچاوەکان, لێکۆڵینەوەکە لە (٢) دوو بەشی سەرەکی پێکدێت. لە پێشەکیدا باس لەم بابەتانە کراوە, وەکو گرنگی لێکۆڵینەوەکە, بابەت و پڕۆژەی لێکۆڵینەوەکە, ڕووداوە یەك بە دوای یەکەکان, جوگرافیایی لێکۆڵینەوەکە, کتێب و سەرچاوەی مێژوونووسان, ئامانج و مەبەستی لێکۆڵینەوەکە, مێژوونووسان و کارەکانیان کە سوودیان لێبینراوە لە لێکۆڵینەوەکەدا, نرخی

لێکۆڵینەوەکە, بەهای زانستی, دەرئەنجامەکان و کۆڵەکە و پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە.

بەشی یەکەم کە بریتییە لە (٢) دوو تەوەرە, بەم ناونیشانەوە دەستپێدەکات: پێشینە و مەرجەکانی شۆڕش, تەوەرەی یەکەم باس لە ناڕەزایی گشتی دەکات بەرامبەر بە فەرمانڕەوایی پاشایەتی, کە وەکو هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ شۆڕشی شوباتی ساڵی (١٩١٧) ی زایینی, لەم تەوەرەیەدا باس لە شۆڕشی ساڵی (١٩٠٥) ی زایینی کراوە لە ڕووسیادا, لەگەل ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و بارودۆخی ڕووسیا, لە تەوەرەی دووەمیشدا باس لە ڕووداوەکانی ڕۆژی (١٤) ی شوبات کراوە, کە وەکو زەمینەسازی و ئامادەباشی بووە بۆ شۆڕش, لەم تەوەرەشدا باس لە ڕووداوەکانی ساڵی (١٩١٧)ی زایینی کراوە لە ڕووسیادا, بە تایبەتی ڕووداوی ڕۆژی (١٤) ی شوبات, کە ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لەو شۆڕشەدا.

بەشی دووەمیش بەم ناونیشانە دەستپێدەکات: گەشەکردنی شۆڕش, کە دیسانەوە لە (٢) دوو تەوەرە پێکدێت, تەوەرەی یەکەمی باس لە پەرەسەندن و پێشکەوتنی گشتیی بزوتنەوەی یاخیبووان دەکات و وەلاّمدانەوەیان لە لایەن دەسەلاّتەوە, کە تێیدا باس لە ڕۆڵی شۆڕشگێڕان ئەکات, هەروەها مامەڵەی خراپی دەسەلاّت بەرامبەر بە هاولاّتییان و شۆڕشگێڕان. تەوەرەی دووەمیشی باس لە ڕاپەڕینی پێتڕۆگراد و کەوتنی پاشایەتی دەکات, کە ئەویش کۆتایی دەسەلاّتی پادشا (نیکۆلاّی دووەم)ە لەسەر تەختی دەسەلاّتدا.

پاشان لێکۆڵەر دێتە سەر باسی گووتەی کۆتایی–ئەنجام, کە بریتییە لە پوختەی باسەکەی و ئەو ڕووداوە گرنگانەی کە ڕۆڵییان

گێڕاوە لەو شۆڕشەدا. شیاووی باسە, ئەم گووتەی کۆتاییە بۆخۆی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە کە بە سەرپەرشتی سەرپەرشتیاری نێوبراو نووسراوە و نێردراوە بۆ کۆنفڕانسێك کە لە زانکۆی حکومی کورسك بەستراوە, ئێستا ئامادەیە بۆ چاپ و بلاوکردنەوە. پاشان لێکۆڵەر پەراوێز و ژێدەرەکانی تۆمار کردووە, دواتر لە پاشکۆدا کۆمەڵێك وێنە و دۆکۆمێنتی لە شێوەی وێنە بلاوکردۆتەوە, کە ژمارەیان (٢٠) بیست وێنە دەبێت, وێنەکان زیاتر گوزارشت لە بارودۆخی ڕووسیا دەکەن لەو قۆناغە مێژوویییەدا. دواتریش لە لیستی سەرچاوەکاندا لێکۆڵەر ناوی تەواوی ئەو سەرچاوانەی تۆمارکردووە کە لە لێکۆڵینەوەکەیدا سوودی لێبینیوون, ژمارەیان (٦٢) شەست و دوو سەرچاوەیە.

شیاووی باسە, چ لە لیستی پەراوێز و ژێدەرەکاندا و چ لە لیستی سەرچاوەکاندا, ناوی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانە نووسراوە کە نووسەر بلاویان کردۆتەوە. هەروەها تەواوی ئەو سەرچاوانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودی لێوەرگیراوە بە زمانی ڕووسییە, چونکی لێکۆڵینەوەکە بۆخۆی لە بارەی قۆناغێکی مێژوویی وولاتی ڕووسیایە, بۆیە باشترین سەرچاوە بۆ ئەم بابەتە ئەو سەرچاوانەیە کە بە زمانی ڕووسی نووسراون. هەرچەندە لێکۆڵەر زۆر هەوڵیداوە سەرچاوە بە زمانی کوردی و عەرەبی بەکاربهێنێت, بەڵام دیارە جێگەی ڕەزامەندی سەرپەرشتیارەکەی نەبووە. شیاووی باسە, هەر لە پاش بەدەستهێنانی ماجستێرنامەکەی نێوبراوو, لە لایەن ڕاگرایەتی کۆلێجی مێژووەوە داوای لێکراوە کە بگەڕێتەوە بۆ تەواوکردنی خوێندنی دکتۆراکەی.

کوردێك له ڕووسیا به پلەی نایاب
دکتۆرای له بواری کوردناسیدا بەدەستهێنا [٣٥]

ئامانج نازم بیجان یەکێکە لەو خوێندکارانەی کە نزیکەی شەش ساڵە لە وولاتی ڕووسیا سەرقاڵی خوێندنە. ساڵی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣) سەرقاڵی خوێندنی زمانی ڕووسی بووە لە زانکۆی دەوڵەتیی کورسك, کە بە پلەی باڵا توانیوویەتی بڕوانامەی زمانی ڕووسی بەدەستبهێنێت. ساڵی (٢٠١٥) توانی بە سەرکەوتوویی بەرگریی لە نامەی ماستەرەکەی بکات بەناونیشانی: (شۆڕشی شوباتی ساڵی (١٩١٧) لە پایتەختی پیتڕۆگراد)دا, لە زانکۆی دەوڵەتیی کورسك-کۆلێجی میژوو- بەشی میژووی ڕووسیا. پاش گفتوگۆکردنی نامە زانستییەکەی, لیژنەی نێوبراوو بڕیاریدا نامەکە بە پلەی نایاب وەربگیرێت.

دواتر و لە ساڵی (٢٠١٨) لە زانکۆی دەوڵەتیی ڤارۆنێژ-بەشی میژوو بۆ خوێندنی دکتۆرا وەردەگیرێت. پاش سێ ساڵ و لە ڕێککەوتی (٢٠٢١/١٠/١٤) لە زانکۆی نێوبراوو, لە کۆلێجی میژوو-بەشی میژووی نوێی ڕووسیا, ئیستۆریۆگرافیا و دەکۆمێنتناسیی, توانی بەرگریی لە تێزی دکتۆراکەی بکات لە ژێر ناونیشانی: لێکۆڵینەوە لە بارەی کورد

[٣٥] کوردێك له ڕووسیا به پلەی نایاب دکتۆرای له بورای کوردناسیدا بەدەستهێنا, (تاراوگە)-گۆڤار, ژمارە (١٦٨), هۆڵەندا, پۆژی چوارشەممە (٢٠) ی ئۆکتۆبەری (٢٠٢١), ل٨.

(کوردناسی) لە ڕووسیا, لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە هەتاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم), پاش گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لە لایەن ئەندامان و سەرۆکی لێژنەوە, تێزەکە وەکو خۆیی و بە پلەی نایاب وەرگیرا.

تێزەکە بەشێوەیەکی گشتی لە (١٦٨) لاپەڕە پێکدێت, جگە لە پێشەکی, ووشەی کۆتایی (ئەنجام), لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ, تێزەکە دابەشی سێ بەشی سەرەکی کراوە, هەر بەشێکیش چەندین تەوەرەی جیاجیای لێ دەبێتەوە. لە بەشی یەکەمدا توێژەر باسی پەیوەندییە ڕامیارییەکانی ڕووس و کورد دەکات لە سەدەی نۆزدەهەمدا, بەشی دووەمی تەرخان کراوە بۆ پرسی کورد و کوردناسیی لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم. بەشی سێیەمی کە کرۆك و مەبەستی تێزەکەیە, تەرخانکراوە بۆ پرسی کورد و کوردناسیی لە یەکێتیی سۆڤییەت لە سەدەی بیستەمدا, بۆ نموونە کوردناسیی لە لێنینگراد, مۆسکۆ و ئێریڤان.

شیاووی باسە, توێژەر دەیان سەرچاوەی زانستیی بە زمانەکانی ڕووسی, کوردی و عەرەبی تێدا بەکارهێناوە. لە کۆتایی و پاشکۆدا, وێنەی هەندێك لە ڕۆژهەلاتناس و کوردناسان و وێنەی کتێبەکانیان تێدا خراوەتەڕوو. شیاووی باس لێوەکردنە, ئامانج نازم بیجان هەتاوەکو ئێستا چەندین لێکۆڵینەوەی زانستیی لە بواری کوردناسیی و پرسی کورد بە زمانی ڕووسی بلاوکردۆتەوە, هەروەها بەشداری چەندین کۆنفرانسی زانستی و نێودەوڵەتیشی کردووە لە شارە جیاجیاکانی وولاتی ڕووسیای فیدراڵ, لەم بارەیەشەوە چەندین بڕوانامە و خەلاتی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە.

به ناوی هەفتەنامەی تاراوگەوە, گەرمترین پیرۆزبایی لە دکتۆر ئامانج نازم بیجان دەکەین و داوای سەرکەوتنی زیاتر و هیوای تەندروستی باش و تەمەندرێژی بۆ دەکەین, بە ئومێدین لە بەخششە زانستی و ئەکادیمییەکانی بێبەشمان نەکات.

ئایا بووم بە دکتۆر ؟ [٣٦]

ئەم شوێنەی ئێمە تێیدا دەژین, دەمێکە لە سەرەوە بە مەبەست کار لەسەر ناشیرینکردن و بێبەهاکردنی پەروەردە و خوێندن و بڕوانامە دەکرێت. بە بیرم نایەت لە کەیەوە قسەکردن هیچ بەهایەکی نەماوە و جێگەی خۆی ناگرێتەوە. وەکو (جۆرج تەڕابیشی) دەیووت: ئێمە ئەو دەنگانەین لە بیاباندا هاوار دەکەین و کەس نییە گوێمان لێبگرێت. لەم ڕۆژانەدا بڕوانامەی دکتۆراکەمم وەرگرت, ڕاستی کۆمەڵێك پرسیارم بۆ دروست بوو, لە خۆمم دەپرسی: باشە ئێوارەی پێش گفتوگۆی تێزی دکتۆراکەم من مامۆستا بووم, بۆ سبەی پاش نیوەڕۆ و دوای گفتوگۆی تێزەکەم, ئیدی بووم بە دکتۆر ؟ نازانم بۆ لەو ڕۆژەوە هەست بەوە دەکەم ئەم گۆڕانە ڕووکەشییەم پێ پەسەند نییە, خۆزگە دەمزانی بۆچی لەو ڕۆژەوە ویژانم ئازارم دەدات, بە تایبەتی کاتێك گوێم لە دەنگی کەسێك دەبێت بە دکتۆر بانگم دەکات !

دامودەزگا ئەکادیمییەکان هیچ کات نەیانتوانیووە مرۆڤی خوێندەوار و ئازاد و بوێر و هۆشیار و هەقبێژ بەرهەم بهێنن. بڕوانامەیەك فێربوونی زمانێکی نوێ یان بینین و ئاشنابوونی کولتوور و شارستانییەتێکی نوێی بەدوادا نەیەت چی لێبکەم ؟ ماستەر و دکتۆرایەك لە خوێندنەوە دوورت بخاتەوە یاخود بێدەنگت بکات لە ئاست ستەمکارییدا چی لێبکەم ؟ ئەو دەمەی سەرقاڵی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بووم لە دەرەوەی وواڵات, تەنها ئیرەییم بەو کەسانە دەبرد کە خەریکی خوێندنەوە و بیرکردنەوەن, چونکە باش دەمزانی چ زیانێکم کردووە.

---

[٣٦] ئامانج نازم بیجان, ئایا بووم بە دکتۆر ؟ (سایتی زەمەن), ڕێککەوتی (٢٠٢١/١٢/٣٠).

ئاخر خوێندنی زانستیی و بەدەستهێنانی بڕوانامە, مرۆڤ لە بیرکردنەوە دەخات, خوێنەر لە کتێب دوور دەخاتەوە, هزر و دیدگات سنووردار دەکات. لەو ڕۆژەوەی گفتوگۆی تێزەکەم کردووە هەست بە ئازادی بیرکردنەوە دەکەم و لام وایە لە زیندان دەرچووم. پاش ئەو ماوە دوورودرێژە ئێستا ئیدی دەتوانم کتێبەکانم لە ئامێز بگرم و ژیانم لە نێو کتێبخانەکەمدا بەرمە سەر.

ئێوە سەرەنج بدەن سالأنە بە لێشاوو لە ناوەخۆ و دەرەوەی وولأت بڕوانامەی بەرز بەدەستدەهێنرێت, کەسمان زاتی ئەوە ناکەین لە خۆمان بپرسین: بۆچی دەخوێنین ؟ ئێمە چ کارمان بە بڕوانامەیە ؟ ئەم بڕوانامانە چ گۆڕانێکی بەدوای خۆیدا هێناوە ؟ ئایا لەو ئاستەداین ؟ زۆر جار لە هاوڕێ ڕووسەکانم دەپرسی ئێوە هەڵی باشتان بۆ ڕەخساوە و زانکۆی زۆرتان هەیە, بۆچی پاش خوێندنی ماستەر هەوڵی بەدەستهێنانی دکتۆرا نادەن ؟ ئەوان لایان وا بوو ئەوەی دکتۆرا دەخوێنێت, دەبێت ژیانی بۆ خوێندن و پسپۆڕییەکەی خۆی تەرخان بکات, کە ئەمەش ئاسان نییە, بۆیە دەبێت کەسانی تایبەت و دەستەبژێر بن. کێ لەم نیشتیمانەی ئێمە بەو چەشنە هەست بە بەرپرسیارییەتی دەکات ؟

بۆخۆم ئێستاش کە بەرهەم و نووسینەکانی خوالێخۆشبووان: (حەمەی مەلا کەریم) و (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) دەخوێنمەوە, شەرم دامدەگرێت, ئاخر ئەوان هیچ بڕوانامەیەکیان نەبووە. خوالێخۆشبوو (پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد) لە شوێنێکدا دەڵێت: کاکە حەمەی مەلا کەریم کە دەرچووی پێنجی سەرەتایی نییە, هەر لە مزگەوتدا خوێندوویەتی, نایگۆڕمەوە بە دە خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری

مێژوودا. مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەرچووی زانکۆ نییە, بەلام نامەی ماستەری لەبارەوە نووسراوە. بۆخۆم کاتێك کتیبێکی ڕەوانشاد پ.د. کەمال مەزهەر و پ.د. مارف خەزنەدار و پ.د. ئەورەحمانی حاجی مارف تەی دەکەم, ویژدانم ئازارم دەدات کە گوایە ئێمەش بڕوانامەیەکمان هاوشێوەی ئەوان هەیە.

ئێوە سەرنجی ئەو هەموو ماستەر و دکتۆرا و پڕۆفیسۆرانە بدەن, بزانە چییان بەرهەم هێناوە ؟ دەمەوێت بڵێم بڕوانامەیەك نەتوانێت هزر و دیدگا و زمان و هەڵسوکەوتت بگۆڕێت, دکتۆرایەك وات لێنەکات لە بەرانبەر گەندەڵی و خراپەکاری و ستەمدا, دەنگت هەڵبڕیت و قسەت هەبێت, چ لەو بڕوانامەیە بکەم ؟ بە دەیان و سەدان ماستەر و دکتۆرا سالأنە دەبەخشرێت, بەڵام هێشتا مێنتەلێتیی خێڵ کاڵنەبۆتەوە, ئێوە بڕوانن چەند خاوەن بڕوانامەی بەرزمان هەیە, کە پاشگریی ناوی ناوچە و بنەماڵە و خێڵ و عەشرەتی بۆ خۆی هەڵبژاردووە ؟! کاتێکیش بە کاك دکتۆر بانگی یەکتر دەکەن, گەز گەز بالأ دەکەن ! بڕۆن سەرەنجی زانا و بیرمەندە گەورەکانی دونیا بدەن, بزانە کامەیان هەڵپەی بەدەستهێنانی بڕوانامە و زانکۆیان هەبووە ؟

بۆخۆم وەکو هەڵوێستێکی خاکییانە, بە هۆی بێبەهاکردن و ناشیرینکردنی بڕوانامە و دابەزینی ئاستی زانستیی و بۆ ئەوەی خۆم لەم دۆخ و ژینگە نائاساییە بەدوور بگرم, بڕیارم داوە بە هیچ شێوەیەك پێشگری (دکتۆر) بۆ خۆم بەکارنەهێنم. بۆ ئەوەی شکۆ بۆ بڕوانامە بگەڕێتەوە و هەست بە بەرپرسیاری بکەین, وابزانم ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بە کردار بۆ دەوروبەری بسەلمێنین کە ئێمە لە ئاستی ئەو بڕوانامەیەداین.

خوێنەری هێژا، ئەم کومەڵە ووتارانە، ژمارەیان (٣٦) بابەتە، دانەیەکیان لێدوانێکی کورتە بۆ ڕیپۆرتاژ، دانەیەکیشیان کۆرتە ووتارێکە بۆ مانگنامەی (گەرمیانی ئەمڕۆ)، دوو دانەشیان بە هۆی بەدەستهێنانی بروانامەی بەندەوە نامادەکراوە، تەوانی تریش ووتاری هەمەجۆرن، لە کات و شوێن و قۆناغێکی دیاریکراوەدا نووسراوون و بڵاوکراونەتەوە. کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٦)، نوێترینیان هێنی ساڵی (٢٠٢١)ە، کاتی خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە ئیلیکترۆنییەکان بڵاوکراونەتەوە، چەند دانەیەکیشیان زیاتر لە شوێنێک بڵاووبۆتەوە...